ئیسلام
کوردی دواخستییە

لە نووسینی
سەردار فەقێ حەسەن

کۆیە
٢٠١٤

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

ئیسلام
کوردی دوانەخستییە

لەنووسینی

سەردار فەقێ حەسەن

٢٠١٤

ناوی کتێب: ئیسلام کوردی دوانەخستییە
نووسینی : سەردار فەقێ حەسەن
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی دووەم ٢٠١٤
دیزاین : مەریوان گرافیك
چاپ: چاپخانەی شەهاب – هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی
ژمارە سپاردنی (٢٧٤)ساڵی دراوەتێ

پێشەکی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلامُ على خاتم الأنبياء والمرسلين وعلى آله وصحابته الكرام وسلم تسليماً الى يوم الدين.

نازانم و نەم بیستووە ، تا ئەورۆ کەسێ لە نێو گەلی موسڵمانی کورد نووسینێکی لە ژێر ئەم ناونیشانەیە نووسیبێ و بلاّوی کردبێتەوە ، ﴿ ئیسلام کوردی دوا نەختسیە ﴾ من تاکە کەسم هەستاوم ڕاستیەکی بزر لە نێوان هەزاران ڕاستی بزر یا شاردراوە بهێنمەوە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز و پەردەی لەسەر لابدەم و ببێ بە پێشەکی و ڕێخۆشکەرێك بۆ چەندان زاناو دانای موسڵمانی کورد کە چاکتر لەمن و ڕاستر لەمن ڕوونی بکەنەوە.

ئەو قسەو قسەلۆکەی (propaganda – إعلام) کە ئەمرۆ بەجارێ پەرەی سەندیە کە گوایە ئیسلام کوردی دواخستیە لە دەمێکە بلاّو بۆتەوە کە دەگەڕێتەوە سەردەمی داگیرکەرانی عێراق و کوردستان لە لایەن ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٧ ز .

ئاشکرایە داگیرکەرێکی وەك ئینگلیز، بەهێز و توانا و فێڵبازی توانای هەیە کە کاریگەریەکی زۆری هەبێ لەسەر بیرو باوەڕو هەڵسوکەوتی تێکڕای ڕۆڵەکانی گەلی داگیر کراو یا زۆرینەیان و بەفێڵ و فێڵباز خۆی و هێزی زانایی و هێزی لەشکریەوە ڕایانکێشێتە سەر ئەو بیر و باوەڕەی کە خزمەتی بەرژەوندیەکانی خۆی بکا . شتێکی سەیرە هەزاران ساڵە بەدواکەوتینە و لەدواوەی گەلانین، ئەوەد ساڵێکیشە وادەزانین ئاینی ئیسلام دوای خستینە !

ئینگلیزە داگیرکەرەکانی کوردستان ،لەیەکەم ڕۆژانی داگیرکردنیان دەستیان کرد بە دوژمنایەتی ئیسلام بە هەموو ڕێگەیەك لە ڕۆژانی یەکەمیان لە کوردستان ئینجیلە گۆڕدراوەکەیان بەخۆڕایی بلاّوکردەوە .

من وادەزانم ئێمەی کورد دواکەوتووترین گەلانی جیهانین ، چونکە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و هێزداری خۆمان نین لەوەتەی خاکی

کوردستانمان ئاوەدان کردیتەوە بەر لە-هەزاران ساڵ ، ئایا بۆ خاوەنی ئەر دەوڵەتە نین و چ شتێك ڕێگرمان بووە ؟ ئایا ڕاستە ئاینی ئیسلام وەك دوژمنانی ئیسلام هەڵیان خەڵەتاندینە ، هۆکاری نەبوونی ئەو دەوڵەتەیە ؟؟

ئیسلام هێندە ئاینێکی ڕاست و پیرۆزە و بەناوبانگە هەرگیز نەدەبا پێویست بە پێناسە کردن بکا ، بەلاّم ئەگەر باوك و منداڵ پەنجا ساڵێك یا کەمتر لەیەك دابڕان سەرو سۆراغیان لەلای یەك نەما ، هەر کاتێك بەیەك گەیشتنەوە دەبێ خۆیان بەیەکتر بناسێننەوە یا بەیەکتریان بناسینەوە .

ئاینی ئیسلام ڕاستیەکی ڕەهایە (حقیقة مطلقة) چونکە لەلای خوایەکی ئەوتۆ هاتووە بۆمان کە داهێنەری هەموو گەردوونەکان و بوونەوەر و گیانلەبەرە ، کەواتە چۆن دەبێتە هۆکاری دواکەوتن بۆ مرۆڤ لەکاتێکدا کە مرۆڤ لەخۆشەویسترین داهێنراوەکانییەتی و بەدەستی پیرۆزی خۆی لە نەبوو دروستی کردووە ، مادام خۆشەویسترین دروست کراوی دەستی خۆی بێ هەڵبەت دەبێ چاکترین و ڕاسترین و پیرۆزترین بەرنامەی بۆ بنێرێ کە هەمیشە مایەی سەرچاوەی سەرفیرازی و پێشکەوتنەکانی بێ هەتا هەتایە .

لەبارەی ڕێزلێنانی لە مرۆڤ دەفەرموێ: ﴿ ولَقَد كرمنا بَني آدم و حملناهُم في البَرِّ والبَحرِ ورزقناهم من الطَّيبات وفضَلناهُم على كثير ممن خلقنا تفضيلاً ﴾ ﴿ الأسراء (٧٠) ﴾ یا دەفەرموێ: ﴿ لقد خلقنا الأنسان في أحسنِ تقويم ﴾. کورتە مانای هەردوو ئایەتەکە وادەبەخشێ کە مرۆڤ بەتێکڕاو بە تایبەتی خۆشەویسترین دروستکراوی خوای گەورەیە.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ گەورەترین خۆشەویستی خۆیەتی ، دەبینین لەبەرنامە پیرۆزەکەی هەموو هۆکارەکانی پێشکەوتن و سەرکەوتن و هێزی پێ بەخشیوە وەك

(علم) زانایی لەیەکەم چرکەی گیـان وەبـەرهێنانی زانـایی فێرکـرد کـە سـەرو سەرچاوەی هەموو پێشکەوتنەکانە لەسەر ئەرز وە دەفەرموێ (وَعلَّـمَ آدَمَ الأسمـاءَ كلَّها) البقرة (خلقَ الأنسانَ عَلَّمَهُ البيان) (الرحمن ٣،٤) يرفـعُ اللهُ الـذين آمنـوا منكم والذين أوتوا العلمَ درجات) (المجادلة ١١) .

هەروەها عزەتی (عزَّە) پێ بەخشی کـە ئـەویش یـەك لـە سـیفەتە پیرۆزەکـان و گەورەکانی خۆیەتی بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیانی سەرشۆڕی و نۆکەری و بەندایـەتی بۆ غەیری خوا لە کەس قبولّ نەکا ، خوای گەورە خۆی (عزیز)ە هەمیـشە سـەر شۆڕی دەسەلاّتی بۆ گـەورەترین و خۆشەویـسترین دروسـتکراوی خـۆی نـاوێ کـە مرۆڤە ، مانای (عزیز) دەستەوەستان بەرامبەر هیچ شتێ ناوەسـتێ و هـیچ شـتێ پێی ناوێرێ و بەهەموو شتێ دەوێرێ. خوای گـەورە خـۆی (قـويُّ عزيـز)ە ، واتـا بەهێزیشە هێزەکەی لەبیرو بۆچوونی کەس دا نییە ، کەواتە هەمیشە بەهێزی بـۆ موسڵمانان دەوێ هەروەك عزەتی(عزَّە) بۆ ویست (ولله العزَّةُ ولرسولِه وللمؤمـنين ولكنَّ المنـافقين لايعلمـونَ) (المنـافقون ٨) وە لـە بـارەی هێـز بـۆ موسـوڵمانان دەفەرموێ (وَأعِدُّوا لهم ما آستطعتم من قوَّة ومن رِباط الخَيل تَرهبونَ به عدوَّ اللهِ وعَدوَّكم وآخرين من دونهم لاتعلمونهمُ الله يَعلَمُهُم....) الأنفال. هـەروەها داواشـی لێکرد کە هەمیشە ئامادەبێ بەرەنگاری دوژمـنانی بێتەوەو لەبـەریان دانـەینی و نەبەزی لەو بارەیەوە دەفەرموێ : (وقـاتلوا في سـبيل اللهِ الّـذينَ يُقـاتلونكم ولا تعتدوا إنَّ الله لا يُحبُّ المعتدينَ). (البقرة ١٩٠).

ئەوەی پێشتر کورترین پێناسەی ئیسلامە بۆ ئەو موسڵمانە کوردانـە کـە تـا ئێستا شتێك لە بارەی ئاینی ئیسلامی پیرۆز نازانن، شایانی باسە پێناسـەکردنی تەواو بەچەندان کتێبی گەورە تەواو نـابێ و لـەتوانای یـەك زانـای موسـوڵمان و دەیان و سەدان زانا دانییە کە بە پێناسەی تەواو هەستن .

بەسە با چیدی گاڵتە بە خۆمان نەکەین:-

گەورەترین هۆکاری دامەزراندن و دروست کردنی دەوڵـەت ، گـەل خۆیـەتی، لەهەرکوێ یا لەهەر کاتێ گەل هەبوو دەبێ دەوڵەتیش دروست بـێ ، بەمـەرجێ ئەو گەلە خۆی بیەوێ ببێ بـە دەوڵـەت و سـووربێ لەسـەر دامەزرانـدنی ، گـەل کەخۆی ویستی ببێ بە دەوڵەت هیچ زل هێزێك نییە لە جیهان رێگـەی لێ بگـرێ وەك هەموو گەلانی سەر زەوی لەوەتی خـوای گـەورە خـەڵقی کردینـە، وەئەگـەر گەلیش خۆی ویستی لەسەر دروستکردنی دەوڵەت نەبێ دیسانەوە هیچ زل هێزێك نیە بتوانی بیکا بە دەوڵەت ، چونکە رێوی بەکەس نابێتە شێر، بێگومان ویستی گەلان لەسەر دروستکردنی دەوڵەت سیفەتێکی سروشتیە وەختە بڵـێم نـان و ئـاو چەند بەلایانەوە پێویستە دامەزراندنی دەوڵەتیش هێندە بەلایەنەوە پێویستە لـەو رووەوە تەنها گەلی کورد لە ریز پەڕیوە (شاژ) ڕاستە کە دەڵێن هەموو بنەماو بنچینەیەك ڕیزپەڕیوێکی هەیە، لەو بنچینەو بنەمایە لەڕیزپـەڕیوە کـە ئێمـەی کوردین ئەگەرچی لەکۆنترین گەلانی سەرزەوین ، بەڵام (وەك دەبینین) تا ئێـستا نەك دەوڵەتێکی سەربەخۆمان نییە بەڵکو دەوڵەتۆکەشمان نیە.

هەموو هۆکارەکانی دروست کردنی دەوڵەت لەئاستی بوونی گـەل و ویـستی گەل لەسەر دروست کردنی دەوڵەت وەك تنۆکێ ئاوە لە دەریایێ وە لە دواتر بـۆت روون دەبێتەوە ، تاوان و کەم و کوڕی خۆمان بەمل کەسـانێکی دیکـە دابـدەین و جارێك بڵێین ئاینی ئیسلامی پیرۆز هۆی دواکەوتنمانە کـە بێگومـان سەرچاوەی هـەموو پێـشکەوتنەکانە لـە ژیـانی مـرۆڤ ، جـارێکی دیکـە بڵـێین گـەلانی دەوروبەرمان لێنەگەڕایین ببین بە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، خوێنەری بەڕێز بۆ بەدرۆخستنەوەی ئـەو درۆ و بۆچـوونانە بەهێواشـی و بەئارامـەوە شـۆڕبەوە نێـو

لاپەڕەکانی ئەو کتێبۆکەیە ، خوا دەزانی لە سوپاسیش بەولاوە هیچ شتێکم نییە پێشکەشت بکەم .

خوێنەری بەڕێز ئایا دەزانی بۆ هێندە بە پەرۆشم بۆ دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ کە هەر لەسەرەتای مێژووەوە دەست بەرداری بووینە و نەمان توانیوە دەستما پێی ڕابگا ، چونکە دەوڵەتی هێزدارو سەربەخۆ دوای ئیمان بە ئیسلام سەری هەموو پێشکەوتنەکانە بەداخەوە ئێمە لێی بێ بەشین و تاکو ئەمرۆش بە وردی و بەڕاستی لە هۆکارەکانی نەبوونمان بە دەوڵەت نەکۆڵیتەوە وەك پێویستە، ئەو نیعمەت و پایەو پلە و سەربەرزیەی کە گەل دەستی دەکەوێ لەپەنا قەلا بەرزەکانی دەوڵەت لەپەنا هیچ شتێکی دیکە دەستی ناکەوێ، ئەوەتا پێغەمبەری مەزن و خۆشەویستمان لەیەکەم ڕۆژی گەیشتنی بەشاری مەدینەی پیرۆز یەکەم بەردی بناغەی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ موسڵمانان دامەزراند ، چونکە دەی زانی کە دەوڵەتێکی ئیسلامی مایەی عیززەت و سەربەرزیە بۆ موسڵمانان ، وە فێری کردین کە ئێمەش لەسەر ڕێ و شوێنی ئەو بڕۆین و دامەزراندنی دەوڵەت هەرگیز فەراموش نەکەین ، چونکە بەبێ بوونی دەوڵەتمان ناگەین بەهیچ ئاواتێك و دەوڵەتێك لە نیعمەتە هەرەگەورەکانی خوای گەورە بۆ گەلانی موسڵمان و ناکرێ بەهیچ جۆر فەراموش بکرێ ، چونکە بەبێی ئەو دین و دونیامان لەکیس دەچێ بەمسۆگەری و دامەزراندنی دەوڵەت لە ئسولە هەرە گەورەییەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزە، کەچی ئێمە کردوومانە بەسەلکی کافری و لە هەموو کات و سات بەرد بارانی دەکەین بەو چەشنە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆمان پتر لە دامەزراندنی دورر دەخەینەوە ، زۆر بەداخەوە تاکو ئەورۆ نازانین بەرژەوەندیمان لە چ دایە تا دەست بەو شتەوە بگرین و بەدڵ و بەگیان و بەسامان بیپارێزین ، دە خوێنەری بەڕێز بۆم شۆڕبەوە نێو لاپەڕەکانی ئەو کتێبۆکەیەو (وەك پێشتر گوتم) بزانە ڕاستی لە کوێوەیە ؟ دیسانەوە زۆر سوپاس.

ئایا صدام حسێن لە پەنا ئیسلام فێری لێکردین؟

لە وەڵاما دەڵێین نەخێر ، چونکە کەس نییە لە دونیا نەزانی نە صدام و نەحیزبەکەی فریان بەسەر ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە نەبوو، وەهەمووومان دەزانین دامەزرێنەری حیزبی بەعس لەلایەن کابرایەکی سوری دایك جولەکەی باوك دیان (نصراني) لەساڵی (١٩٤٧) دامەزرا کە ناوی ئەو دامەزرێنەرە (میتشیل عفلق) بەناوی (حزب البعث العربي الأشتراكي) بە پارتی ژیانەوەی عەرەبی سۆسیالیست) لە ژێر دروشمی (أمه عربيه واحده ژات رساله خالده) (ئێمەی عەرەب یەك نەتەوەین خاوەنی یەك پەیامین)، وە هەموو دونیا دەزانی کە ئایدیۆلۆجیەتیان و بیرو باوەڕیان لەسەر توندو تیژی و کوشتن و بڕین هەڵێنراوە ، زۆر بەئاشکراو بەبێ شەرمانە دەیانگوت حزبُ البعث: (حزبُ دعائمهُ الجماجم والدَمُ .... تتهدَّم الدَّنيا ولا يَتهدَّمُ) حزبی ئێمە حیزبێکە کۆڵەگەکانی لەکەللەسەر و خوێن هەڵێنراوە جا کەواتە دونیا دەڕمێ بەڵام ئێمە نارمێین و ناڕوخێین) کەنگێ ئەوە دروشمی ئیسلام بووە؟ ئەم دێرە شیعرە لە کتێبی (العراق دوله المنقمه السريه) لەنووسینی (حسين علوان).

بەکورتی حیزبی بەعس لەسەرەتای دامەزراندنی لە عێراق تا ڕۆژی نەمانی صدام حسین لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی لە (٩/٤/ ٢٠٠٣) پیشەی کوشتن و بڕین بووە جگە لەهەندێش لە هیچ هەڵس و کەوتێکیان، لەهیچ کارو کردەوەیەکیان، لەهیچ پرۆژەیەکی ئابوری و عەسکەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلام تێکیان نەکردیتەوە. هەمیشە پڕ بەدەنگیان هاواریان دەکردو دەیانگوت: (الوحدة والحرية والاشتراكية) یەکگرتنەوەی عەرب لەژێر ئاڵاو ئایدیۆلۆجیەتی بەعس ئازادی ، بەڕەڵایی جنسی، سۆسیالیستی مارکسی. ئیتر ئەوە هەرە دروشمی گەورەیان بوو ، هەموو هەوڵ و تەقەلایان بۆ وەدیهێنانی ناوەرۆکی ئەو سێ وشە بۆگەنەیە بوو، تەنانەت هەموو جارێکیش کە هێرشی دڕندانەی خۆیان بۆ سەر کوردستان دەهێناو ناوی هێرشەکانیان بەناوی ئیسلامی ناو دەبرد وەك (العمليات الانفال) یا (عمليات توكلنا على الله) بۆ تێکدان و ناوبەدکردنی ئاینی ئیسلامی پیرۆز بوو ، شایانی وەبیر هێنانەوەیە بەعسی فاشی

لەو دوو هێرشە سوپایە کە دوا پلەی دڕندایەتی خۆی تێدا بەکارهێنا هەروەها لەڕێگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ساڵی (١٩٨٨) توانی گەلی کورد نیمچە قەلاچۆیەك بکا .

لە ڕاستیدا کافرو دڕەندەی وەك حیزب و حکومەتی بەعس کەم هەبووە لە جیهان و لە مێژوو ، لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنان و مونافیقانی ئیسلام لەناو گەلەکەمان بەموسوڵمانیان لەقەڵەم دەدەن تا خۆیان و خەڵکی ساویلکەو نەزانیان پێ لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵگەڕێننەوە، ئەگەرنا هەمومان دەزانین کە بەعس و حکومەتی بەعس نێوان ئەرزو ئاسمان لەو ئایینە پیرۆزە دوور بوون .
ئاینی ئیسلام هەرگیزا و هەرگیز ڕێگە بەهیچ موسوڵمانێك نادا کە شانە مێروولەیەك بەبێ هۆی شەرعی و بەهەوەس تێکدا ، هەرگیزا و هەرگیز ڕێگە بە هیچ موسوڵمانێك نادا گیان لەبەرێك بەهەواو هەوەس بکوژێ ئەوەتا پێغەمبەری خۆشەویستمان (علیه الصلاة والسلام) دەفەرموێ (لَعن الله مَن آتَّخذ شیئاً فیه روح غرضاً) مانای: نەفرەت لەکەسێ دا کە هەربەهەوەس نیشانە لە شتێ دابگری کە گیانی تێدا، وەك ئەوە نیشانە بەچەك لەچۆلەکەیەك دابگری و بیکوژێ بۆ ئەوەی بزانی دەستی ڕاستە یان نا !!

ئەی گەر خوای گەورە ، لەسەر زمانی پێغەمبەری ڕاستگۆمان لەعنەت لەکەسێ بکا لەسەر گوناهێکی ئەوها بچووك ئەی دەبێ چ حوکم و بڕیارێکی هەبێ لەبەرامبەر صدام حوسێنێك کە بەسەدان و هەزار موسوڵمانی کوردی شەهید کردیە هەر لەسەر ئەوەی کە بەزمانی کوردی خوا خەڵقی کردیە، دەبێ چ حوکمێکی هەبێ بەرامبەر صەدامێك کەلەماوەی چەند حەفتە زیاتر لە سەدو هەشتا هەزار موسوڵمانی کوردی شەهید کردینە کە بەدەیان هەزاریان ژن و منالٚ و پەککەوتەبوون؟

هەموو موسوڵمانێك دەبێ زۆر چاك بزانی کە ئاینی ئیسلامی پیرۆز هەرگیز بەرپرسیار نییە لەبەرامبەر تاوان و گوناحی هیچ کەسێك کە پێناسەی لەسەر ئیسلامە واتە هەر بەپێناسە موسوڵمانە، دەبێ زۆر چاك بزانین کە ئیسلام شتێکەو موسوڵمانان شتێکی ترن کە مادام لایان دابێ و لادانەکەش لەهەموو کەس ئاشکرابێ.

مرۆڤ کەی دەبێ بەرنامەی ژیانی تاوانبارکا؟

مرۆڤ کاتێ دەتوانی بەرنامەی ژیانی تاوانبار بکا واتا: ئەو بەرنامەی کە کردوویەتی بە ڕێبازی ژیانی ، ئەو بەرنامەیە چی چاکی فێرنەکا لەسەر هەڵەو تاوان و ناپیاوەتی و نامرۆڤایەتی پەروەردەی بکا ، بێگومان لەو حاڵەتەش ناتوانی تاوانباری بکاو دەستی لێ هەڵبگرێ تا بەهەڵەکانی نەزانێ و تۆبە نەکا لە پەیڕەوکردنی و بە تەواوی پەشیمان نەبێتەوە ، بۆ نموونە: مرۆڤێکی مارکسی کە مارکسیەتی کردە بەرنامەی ژیانی و کاری پێکرد لەدواتر زانی کە مارکسیەت مرۆڤ بەرەو ئیلحاد دەبا کەبەرو ئیلحادیشی برد ئیتر دەرگای هەموو تاوانەکانی دونیا لەخۆی دەکاتەوە و لەنێویان نقوم دەبێ ئەوجا با یەکسەر ببێ بەدوژمنی و لێی هەڵگەڕێتەوە و ئەو کەسانەشی لێ هەڵگەڕێنێتەوە کە ئەو فریوی داین و کردینی بە مارکسی ، یاخود کە بوو بە دیموکراتی و دیموکراتیەتی کردە ڕێبازی ژیانی و دواتر زانی کە دیموکراتیەت تەنها یەك مانای هەیە و یەك تاکەشت فێری مرۆڤ دەکا، کە ئەویش جڵەو بەرەڵاکردنە بۆ هەواو هەوسی مرۆڤ و چیتر نا ، وەتەنها یەك شت لە مرۆڤ قەدەغە دەکا کە ئەویش هەڵگەڕانەوەیە لە دژی حکومەت و دەسەڵاتی ، ئەوسا پێویستە لەسەری کە بەزووترین کات لێی دوور کەوتەوەو دژایەتی بکا، بەڵام چۆن دەبێ ئێمە لە ئاینی پاك و پیرۆزی ئیسلام هەڵگەڕێینەوە لەکاتێکدا هەموو جیهان لەڕابردوو ئێستاو داهاتوو دەزانێ هەر لەبچووکترین چاکە تا دەگاتە گەورەترین چاکە ڕوونی کردیتەوە و داوامان لێدەکا بەپێی توانامان ئەنجامیان بدەین ، هەروەها لە بچووکترین خراپە و تاوان و گوناح و هەڵە بۆی بەیان کردینەوەو بەتوندی نەهیمان لێ دەکا کە نزیکیان نەکەوینەوە وە هەرکاتێ ڕووبەڕووی تاوانێکیش بووینەوە یا هەڵەیەك یەکسەر لێی بگەڕێینەوەو تۆبەی لێبکەین، تا نەچین نێو بەندیخانە تۆقێنەرەکەی خوای گەورە

که ئاگری دۆزەخە، ئیتر بۆ دەبێ لە پەنا موسوڵمانان مونافیق و دوو ڕوو، سێ ڕوو ، تەنها بە پێناسە موسوڵمان ئەو ئاینی وا بەڕێز و ڕاست و پیرۆز و چۆن لەگەڵ سروشت و فیترەتی مرۆڤ تاوانبار بکرێ؟ جوت دەبێ خۆی بکا بەشەمشەمە کوێرەو حەز بە کوژاندنەوەو ئاوا بوونی خۆر بکا، ئەو چییە؟ ئەو چاوی نابینێ؟ زۆرمان بیستووەو دیوە فلاّن سەرکردە یەکجار نیشتمان پەروەرو گەل پەروەر بووە دواتر بوویتە بۆگەنیترین خائین، ئایا جوانە ئەوانەی کە حەز بە نیشتمان پەروەری و گەل پەروەری دەکەن لەڕقی ئەو خائینە گەل پەروەر و نیشتمان پەروەری بەلەعنەت کەن؟ ئایا ڕێبازێکی پیرۆز لەڕقی بێ ئەمەك و بێ وەفایەك دەبێ بەلەعنەت بکرێ یا پێشێل بکری؟ بێگومان نەخێر. ئاینی ئیسلامی پیرۆز خیانەت و خۆفرۆشی حەرام کردیە و بەتوندی نەهی لێکردیەو دۆزەخێکی ئەبەدی (الله اعلم) بۆ خائینان دانایە ئەگەر لەسەر خیانەتەکەیان مردن و تۆبەیان نەکرد، لێرەدا پرسیار دەکەین: ئایا ئەگەر موسوڵمانێك خیانەتی کرد ڕەوایە بۆ هیچ کەس ئاینەکە تاوانبار بکا ؟ لەکاتێکدا زانی کە حوکمی ئیسلام لە کیتاب و سوننەت بەرامبەر خائینان چیە؟ تاوانبار کردنی لەو شێوەیە وەك تاوانبار کردنی باوکی یا برای بکوژە (قاتل) لەدادگا لەلایەن حاکمی جینایات ، ئەو کاتە ئەو جۆرە حاکمە بە حاکمێکی قەرەقووشی ناودەبرێ ، ئەو قەرەقوشەی کە لەڕۆژگاری ڕابردوو یەکجار بەناوبانگ بووە بەنەزان و ستەم کارو زۆردار.

ئیسلام ڕەهبەرو مامۆستای هەموو گەلانە هەتا هەتایە

وەنەبیٚ ئەو چەند ئایەتە پیرۆزەی کە بەهانام هاتن بەڵگە بن لەسەر پیرۆزی و ڕاستیەکی ڕەهایی (حقیقة مطلقة) کە هەمیشە لە خزمەتی گەلانی سەر ئەرزە لەوڕۆژەوەی کەدابەزیوەتە سەری (بە ئیزنی خوای گەورە بەویستی ئەو) تا ئەو ڕۆژەی کە ئەرز دەگۆڕیٚ بەئەرزێکی تر، بەڵام گەلان یاخود مرۆڤ کە خۆیان پێی ڕازی نەبن و خۆیان پێشوازی لێنەکەن و پەیڕەوی نەکەن و تێی نەگەن ئیتر ئەو چ تاوانێکی هەیە ؟

ئاینی ئیسلامی پیرۆز نەك گەلەکەمانی دوا نەخستووە ، بەڵکو ئێمەی موسوڵمانی کورد هەتا هەتایە بەسەرو ماڵ قەرزاری ئەو ئاینە پیرۆزەین، چونکە بەر لەهاتنی ئەو ئاینە پیرۆزە ئێمە خاوەنی هیچ جۆرە شارستانیەك نەبووینە وەك یۆنانەکان و ڕۆمەکان و چینیەکان و فارسەکان و میسریەکان و باقی گەلانی خاوەن ئیمپراتۆریەت و ژیاری وشارستانی ، بەدرێژایی مێژوو غەرقی نێو دەریای جەهالەت و دواکەوتن و کەس نەناسی بووین ، بەش بەحاڵی خۆم تەحەددای هەموو کورد دەکەم ئەمرۆ کە ژمارەکەی بەدەیان ملیۆنە بتوانن ناوی دە شاعیر و دە نووسەر و دە سەرکردە و دە زانای کوردم بۆ بژمێرن کە بەر لە ئیسلام ئێمە خاوەنیان بووبین و ڕۆڵەی گەلەکەمان بووبن ، بەڵام لەدوای ئیسلام سوپاس و ستایش بۆ خوا بووین بەخاوەن سەدان بەڵکو هەزاران زانای بەناوبانگ و نووسەر و شاعیر و ئەدیب و سەرکردەی مەزنی وەك ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و سالم و کوردی و نالی و مەلای جەزیری و شەرەفخانی بەدلیسی و شێخ عبیدالله ی نهری و شێخ سەعید و قازی محمد و شێخ مەحمود و مەلا مستەفا بارزانی .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەو ئاینە پیرۆزەیە کە ئێمەی موسوڵمانی ڕزگار کرد لە ئاگر پەرستی و ژێردەستەیی بێزەنتیەکان لە باکوری کوردستان (تورکیای ئێستا) وە لەبەردەستی ساسانەکان لە ڕۆژهەڵات کە لە(ئێرانی) ئێستا بوون، وەك باقی گەلانی موسڵمان ئێمەی ڕزگار کرد لەتاریکی و کوفرو ئاگر پەرستی بۆ ڕووناکی و ڕێگەی سەر فیرازی و ئازادی و سەربەستی کە بێ گومان ئەو حالەتە یەکێکە لە حالەتە هەرە گەورەکانی ئیسلام (اللهُ وليُّ الذين آمنوا يُخرجُهم من الظّلماتِ الى النور، والذين كفروا أولياءهُم الطاغوت يُخرجونهم من النور الى الظلمات أولئك أصحابُ النار هم فيها خالدون) البقرة ٢٥٧.

ئایا چ شتێك لەسەر ئەو ئەرزە گەورە ترو پیرۆز ترو ڕاسترە لە ئیسلامێك کە مرۆڤ لە ئاگر پەرستی ڕزگار کا ، ئەو ئاگرەی کە خۆی دایدەگیرسێنی هەرکاتێ پیویستی پێی هەبێ ، هەر خۆی دەیکوژێنێتەوە هەر کاتێ پیویستی پێی نەما، ئەو ئاگرەی کە هەزار ساڵ مرۆڤ بیپەرستی ناتوانی بەزەرە سوودی پێ بگەیەنێ ، بەڵکو هەندێ جار گەر لێی غافڵ بوو یاخود بە هەڵە دایگیرساند تەرو وشکی لێ دەسوتێنی و بەڵکو خۆیشی لەناو دەبات، یاخود بوتێك کەبەدەستی خۆی دروستی دەکا و هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێ مێشێك لەخۆی دەرکا چ جای ئەوەی بتوانی ئاواتەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکا، وە هەرکاتێ ئەگەر سەگێك میزی پێداکا ناتوانی لەخۆی دەرکا ، بەڵێ هیچ شتێك نییەو نابێ لەسەر ئەو ئەرزە لە ئیسلام ڕاسترو پیرۆز ترو جوانترو پێویستر ،چونکە بەڕاستی ڕزگارکەری مرۆڤە لە هەموو تاوان و نەزانینەکان و گوناه و هەڵەکانی ژیان، هۆی هەرە گەورەو ڕزگارکەری مرۆڤە لەدونیاو قیامەت ، لەدونیا ڕزگاری دەکا لە پەرستنی بوت و سەنەم و هەر مەخلوقێکی تر بۆ پەرستنی خوای گەورە ئەو خوایەی کەبەتەنها شایەنی پەرستنە لەبەر ئەوەی خالیقی هەموو ئەرز و ئاسمانەکان و بوونەوەرو گیانلەبەرو مرۆڤە لە نەبوو، ئاینێك ئەوە سروشت وسیفەتی بێ چۆن دەبێتە هۆکاری

دواکەوتن، نەخێر مرۆڤ خۆی هۆکاری دواکەوتنی خۆیەتی بەهەموو کێش و بەرد و تەرازوێك.

ئاینی ئیسلام سەرچاوەی هەر هەموو پێشکەوتنەکانە تا دونیا دەبڕێتەوە ، دەریایەکە ئاوەکەی ڕۆنترین و خاوێنترین ئاوی سەر ئەرزە هەرگیز قوڕاو نابێ و ناشەقێ و هیچ جۆرە میکرۆب و ڤایرۆسێکی دواکەوتن بەخۆی ناگرێ و سەرچاوەی بێ بڕانەوەی هەر هەموو هۆکارەکانی پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی زانیاری و زانستەکانە ، هەرگیز نابێتە تابیع و بەشێك لە هیچ شتێ بەلکو هەرچی لەسەر ئەو زەویە هەیە بەشێکە لەئەو و هەموو پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤ و گەلان بەتەواوی دابین دەکا بەزیادەوە، هەرچەند مرۆڤ بەرەو پێشەوە بڕوا هەرگیز ناتوانی پێشی لێ بگرێ و پێشی بکەوێتەوە، وەهەرچەندە بەرز بێتەوە هەرگیز ناتوانی بگاتە دەیەکی بەرزایی ئیسلام ، مرۆڤ ڕووناکی تەنها لەو ئاینە پیرۆزە دەست دەکەوێ و شتێك نیە و نابێ و نەبووە جێی بگرێتەوە، تاکە بەرنامەیە کە هەموو دونیای لەباوەش گرتیە ، بەلاّم شتێك نییە ئەو لە باوەش بگرێ لەسەر ئەو ئەرزە هەتا ڕۆژی دوایی .

سەرەڕای ئەوانەش هەموو هۆکاری هەرەگەورەی بەختەوەری و سەرفیرازی مرۆڤ لە ڕۆژی دوایی تەنانەت ئەو بەختەوەریەی کە لەدونیا پێی دەبەخشێ ناگاتە زەڕەیەك لەو بەختەوەریەی کە لە ڕۆژی دوایی (بەئیزنی خوای گەورە) پێی دەبەخشێ ، وەك خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێ (.... وَنَزَّلنا عَلَيْكَ الكتابَ تبياناً لِكُلِّ شيءٍ وهدىً وَرَحْمَةً وَبُشرى للمُؤمنينَ) النحل ٨٩ . (ما كان حديثاً يُفترى ولكنْ تَصديقَ الّذي بينَ يَدَيهِ وَتَفْصيلَ كلِّ شيءٍ وهُدىً ورحمةً لِقومٍ يؤمنون) يوسف ١١١.

قورئانی پیرۆز کە بناغەی ئاینی ئیسلامە وەنەبێ ئایەتێك یا چەند ئایەتێکی بەلگەبن لەسەر پێشکەوتنخوازی و ڕاستی ئەو ئایەتە پیرۆزە، وەنەبێ ئایەتێك یا چەند ئایەتێکی دژی ژێر دەستی و جەهل و دواکەوتن و چەوساندنەوەو بەندایەتی بەندە بۆ بەندەبێ بەڵکو هەرلەیەکەم پیتی تا دوا پیتی، هەرلەیەکەم وشەی تا دوا ووشەی هەر لەیەکەم ئایەتی تا دوا ئایەتی هەر هەمووی موعجیزەیەو بناغەی بەردی زانیاری و زانست و پێشکەوتن و بەختەوەری و سەربەخۆی و گەلانی موسڵمانە، حەدیسە ڕاستەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمانیش چیان لە قورئانی پیرۆز کەمتر نیە، چونکە پێغەمبەری خۆشەویستمان بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە ئەو فەرمودانەی فەرموە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (والنَّجمِ اذا هوى، ماضَلَّ صاحُبكم وما غوى، وما يُنطقُ عن الهوى إن هو إلاّ وحيٌ يوحى) النجم.

که مادام خوای گەورە شاهیدی بۆ بداو ئاگادارمان کاتەوە کە ئەوەی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) فەرموویەتی هەموو بەئیزنی خواو لەسەر ویستی خوای گەورە فەرموویەتی نەك لەخۆوە؟ وە دەفەرموێ: (هو الذي بعثَ في الأميين رسولاً منهم يتلوا عليهم آياته ويُزَكّيهم ويعلمهمُ الكتاب والحكمة وإن كانوا من قبلُ لفي ضلال مبين) الجمعة ٢. شاهیدی خوای گەورە لەو ئایەتە ڕون و ئاشکرایە.

دیارە دەبێ گەورەترین سەرچاوەی ئاینی ئیسلامی پیرۆز بێ لەدوای قورئانی پیرۆز یاخود بارتەقای قورئانی پیرۆز بێ ، چونکە بەسەدان ئەحکام و ئەمرو نەهی لە قورئانی پیرۆز باس نەکرایە پێغەمبەری خۆشەویستمان (عليه الصلاة والسلام) بەحەدیسە ڕاستەکانی هەمووی دیاری کردیەو ڕۆن کردیتەوە.

کە ئیسلام خودی خۆی شاهیدە لەسەر پاکی و ڕاستی بەرامبەر کورد، مێژوو و واقیعش شاهیدن لەسەر ئەو پاکی و ڕاستی یە.

زانیمان و پێویستیشە بزانین کە ئیسلام ڕاست و پاك و پیرۆزە لەبەرامبەر گەلی موسڵمانی کوردو هەموو گەلانی موسڵمان، چونکە تاکە بەرنامەیە کە ڕاستیەکی ڕەهایە ، لەلای خوای گەورە هاتووە، وە تاکە بەرنامەیە کە پێمان دەفەرموێ : ئەمر بە معروف (چاکە) بکەن نەهی لە خراپە (منکر) بکەن (کنتم خيرَ أمة أُخرِجتْ للناس تأمرون بالمعروف وتَنهَونَ عَنِ المنكرِ...) ال عمران (معروف مانای هەموو کارو کردەوەیەك و گوتەیەکی چاك کە فیترەت و سروشتی مرۆڤ بەبێ چەند و چوون بەچاکی دەزانی بابەدەمیش ئینکاری بکا)، چونکە تاکە بەرنامەیە داوای یەکگرتن و تەبایی و برایەتی دەکا (ولا تکونوا کالذین تفرقوا واختلفوا من بعدما جاوهم البينات) ئێل عمران ١٠٥ ،چونکە تاکە بەرنامەیە خیانەتی بەهەموو شێوەکان حەرام کردیة (إنَ الله لايُحب مَنْ كانَ خواناً أثيماً) النساء (١٠٧) (إنَّ الله لايهدي كيد الخائنين) يوسف (٥٢) (ولاتكن للخائنين خصيماً) النساء (١٠٥).

وە تاکە بەرنامەیە داوامان لێ دەکا کەبەدوای هەواو هەوەسی خۆمان و هیچ کەس نەکەوین ،چونکە سەرچاوەی هەر هەموو بەلاو موسیبەتەکانی دونیایە: (وَمَنْ أضلُّ ممن آتبع هواهُ بغير هدى مِنَ اللهِ إنَ اللّه لايهدي القوم الظالمين) القصص(٥٠) ،چونکە تاکە بەرنامەیە کە دڵی مرۆڤ ڕووناك دەکاتەوە و لەعەیب وعار پاکی دەکاتەوە ، کە مرۆڤیش ئەوە بەرنامەی بوو هەرگیز ڕیسوانابێ و شکست ناهێنی (سيهديهم ويصلح بالهم) .

چونکە تاکە بەرنامەیە فێربوونی زانست لەسەر مرۆڤ فەرز دەکا و دەفەرموێ (يرفعُ الله الذين امنوا والذين اوتوا العلمَ درجات) (اقراً بأسم ربك الذي خلق).

یەکەمین بەرنامەیە کەلـە دوای ئیمـان ، کـردەوە چـاکەکانی لەســەر مـرۆڤ فەرز کردیە (والعصر إن الأنسان لفي خُسرٍ إلاّ الـذين آمنـوا وعملـوا الـصالحات وتواصوا بالحق وتواصـوا بالـصبر) ، چـونکە یەکـەمین بەرنامەیـە کـە هـەموو نەخۆشیەکانی دەروونی چارە دەکاو هـەموو غـەم و پەژارەیـەك دەرەوێنێتـەوە (ألا بذكرالله تَطمئن القلوب) الرعد ٢٨ ، (يا أيها الناس قد جاءَكم موعظةٌ من ربكـم وشفاء لما في الصدور وهدىً ورحمة للمؤمنين) يونس٥٧.

دەبا ئەوجا بگەڕێینەوە سەر ئەو بەڵگـە مێـژوو و واقیعانـەی کـە شـاهیدی ڕاستەقینەن لەسەر پاکی و پیرۆزی لەبەرامبەر ئەو دواکەوتنـە کوشـندەیەی کـە لەگیان و لەش و خاکی کورد ئاڵاوە و وەکو تۆڕ کەوتۆتە ناویەوە ، بابزانین هەندێ لەو بەڵگانە کامانەن:

١- مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە بەر لە دوو هـەزار و حـەوت سـەد سـاڵ پـێش ئەمڕۆ دەوڵەتێکی کوردی هەبووە بەناوی دەوڵەتی (ماد - میدیا) ئـەو دەوڵەتـە سەدو پەنجا ساڵ حکومڕانی کردیە ، تا پێنج سەدو پەنجا ساڵ پێش لەدایك بـوونی (عیسا علیه السلام) لە دواتـر (کـۆڕش) ئیمپراتـۆری فارسـی دایـك جولەکـە توانیویەتی ئەو دەوڵەتە کوردیە بڕوخێنێ.

لێرەدا ڕاستیـەك و پرسیارێك خۆی دەخا بەنێو مێشکمان: ڕاستیەکە ئەوەیـە: ئەو دەوڵەتە بەر لەدایك بوونی (محمد عليه الـصلاة والـسلام) بـەماوەی هـەزار و سەدو شەست و یەك ساڵ ڕووخاوە. پرسیارەکەشمان ئەوەیە: ئەی بۆ لەو مـاوە دوور و درێژەی خۆی زیندوو نەکردیتەوە خۆ چ ئیسلام نـەبوو پـێش لـە زیندووبوونـەوە بگرێ؟ شایانی باسە (وەك مێژوو بۆمـان دەگێڕێتەوە) بـەدەیان گـەل دەوڵـەتیان لەناو چووە و دواتر توانیوەتیان خۆیـان بگرنـەوە و دەوڵـەتیان زینـدوو کەنـەوە و لەجاران بەهێزتر وەك ئیتالیا ، ئەڵمانیا ، پۆڵەندا کە تەنانەت پێنج جار لەسەر

نەخشەی ئەورووپا ڕەش کراوەتەوە کەچی هەر پێنج جار کەوتۆتە خۆیی و خۆی درووست کردیتەوە!!.

٢- وەك لە پێشتر گووتم گەلی کوردی موسوڵمان بەڕوح و گیان قەرزاری ئاینی پیرۆزی ئیسلامە چۆن و لەبەر چی؟

ا) چۆن دەبێ ئێمە هەمیشە مەمنونی ئەو خوایە گەورە بێ هاوتایە نەبین هەروەها پێغەمبەرە مەزنەکەمان (علیە الصلاة والسلام) کەئێمەی ڕزگار وئازاد کرد لە ئاگر پەرستی و بوت پەرستی و هۆشی بەبەر هێناینەوە و ژێری گەڕاندەوە نێو کەللەی سەرمان مرۆڤایەتی لە نوێ پێبەخشینەوە بەو ڕزگار کردن و ئازاد کردنە لەکۆت و زنجیری ئاگر پەرستی ؟ ئاخر توخوا مرۆڤی ئاگر پەرست یاخود بوت پەرست چ نرخێکی هەیە؟ چ عەقڵ و زانیاریەکی هەیە؟ کەمادام خۆی بەگەلێك کەمتر بزانێ لە ئاگر یا لە بوت کە بەدەستی خۆی دایگیرساندیە یاخوت دروستی کردیە؟ ئەسڵەن دەبێ هەرچی بوونەوەر و گیانلەبەرە لەسەر ئەو ئەرزە مرۆڤ بپەرستێ چونکە مرۆڤ لە هەموان ژیرتر و زاناتر و بەدەسەلاتر ترە ، ئەگەر پەرستنی لەدوای خوا پەرستن هەبوایە ئەوسا دەبوایە مرۆڤ داوا لەهەرچی لەژێرە خۆیەوە هەیە داوای پەرستنی خۆی لێ بکا چونکە هەموومان دەزانین ئێمەی مرۆڤ چین و مادونی ئێمە چییە؟ ئایا هیچ کەس هەیە یا هەبووە لەدونیا لە ئاگر ئەمین بێ یا ئەمین بووبێ ؟ ئایا هیچ کەس هەیە یا هەبووە سودی بای یەك زەڕە لە بوت پەرستی وەرگرتبێ مەگەر تاغوتەکان نەبێ کە خەڵکیان پێ چەوساندۆتەوە و بەردەوامیان بە تاغوتی و ستەمی خۆیان داوە لە ڕێگەی بوت پەرستی و زەبرو زەنگی لە ئەندازە بەدەریان . پرسیار لەهەر هەموو مرۆڤێکی خاوەن ژیر و یاری ڕاستی دەکەم ، توخوا تۆ کە ژانەسەرێکی کاتی بتگرێ چەند سوپاسی یەکێك دەکەی کە حەبێکی پاراسیتۆلت پێدا و لەو ژانەسەرە ڕزگارت

بکا ؟ ئەی تۆ چۆن دەبێ سوپاسی ئەو خوایە گەورە نەکەی کە لە ڕێگەی ئیسلام لە ژانەسەرێکی دائیمی و سەرلێشێوانێکی ماڵ وێرانکەر ڕزگاری کردی ؟

ب) وەختە بڵێم هەموو دونیا دەزانێ و دەمان ناسێ (وەك لە پێشتر گوتم) بەدرێژایی مێژووی هەزاران ساڵمان خاوەنی هیچ جۆرە شارستانیەك و ژیاری و خوێندەواریەك و پیشە سازیەك نەبووینەو نەناو و نیشتمان دیار بووە و نەزاناو داناو شاعیر و نووسەر و هۆشمەندمان ، نەسەرکردەو سەرۆك و پیاو ماقولاتمان تەنانەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نەخۆمان ناسیوەو نەخۆشمان بەکەس ناسیوە ، لەوپەڕی دونیا ئەوروپایی هاتوون لە حاڵ و بارو مێژوو پێناسەیان کۆڵینەوە ، ئەوانیش زۆربەیان چی چاکیان بۆ نەنووسیوین و پێ نەگوتینە ، لەوەش پتر بەچەندان درۆ و بوختانیان پێکردینە ، وەك مامۆستا هەژار موکریانی لە کتێبەکەی (شەرەفنامە) کە تەرجومەی کردیە لەفارسی بۆ کوردی لە پێشەکیەکەی نووسیویەتی بەو مانایە (لەبەر بێ هۆشی و گۆشی خۆمان ، نەمان توانیوە خۆمان لەو درۆ و بوختانانە بپارێزین کە ناحەزانمان بۆیان هەڵبەستینە) ئەوەتا بەئاشکرا بەنەوەی جنۆکەکانیان ناو بردینە و کەسیش نەهاتیە بە ئێمەی کورد بڵێ ئەرێ ناحەزانی کورد ئەو بوهتانە گەورەیە چییە لە ئێمەی دەکەن؟ ئێمە لە کوێ کە ڕۆڵەی ئادەمین و لەگڵ دروست کراوین و جنۆکە لەکوێ کە خوای گەورە لە ئاگرێکی بێ دووکەڵ دروستی کردوونە ، هەروەها دەڵێ: هەندێ لە ناحەز و دووژمنمان ئێمەی کردیە بەنەوەی (خالیدی کوڕی وەلید) و بەعەرەبیان لەقەڵەم داوین و کەسیش لەخۆمان ڕانەپەڕیوە و بەرپەرچی ئەو درۆ زلە بداتەوە ، شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە مامۆستا هەژار موکریانی موفەسری قورئانی پیرۆز لەسەر شێوەی (جلالین) دەرچووی قوتابخانەی پێغەمبەرە (علیه الصلاة والسلام) نەك دەرچووی زانکۆکانی ئەمریکا و ئەوروپا . سوپاس بۆ خوا کەدەرچووەکانمان لەو زانکۆیانە نەك زۆرینەیان بەرگریان لەکورد نەکردیە و خۆیان لەحاڵ و باری کورد

نەگەیاندیە ، بەڵکو دایك و باوکیشمان لەبیر خۆیان بردیتەوە و تەنها خەریکی دابین کردنی هەواو هەوەس و بەرژەوەندیە کەسایەتیەکانی خۆیانن و زۆرینەیان کوشتەی حەشیشە و هیرۆین و کۆکایین و سێکسن. بەزەرە بیر و هۆشی نیشتمان پەروەریان تێدا نیە و پیاوی زۆر چاکیان بە حاڵە حاڵ قەبول کراوە بە کۆیلە و ئالقە بەگوێی سەهیۆنی و سەلیبی جیهانی .

بەڵێ گەلێك کەسنەناس بووین ، بێ سامان و بێ دەوڵەت بووین ، تا ئیسلامی پیرۆز تەشریفی هێنار سوپاس بۆ خوای گەورە هیدایەتی داین و موسوڵمان بووین لە رۆژگاری خەلیفەی دووەمی راشدین (عومەری کوری خەتاب) رەزای خوای لەسەر بێ ، سوپاس بۆ خوا مێژوو (بە ئیزنی خوا) لاپەرەیەکی لە سیفری خۆی بۆ تەرخان کردین و رایکێشاینە رێزی گەلانی جیهان ، ئەوسا بووین بەخاوەنی مێژوویەکی هەژار و دەست کورت ، ئەوسا فێری خوێندن و نووسین بووین و بووین بەخاوەن سەدان سەرکردەو سەرۆکی وەك شێخ عبیداللە ی نەهری وشێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و قازی محمد و مەلا موستەفا و سمکۆی شکاك ، هەروەها بووین بەخاوەن سەدان زاناو دانا و شاعیر و هۆشمەند و نووسەری وەك أحمدی خانی و حاجی قادری کۆیی و سالم و کوردی و نالی و مەلای جەزیری و مێژوو نووسی وەك (شەرەف خانی بەدلیس) دانەری مێژووی کورد (شەرەف نامە) کە لە ساڵی (١٠٠٥) کۆچی تەواوی کردیە، وە مامۆستا هەژار موکریانی موفەسیری قورئان و شاعیر و نووسەری کوردی بەناوبانگ کەشەونامەی وەریگێراوەتە سەر کوردی لە فارسیەوە.

تەحەددای هەموو کورد دەکەم بەر لە ئیسلام شاعیرو زانایەکی وەك حاجی قادری کۆییم بۆ پەیدا کەن لەناو کورد کەهەستی بەکەم و کورِی و دواکەوتوویی و ریسوایی کورد کردبێ و بەشیعرەکانی وێنەی واقیعی زێدە تاڵ و دوا کەوتوویی دیتبێ و لەنێو چوارچێوەی شیعرەکانی داینابێ و دیاری کردبێ و دەرمانیش بۆ

دیاری کردبێ . ئەوە حاجی قادرە کە هەرچی فێری بوو‌بێ لە ئەخلاق و خواپەرستی و عیلم و زانست و دووربینی هەمووی لەبەرنامەی پاك و پیرۆزی ئیسلام فێر بووە . ئەوە حاجی قادرە کە تاکە کەسە لە سەدەی نۆزدەم

(لەسایەی ئیسلام) بە هۆش و بیر و زانایی سەد و پەنجا سال پێش ڕۆژگاری خۆی کەوتبۆوەو لەسەر دەمی ئێمە ئەوەی فەرموو بوی ڕوویدا :

وا ڕێگەتان دەبەستێ خێلانی جاف و بلباس
گەر مردوون لە گەرمیان مەمنوعە بچنە کوێستان
مەسجید دەبێتە دێرە ناقوس یان موئزن
مەتران دەبێنە قازی موفتی دەبێنە ڕەهبان
هیچ غیرەتێك نەماوە صەد جا بە قورئان
پەیدابێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لە کوردان
ئەم قسەیەی کە کردم ناگاتە چەند سالی تر
ئەم حالەتە دەبینن یەك یەك بەچاوی خۆتان
لەم بەینە ئیتفاقێ پەیداکەن بەمەردی
فەرقی نەبێ شوان و جووتیار و میر و گاوان

دیوانی حاجی قادری کۆیی لێکۆلینەوەی (سەردار حمید میرخان ، کەریم شارەزا مستەفا ، پیا چوونەوە مامۆستا مەسعود محەمەد) .

حاجی قادر لە ژێر سایە و سێبەری ئیسلام ئەو دووربینیەی وەدەست کەوتووە و ئەو ڕووداوانەی دیوە و شارەزای واقیع و حال و باری گەلی کورد بووە . ئەوەیە فەزل و منەتی ئیسلام لەسەر هەرکەسێ کە ئیمانی پێ بێنێ و بیکا بەبەرنامەی سەراپای ژیانی. ئەگەر ئاینی ئیسلام ئاینی عیلم و زانست و ڕەوشت و بەرزی و مەردایەتی و تێکۆشان نەبوایە هەرگیز پیاوی وەك حاجی قادری دروست نەدەکرد

لەنێو دواکەوتووترین گەلانی سەرزەوی ، ئـەوەی کـە پێویـستە لێـرەدا بگـوترێ ئەوەیە: هەرهەموو عەلمانیە دەرچووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا لە هـیچ لایـەنێکی مرۆڤایەتی ناگەنە پای حاجی قادری کۆیی و ئەمسالەکانی مەبەستم لەعەلمانیـە دەرچووە کوردەکانە بەس ، ئاشکرایە بەهەموو کێشان و پێوانەیـەك زەوی چـاك و بەپیت ئەگەر تۆی لاوازی پێداکەی بەرهەمەکەی هەر زۆر چاك و پتەو دەبێ .

زۆر بەدڵنیایەوە دەبێ بزانین کە ئاینی ئیسلام لەنێو کورد گەورەترین بۆشایی سیاسی و ئابوری و عەسکەری و ئەدەبی و رۆشنبیری بۆمان پڕ کـردەوە و ئێمـەی هێنا ڕیزی گەلانی جیهان ، چونکە وجودی ئەو بۆشاییانە لەنێو ڕیز و توێـژەکانی هەر گەلێ هۆکاری نەمان و پەرت و بلاو بوونەوە و تواندنەوەن.

ج – هەموو هەستێکی نەتەوایـەتی و گـەل پـەروەریمان لـەدوای موسـڵمان بوونمان سەری هەڵدایە و بلاو بۆتەوە لەنێومـان و پەرەی سەندووە ، بۆ یەکەم جـار ناوی (کوردستان) کە هاتووە لەسەردەمی عەباسیەکان بووە لە لایەن شاعیرێکی کوردی موسڵمان .

د – سەرکردەی هەموو شۆڕشەکانمان لە سەدەی نۆزدە و بیست شـێخ و زانـار موسڵمان بـوون وەك شـێخ عبیـداللە ی نهـری و شـێخ سـەعیدی پـیران و شـێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد مەلا مستەفای بارزان ، هەندێ جار عەلمانیەکان هاتوون و شۆڕشـەکەیان تێکدایـە و حـاڵ و مـاڵی کوردیـان وێـران کردیـە کەچـی خۆیـان بـە پێـشکەوتن خـواز و شۆڕشـگێڕ دەزانـن ئیـسلام و موسڵمانانیش بە کۆنەپەرست دەزانن .

٣ – پیرۆز ترین و گەورەترین و خۆشـترین ڕووداو ئەگـەر نـەڵێم لـە هـەموو گەردوون ، بەلام دەڵێم لەسەر ئەو ئەرزە پیرۆزە هاتنی ئاینی ئیسلامی پیرۆزە کـە ژیان لەسەری بە بێ ئەو ئاینە هیچ مانایەکی نامینێ ، ئەگـەر ئـەرز حـەوا بـێ ئیـسلام ئادەمـە ، چـونکە هۆکـاری هـەرە گـەورەی ڕزگـار کردنـی مرۆڤـە لـە

تاریکیەکان (کەبێ دوایین) بۆ تاکە ڕۆناکی خوای گەورە کە خودی ئەو ئاینە پیرۆزەیە، (الله وليُ الذين آمنوا يُخرجهم من الظلمات الى النور والذين كفروا أولياءهم الطاغوت يُخرجونهم من النور الى الظلمات) البقرة، خوای گەورە ڕزگارمان دەکا لە تاریکیەکان بۆ ڕووناکی، بەهۆی چی ؟ بەهۆی ئەو ئاینە پیرۆزە کە ئاینی ئیسلامە کەسەرچاوەی بێ دوایی و هەرەگەورەی ڕێز و نرخ و شەرەف و عیززەتە بۆ مرۆڤ ، تاکە هێزە کە توانای وەستان و خۆڕاگری هەبێ لە بەرامبەر ئەو بیر و بۆچوونانەی کە لە نرخی مرۆڤ کەم دەکەنەوە و نەژادی دەگەڕێننەوە سەر میکرۆب و مەیمون ، (لقد خلقنا الأنسان في أحسن تقويم ثم رددناه أسفلَ سافلين إلاَ الذينَ آمنوا وعملوا الصالحات فَلَهُم أجرُ غيرُ ممنون) (فما يُكَذِّبك بعدُ بالدينِ أليس الله بأحكم الحاكمين) التين ، یا دەفەرموێ: (ولقد كرَّمنا بَني آدمَ وحملناهم في البرِ والبحرِ ورزقناهم من الطيبات وفضلناهم على كثير ممن خلقْنا تفضيلاً) الأسراء ، چۆن گەورە ترین و خۆشترین و پیرۆزترین ڕووداو نەبێ لە کاتێ دا کە خوای گەورە خودی خۆی خەبەرمان دەداتێ کەلەسەر جوانترین شێوە دروستی کردبین، گەورەترین عەقڵی پێبەخشیوین و زۆرترین نیعمەتی بۆ دروست کردوین، لەکاتێکدا کە مزگێنیمان دەداتێ کە ڕیزی لێ گرتووین و فەزڵی کردووین بەسەر زۆربەی مەخلوقەکانی لەئەرز و لە ئاسمان ، ڕوداوێک لە ئاینی ئیسلام دەبێ خۆشتر و پیرۆز تر و گەورەتر چ بێ کە خوای گەورە خالیقی مرۆڤ و هەموو گەردوون و بوونەوەر خۆی کەرەم کا بۆمان بنێرێ تا لە ژیانی دونیا ڕەنج بە خەسار نەبین و خۆمان پێ بناسێنێ وە خۆیشمان بە خۆمان بناسێنێ .

چۆن گەورەترین و خۆشترین و پیرۆزترین ڕوداو نەبێ؟ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خێر و شەڕی لەیەك جیاکردەوە ، ڕاستی و ناڕاستی لەیەك جیاکردەوە و مافی مرۆڤی (بەژن و پیاوەوە) بەتەواوی دیاریکرد ئەو مافەی کەلەگەڵ سروشت و فیترەتی مرۆڤ دەگونجێ بەڕێژەی سەدا سەدیش بەرەو ژوورتر. بەڵێ بەهاتنی

ئیسلام مافی مرۆڤ لەسەر ئەو ئەرزە جارِ درا ، خوێنی هەرکەس لە کەسێکی تر حەرام کرا تەنها بەحەقی ئیسلام نەبێ و بەپێی شەرعی خوا نەبێ، ماڵ و ئابرِو و ناموسی هەرکەس لەکەسێکی تر حەرام کرا، ئافرەت لە باوك برا و مام و کورِەخوشك و کورِە براو برای شیری مێردی خوشك حەرام کرا. دایك و ئەولادەتی و باوك ئەولادەتی جێگیر کراو مافی دایك و باوك لەدوای پەرستنی خوای گەورەوە جێ گیر کرا، خوشك و برایەتی و خزمایەتی بوو بە بنەرِەتی پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکان و بنەرِەتی خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی لە نێو رِەگەزی مرۆڤ و مافی مرۆڤ و سەلامەتی و هەست بەدڵنیایی مرۆڤ لەترس و برسیەتی کرا بە ئەرکی دەوڵەت، دەوڵەت بەرپرسیار کرا لە پاراستن و دابین کردنیان. مافی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ و بەرامبەر دەوڵەت جارِ درا هەروەها مافی دەوڵەتیش لەسەر مرۆڤ جێ گیرکرا، هەروەها لەپێش هەموویانەوە مافی خوای گەورە جێ گیرکرا. هەروەها هەموو تاوانێك بەپێی توند و تیژی سزای پرِ بەپێستی خۆی بۆ دیاری کرا، جارِی یەکسانی لەنێوان رِەگەزەکانی مرۆڤ دراو جیاوازی لەمیانی سپی و رِەش و سور و عەرەب و عەجەم نەما و

یەکسەر لە کاتی پێویست ئایەتی(إنَّ أكرمكم عند اللهِ أتقاكم) بەکردەوە جێ بەجێ کرا و (سەلمانی فارسی) رەزای خوای لێ بێ لەلایەن پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) بووە یەکێك لە ئەهلی بەیتی پاکراوەکان .

بەم چەشنە گەلی موسڵمانمان لەسەردەمی خەلیفە (عمری کورِی خەتاب) موسڵمان بوو بەبێ کوشتار ، لەو کاتەوە تاکۆتایی و رِووخانی ئیمپراتۆریەتی عەباسی لە ئاشتی و ئاسایش دا ماوە و ژیانی بەئاسودە بردە سەر (واتە بۆ ماوەی سەدان ساڵ) هەر لە رِۆژی موسڵمان بوونی بە خۆشیی خۆی تا ساڵی (٦٥٦) کۆچی و ساڵی (١٢٨٠)ی زایینی ، لەو ماوە دوور و درێژەدا کەسێ نەیبیست و نەی دیت کە عەرەب زوڵم و ستەمان لێ بکا و خاکمان داگیر کا،

تەنانەت لەو ماوە دوور و درێـژە خێزانێکـی عـەرەب بەمەبەستی داگیرکـردن و خۆهەڵدانەوە بەسەر کورد نەهاتە کوردستان خـۆی نیشتە جـێ کـا ، ئیسلام و سەرکردەکانی ئیسلام لەو ماوە دوور و درێـژە خـاڵێکی ڕەشیان لـە نێـو مێـژوو دروست نەکرد لەبەرامبەر کوردی موسوڵمان ، لەو بارەوە گومانتـان نـەبێ کـە ئەگەر هـەر خراپەیـەك و دەسـت درێژیـەکمان بەرامبـەر ئـەنجام درابـا لەلایـەن ئەمەویەکان یا عەباسیەکان ئەوە مێژوو بە زیادەوە بۆی تۆمار دەکردن .

باوەڕیش کەن هیچ ڕوویەکی بەراورد کردن نیـە و نـابێ لـەمیانی ئیسلامی پیرۆز و هەنگاوە پیرۆزەکانی لەبەرامبەر جاڕدانی مافی مرۆڤ کە یەکـەم جاڕدانـە لە ڕاستی و لە پاکی و لە ئەنجامدانی تا دونیا دەبڕێتەوە لەگەڵ جـاڕدانی مـافی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوە نێـو دەوڵەتیـەکان (منظمـة الأمـم المتحـدة) لـەدوای جەنگی جیهانی دووەم. دەستکەوتی ئێمەی موسڵمانی کورد لـەو جاڕدانـەی ئـەو ڕێکخراوە تەنها پارچە پارچە کردنی کوردستان و شەق و تێهەڵـدان و دەربـەدەری بوو هیچی تر نا ، لەوساوە هەرچی خێرو خۆشی بێ لەخۆمان نەدیوە و ڕۆژێك لـە ڕۆژان لـە نێـو مـاڵی خۆمـان بـە ئاشـتی و ئاسـوودەیی نـەژیاوین ، لەوسـاوە بەملیۆنەها تەن بۆمبا و ناپاڵمان بەسەردا دارێژراوە و کام چەکی کوشندەیە بـە ئێمەی موسڵمانی کـورد تـاقی کراوەتـەوەو پـتر لـە سـێیەکی کـورد یـا نیـوەی نیشتمانەکەمان بەدەستی تاغوتەکانی تورك و فـارس و عـەرەبی عـەلمانی داگـیر کراوەو زۆر بە ڕاشـکاویش لەلایـەن ئـەو ڕێکخـراوە دەوڵەتیـە یارمـەتی دراون و پیرۆزیاییان لێ کراوە و دەست خۆشیان لێ کـراوە . بەسـەدان هـەزارانمان لـە ژن و پیاو و پیر و پەککەوتەو منداڵ لێ کوژراوەو زیندەبەچاڵ کراوە کەچی مافی مرۆڤی ئەو ڕێکخراوەیە نەك ناڕەزایی خۆی دەرنەبڕیوە ، بەڵکو ئـەو پـەڕی خـۆی لێ بـێ دەنگ کردووە. بەڵام کاتێ ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕێکخراوەیەکی نێو دەوڵەتی شۆڕا و بوو بە ڕێکخراوەیەکی ئەمریکی ئەوسـا جـار جـارە ئـەمریکا گـەر بەرژەوەنـدی

ئابووری و لەشکری خۆی تێدا با تا بەرژەوەندیەکەی ئەنجام دەدا بەدەنگ دەهات ، ئەوسا لە جاران پتر لە و تاوانەی کە لە دژمان ئەنجام دەدرا خۆی بێدەنگ دەکرد و هێندەی تر قوڕ بەسەرمان دەبوو .

توخوا ئاینەك ئەوە مێـژووی ڕاسـتەقینەبێ بەشـاهیدی نـەك تـەنها مێـژوو نووسـانی موسـڵمان بـەڵکو بەشـاهیدی سـەدان مێژوو نووسـانی نەسـارا لـە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا توخوا ئەو ئاینە چۆن دەبێتـە هـۆی دواکـەوتنی کـورد؟ بێگومان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ، بەڵام بۆ پێش نەکـەوت؟ لـەکات و شـوێنی خۆی وەڵامی دەدەینەوە بەیارمەتی خوای گەورە .

٤- ئەوەی لە نێو لاپەڕەکانی مێژوو بەڕوونی تۆمار کرایە ئەوەیـە کـە گـەلی عەرەب بەرلەهاتنی پیرۆزی ئیسلام لە دواکەوتوو ترین گەلی دونیا بوون لـە نێـو بیابانەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب (شبه الجزیرة العربیة) ژیانیان لە ژێر زەبـر و زەنگی شەروشۆڕو تالآن کردنی یەکتر وکیژۆڵـە زینـدە بەچـاڵ کـردن و گیـانی عەشیەت گەری و بوت پەرستی دەبردە سەر، لە
هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوون بە هۆکارەکانی نەناسراوی و دواکەوتن تەنانـەت ئەو سەدەی بەر لەهاتنی پیرۆزی ئیسلام تێدا دەژیا ناوی نرابوو سەردەمی نەزانی (العصر الجاهلي) .

بەڵام کاتێ خوای گەورە ڕەحمی پێکردن و پێغەمبەر ی (رحمة للعـالمین) بـۆ ناردن و موسڵمان بوو ن ئیتر هەر خوا بزانێ و باس ناکرێ کە چ پێشکەوتنێکیان بەدەست هێناو بوون بەخاوەن پیرۆز ترین مێژوو ، بـوون بـەخاوەن شارسـتانیەت و گەورەترین و پیرۆز ترین و بەهێزترین دەوڵەتی سەردەم ، لـەژێر سـایەی دەوڵـەتی ئیسلام لە ژێر سەرکردایەتی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) و خەلیفـەکانی راشدین (رضی الله تعالی عـنهم) نیمـچە دوورگـەی عـەرەب و هـەموو ئـەو وڵاتانەی کەلەسەر دەستیان موسڵمان بوون یاخود جزیەیان قبوڵ کرد ئـەو پـەڕی

بەئاشتی و ئاسایش و ئاسوودەیی دەژیان وە ولاتی هەر هەمووان ئاوەدان بـووە بـە رووناکی ئیسلام صەحابەکانی پێغەمبەر (ڕەزای خوایان لێ بێ) ئەوەتا کاتێ کە سوپای پیرۆزی ئیسلام لەسـەردەمی خەلیفـە(عومـەری کـوری خـەتاب)) ڕەزای خوای لێ بێ ولاتی شام فتح کرا بە سەرکردایەتی (ئەبو عوبێدەی کوری جـەڕاح) گەلی شام موسـلمان نـەبوون و وەلامـی خـواو پێغەمبـەریان نەدایـەوە ، بـەپێی شەریعەتە ڕاستەکەی خوا (جزیە) یان لەسەر فەرز کرا و جزیـەی سـالێکیان لێ وەرگیرا ، بەلام کاتی کە ئەبو عوبەیدە (ڕەزای خـوای لەسـەر بـێ) نامەیـەکی بەپەلەی بۆ خەلیفە (عومەر ڕەزای خوای لێ بێ) نـارد تێیـدا نووسـیبووی کـەوا سوپای ڕۆم وا بەسەدان هەزار سەرباز خەریکن بەرەو شام بێن ئێمەش لەبەرکەمی سەرباز و تفاقی جەنگ توانای جەنگمان لەگەل ئـەو لەشـکرە بـێ ئەنـدازەی ڕۆم نییە ، فەرموو جەنابت چ دەفـەرمووی؟ خەلیفـە عومـەر ڕەزای خـوای لێ بـێ ، یەکسـەر نامەی بۆ ناردەوەو ووتی بەخێرایی ولاتی شام بەجێ بهێلە . لەبەر ئـەوەی ئەو جزیەی کەلەخەلکی شام وەرگیرابوو جزیەی سالێك بوو کەچی ئـەوان تـەنها چەند هەفتەیەك بوو لەوێ جێگیر بووبـون ئـەبو عوبەیـدە ڕەزای خـوای لێ بـێ ، یەکسەر خەلکەکەی بانگ کردوو جزیەی دانـەوە ، کـاتێ کـە خەلکەکـە لێیـان پرسی بۆچی ئەو پارەیەمان بۆ ڕەت دەکەنەوە؟ پێیان گـووتن ئێمـە جزیـەی یـەك سالمان لێ وەرگرتن ، بەلام لەبـەر ئـەوەی کـە سـالەکە هێـشتا بەسـەر نەچـووە دەکشێینەوە ئەو جزیەیە لە ئێمە حەرامەو دەبێ بیگەڕێنینەوە بۆتان ، چونکە ئەو جزیەیەی کە لە ئێوە وەرگیراوە بۆ پاراستنی ئێوەیە واتە دەکرێ بەخەرجی لە پێناو ئەو هۆکارانەی کە ئێوە دەپارێزی نەك بۆ باخەلی خۆمان ، ئێـستا کـە بـەجێتان دەهێلین بەر لە تەواو بوونی سالەکە خوای گەورە ئەمرمان پێدەکا کە بۆتـان ڕەت کەینەوە. خەلکەکە بەو هەنگاوە پیرۆزەی ئیسلام یەکجار شـادمان بـوون، ئەوسـا تێگەیشتن کە ئیـسلام هـەر هـەموو عەدالـەت و داد پەروەریـە یەکـسەر هـەر

هەموویان موسڵمان بوون بەبێ ئەوەی یەك تنۆکە خوێن لەچ لایەك بڕژێ . ئەوەیە بەرنامەی پیرۆزی ئیسلام، ئەوەیە ئیمانی ڕاستەقینە بەو ئاینە پاکە ، ئەوەیە مێژووی زێدە سپی و پاك و خاوێنی ئیسلام و موسڵمانانی ڕاستەقینە . ئەگەر زەحمەت نییە هەندێ لەو شەڕو جەنگانە بخوێنەوە کە کافران و خاچ پەرستان بەدرێژایی مێژوو بەرپایان کردووە و بزانن لەشکرەکانیان چ هەڵس و کەوتێکیان هەبووە لەگەڵ خەڵکانی بێ چەك و ماڵ و منداڵ و پیر و پەککەوتە دوای تەسلیم بوون و کۆتایی هاتنی جەنگ .

توخوا ئاینێك ئەوە سروشت و سیفەتی بێ چۆن دەبێ مرۆڤ هێندە بێ ئینساف بێ ، بەکوێرەوەری و دواکەوتنی گەلی کوردی گرێ دا و هەموو دواکەوتنەکانمان بداتە پاڵ ئەو ئاینە .

(جزیە) ئەو هێندە پارەیە کە لە زەکات کەمترە لەشکری ئیسلام لەسەر فەرمانی خوای گەورە فەرزی دەکرد لەسەر ئەو وڵاتەی کە فەتح دەکرا و خەڵکی ئەو وڵاتە موسڵمان نەدەبوون و لەسەر ئاینی خۆیان دەمانەوە، ئەو جزیە ساڵانە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرا و دەکرا بەخەرجی بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی سوپای ئیسلام لەو وڵاتە ، قەبوڵ کردنی جزیە لەلایەن وڵاتی فەتح کراو نیشانەی بێ هێز و تەسلیم بوونی ئەو وڵاتەیە و ڕازی بوونە بە فەتحی ئیسلام و سوپای ئیسلامە لە لایەن وڵاتی فەتح کراو کە چیتر دوژمنایەتی ئیسلام و سوپای ئیسلام ناکەن و بەفەرز کردنی جزیە لەسەریان ڕازین ، (وقاتلوا الذين لايؤمنون بالله واليوم الآخر ولايحرمون ما حرّم الله ولا يدينون دينَ الحق حتى يُعطوا الجزية عن يدٍ وهم صاغرون) التوبة۲۹ .

ئەوەی کە لە مێژوو لە هەموو شتێك گرنگترو جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە یەك تاکەکەس بەبێ هیچ هێزێکی ماددی و لە هەموو کەس هەژارترو دەستکورتر توانی گەلێك ڕزگار کا لە تاریکیەکانی ژیان بۆ ڕووناکترین و

بەرزترین پایەو پلەی ژیان لە ڕێگەی ئەو قورئانە گەورەو پیرۆزە کە ئەویش سەروەری پێغەمبەران و گەورەی هەموو ڕۆڵەکانی ئادەم (محمد) بوو (علیه الصلاة والسلام) کێ بەر لە ئەو یاخود لەدوای ئەو توانیویەتی بەهەزاریەکی ئەو شاکارە پیرۆزە هەستێ؟ لەسەرەتا توانی گەلێك ئازاد کا لەکۆت و زنجیرەکانی جەهل و نەفامی و دواکەوتن کە هەزاران ساڵ بوو خەریکی بوت پەرستی بوو خۆی شەتەك دابوو بەتاریکترین بەرنامەی جەهالەت و دواکەوتن دوابەدوای ئەوانیش چەندان گەلانی دیکەی سەرزەوی. لەوەتەی خوای گەورە زەوی دروست کردیە و بەمرۆڤ ئاوەدانی کردیتەوە کاری وا ڕاست و سەر سوڕهێنەر کەس نەیدیوەو نەیبیستوە (محمد) (علیه الصلاة والسلام) تاکە مرۆڤە کە بەو کارە گەورەیە هەستابی لەڕێگەی ئیسلامی پیرۆز بەیارمەتی خوا . بێگومان ئەوکارە گەورەو سەرسوڕهێنەرەی(محمد) (علیه الصلاة والسلام) گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستی و پیرۆزی پێشکەوتنی ئاینی ئیسلام .

٥ – بێ ئاگایان و بێ خەبەران لەناحەزانی ئیسلام و موسڵمانان دەڵێن : عەرەب بۆیە کە لەڕێگەی ئاینی ئیسلام کە (رحمة للعالمین) و (وما أرسلناك إلا رحمةً للعالمین) پێشکەوتن و چەندان دەوڵەتی ئیسلامیان دامەزراند ، وەك دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی و ئەمەوی لە ئەندەلوس ، چونکە ئاینەکە هی خۆیان بوو تەنها بۆ ئەوان هاتبوو هەربۆ ئەوان دەست دەداو خێرو بێری پێوەبوو!! بەڕاستی بۆچونێکی زێدە هەڵەیە ، بۆچونێکە لە مرۆڤی نەزان و ناشارەزا دەوەشێتەوە . دیارە ئەو کەسانەی ئەو بیرو بۆچونانەیان هەیە زەڕەیەك شارەزای مێژوو نین ئەگەر شارەزا بان دەوڵەتی یاخود ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دەدیت کە یەکێك بوو لە هەرە ئیمپراتۆریەتەکانی دونیاو مێژوو نزیکەی شەش سەد ساڵ حوکمی کرد لەولاتی (ئاسیای بچوك) واتا (تورکیای ئێستا) .

ئەوەی کە پێویستە بگوترێ لێرەدا دەرحەق بەو ئیمپراتۆریەتە ئەوەیە کە بەردی بناغەی لەسەر بەرنامەی پیرۆزی ئیسلام دامەزرابوو لەگەڵ ئەوەش کە عەرەب نەبوون و تورك بوون ، بەڵام بەحەقیقەت موسڵمان بوون .

ئەو تورکانە پاشماوەی دەوڵەتێکی تێکشکاو بوون(وەك مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە) کەناوی دەوڵەتی سەلجوقی بوو کەبەدەستی فارسەکان لەناو چوون لەناوچەی (خۆزستان) . هۆزێکیان لەو لەناو چوونە خۆیان دەرباز کردوو هەڵاتن و خۆیان لە تورکیای ئێستا گرتەوەو سەرۆکەکەیان ناوی (عوسمانی کوڕی ئەرتوغۆڵ) بوو کە پیاوێکی یەکجار خوا ناس و سیاسی و زانابوو، دەوڵەتی عوسمانی بەنێوی ئەو ناو نرا ، ئەو کەڵە پیاوە تامرد لەسەر بەرنامە پیرۆزەکەی خوا کاری کردو هەمیشە تامۆژگاری کوڕەکەی و بنەماڵەکەی دەکرد کە نەکەن دەست لەئاینی خوا بەربدەن ئەگەرنا لەناو دەچن هەروەك چۆن لە ڕابردوو تێکشکان و دەربەدەر بوون ، هێندەی نەبرد کە رووبەری ئیمپراتۆریەتەکەیان گەیشتە حەوت ملیۆن میل دووجاو هەموو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیان کەوتە بەردەست و لەڕۆژئاواش سوپایان گەیشتە (ڤێنا) پایتەختی نەمساو سنورەکانی وڵاتی (غال) (فەرەنسای ئەمڕۆ) لەو ڕاستیە گەورەو مێژووییە ئێمەی کورد دەبێ چی لێ هەڵگرینەوە ؟

١ – ئاینی ئیسلام تەنها ئاینی عەرەب نییەو تەنها عەرەب سوودی لێ وەرنەگرتیەو وەرناگرێ ، بەڵکو خوای گەورە دەفەرموێ: (وما أرسلنا إلا كافةً للناس بشيراً ونذيراً...)., یادەفەرموێ (وما أرسلناك إلا رحمةً للعالمين) الأنبياء ، خوای گەورە وەك لەپێشتر ووتم کێ موسڵمانێکی بەتەقوا تربێ ئەوی فەزڵ دەکا بەسەر عەرەبێکی قورەیشی یا هاشمی کەم تەقوا وەك دەفەرموێ: (إن أكرمكم عند الله أتقاكم إنّ الله عليم خبير) الحجرات(١٣) .

٢ – ئاینی ئیسلام هۆکاری هەرە گەورەی هێزو دروستکردنی دەوڵەتە ، ئەوەتا ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەی عوسمانی بەردی بناغەی لەسەر ئەو ئاینە پیرۆزە دامەزرا ، ئایا ئەو کەسانەی کە ئاینی ئیسلام بە هۆکاری دواکەوتن دەناسێنن بەخەڵك یا وا دەزانن کە ئیسلام ماکی دواکەوتنە ئایا خۆیان لە دامەزرێنەری ئەو ئیمپراتۆریەتە بەزاناتر دادەنێن؟ یاخود دەیانەوێ عەیب و عارو کەم و کوڕی خۆیان لە ڕێگەی ئەو درۆ زلە بشارنەوە ؟ ئاخۆ ئەو ئاینە دەبێ چ ئاینێك بێ چ بەرنامەیەکی پڕ ئاسۆ و ڕاست و پیرۆز بێ کە بتوانێ بەویستی خوا هۆزێکی شکاوی دوورە ولاتی دەربەدەر لە ولاتێکی بێگانە بکا بەگەورەترین ئیمپراتۆریەتی سەرزەوی لە ڕۆژهەلات؟ ئاشکراو ڕوونە گەلی بەزیوو دەربەدەرو هەلات و ڕوو لە هەر ولاتێ کا دەست بەکلاوی خۆیەوە دەگری با نەییات و هەموو سوك و سەر شۆڕیەك لەو ولاتە قبوڵ دەکا حەوانەوەی پێداوە چ جای ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە دەوڵەت و حکومەتی ئەو ولاتە تێك داو خۆی جێی بگرێتەوە؟

ئەوانەی کە بیرو بۆچونیان وایە کە ئەو تورکانە خۆیان خاوەن غیرەت و زیرەکی و ئازایی و فرت و فێڵ بوون ئایا بۆ گەلی ئێمە لە ولاتی خۆمان بەبێ دەربەدەری و پەرتە بوون وەك ئەو تورکانە خاوەن غیرەت و زانایی و ئازایی نەبووین دەوڵەت دروست کەین؟ لەوانەیە هەندێ کەس پرسیار کەن و بڵێن ئەی ئەو تورکانە خۆ لە ولاتی خۆشیان هەر موسڵمان بوون ئەی بۆ تێشکان و دەربەدەر بوون؟ لە وەلاما دەڵێین کاکی خۆم کە زۆر هات قەوارە بەتاڵە ، لەشکری فارسان چەند جار بەقەد لەشکری ئەوان بوون ، ئیسلامیش ڕوو لە موسڵمانان دەکاو پێیان دەڵێ ئەگەر سوپاکەتان نیوەی سوپای دوژمنانی کافر بوو ئەوە دەبێ شەڕ بکەن ئەگەر ئەوان چەند جاران لە ئێوە زیاتر بوون ئەوا پاشەکشەیان لەبەر بکەن وەك چۆن (ئەبو عوبێدەی کوڕی جەڕاح) لەولاتی شام لەبەر سوپای ڕۆمەکان پاشەکشەی کرد بەر لەوەی ئەو سوپای ڕۆمان بەڕێکەوێ بەرەو شام و هێرشی

خۆی دەست پێبکا ، هەروەها لەجەنگی (تبوك) دیسانەوە سوپای ئیسلام بە قیادەی (خالیدی کوڕی وەلید) ڕەزای خوای لەسەر بێ لەبەرامبەر سوپا چەند سەد هەزاریەکەی ڕۆم پاشەکشەی کرد ، چونکە ئەوان ڕەزای خوایان لێ بێ تەنها سێ هەزار صەحابە بوون !!.

شتێکی سەیر نییە ، بەڵکو عەیبێکی گەورە نییە بۆ ئێمەی کورد کە واین هەزاران ساڵە لە کوردستانی خۆمانین لەباشوری تورکیا کەچی نەمان توانی دەوڵەتێکی کوردی پێکەوە نێین. لەکاتێکدا بێگانە ڕۆمەکان لە ڕۆژئاوا لە (ئیتالیای ئێستا) بەر لەدایك بوونی (عیسی علیه السلام) هاتنە ئەو وڵاتە و دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەلاتیان لێ دامەزراند کە درێژەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بوو لە ڕۆژ ئاوا بۆ ماوەی سەدان ساڵ ، لەدوای هەندێش تورکە تێهەڵدراوەکانی سەلجوقی هاتن جێگەیان گرتەوە لە ساڵی (٦٦٠ کۆچی) کەچی ئێمە جولەمان نەکرد تاکو ئەوڕۆش لەگەڵ بێ ئەوسا بیانگەی تر دەکەینە نانی جۆ، هەموو عەیب و عار و کەم و کوڕی خۆمان بەمل ئاینی ڕاست و پیرۆز و نەمر دا ساغ دەکەینەوە .

دیسانەوە لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە کایەوە: ئەگەر ئیسلام هۆکاری هەرە گەورەی دروست کردنی دەوڵەتە ، باشە خۆ چ ئیسلام نەبوو، کەچی بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام چەندان ئیمپراتۆریەتی زل هەبوون وەك ئیمپراتۆریەتی فارسی و چینی و ئەفریقی و ڕۆمانی و جەرمانی ئەی ئەو ئیمپراتۆریەتانە لەسەر چ بەرنامەیەك دامەزرابوون؟ وەلآمی ئەو پرسیارە هێندەی دیکە ئێمەی کورد عەیب دار دەکا، لە وەلآما دەڵێین هەموو بەرنامەیەکی سیاسی و ئاینی بۆی هەیە دەوڵەتی لەسەر دامەزرێ ئەگەر قادەکانی ئەو جۆرە سەرکردانەبن کە بتوانن دەوڵەت دروست بکەن، لێرەدا بۆمان بەدیار دەکەوێ کە ئێمەی کورد بە درێژایی

مێژوو نە خاوەنی سەرۆك و گەورەی بەتوانا بووینە نەخاوەن بەرنامەیەکی سیاسی و ئاینی دارێژراو !!

لێرەدا زۆر کەس هەنە دەڵێن کاکە ئەگەر گەل خاوەنی سەرۆك و سەرکردەیەکی خاوەن بلیمەت و دڵسۆز و دووربین و نازانم چی بێ ؟ بەرنامە چیە ، هەبێ یان نەبێ ئەو دروستی دەکا ، لێرەدا دیسانەوە لەسەر خۆمانی ئیسپات دەکەین کە ئێمە لە دێر زەمانەوە خاوەنی ئەو جۆرە سەرۆك و سەرکردەیە نەبووینە!!.

بەگوێرەی ئەو ڕاستیە زلەی کە لە دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو ئیمپراتۆریەتی کە نزیکەی شەش سەد ساڵ حوکمی کرد بەناوی ئیسلام کە ئاینی ئیسلام جگە لەوەی ئاینی هەموو مرۆڤ و گەلێکە نەك هۆی دواکەوتن نییە بەڵکو گەورەترین هۆیە بۆ بنیات نان و دامەزراندنی دەوڵەت.

تکایە لەگەڵم پشوو درێژ بە تا چەندان ڕاستی دیکەش بۆ ڕوون دەکەمەوە کە بەڵگەی چەقیون لەسەر پاکی ئیسلام لە بەرامبەر نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی .

ڕاستیەك پێویستە ڕوون بکرێتەوە

بەر لەوەی خاڵێکی تر دەست پێبکەم زۆر بە پێویستی دەزانم کە هەڵەیەکی بەرەودار هەیە لەنێو کورد بەتایبەتی لەنێو لاوەکانمان ئەو هەڵەیە بەرپەرچ دەدەمەوەو ڕاستی کەمەوە ، ئەمڕۆ زۆرن ئەوانەی کە دەڵێن ئاینی ئیسلام چونکە بەعەرەبی هاتووە ئیمانی پێ ناهێنین ئەگەر بەزمانی خۆمان با قەیدی نەبوو!! سەیری چەند بیرو رایەکی ناڕاست و نامەنتیقی و نەزانانەیە، هەرگیز نەدەبایە قسەی وا لە خەڵکێکی ڕۆشنبیر بووەشێتەوە ، بەڵام مرۆڤ گەر بەدوا هەڵلایە کەوت هەموو هەڵەیەك دەکا. لێرەدا لەبەر پەرچ دانەوە و پووچ کردنەوەی ئەو بۆچوونە دەڵێین:

أ – ئایا ئەگەر ئەو ئاینە جیهانیەو ڕەحمەتەن لیلعالەمینە بەکوردی با ئایا لەنێو عەرەبانیش هەمان گێل و وێڵ نەدەبوون بڵێن: واللە ئەگەر ئەو ئاینە بە زووبانی عەرەبی با ئێمەش لەوانەیە ئیمانمان پێ هێنابا واتا هەمان هەڵەی لاوە کوردەکانی ئێمە دووبارە کەنەوە .

ب – بۆچی شەرمت بە فێربوونی گۆرانی فارسی و تورکی و ئینگلیزی و فەرەنسی نییە ساڵ دوانزەی مانگ خەریکی فێربوون و لەبەر کردنیانی و شانازی پێوەدەکەی هەرهەمووی بەدڕەوشتی و توڕەهاتیە ، بۆ شەرمت بەئاینی ئیسلامی پیرۆزە کە هەمووی زانایی و دانایی و ئازایی و ڕەوشت بەرزی و جوان مەردیە . فارس و تورك و ئینگلیز و فەرەنسا لە چ کاتێك لەعەرەب چاکترن و زمانەکەیان لە زمانی عەرەبی پاڵاوترو هاسانترو خۆشترە؟ بۆ زمانی ئەوانەت پێ لە زمانی عەرەبی چاکترە ؟ چونکە هەر هەموو شۆڕشەکانی کورد بە درێژایی مێژوو بەیارمەتی و چەکی کوشندەی ئەوان کوژاندراوەتەوە !!! لەکاتێکدا زۆر لواوە (امکان) زمانی عەرەبی فێربی بە سووك و هاسانی لەبەر ئەوەی هەم

هاسانتره لەو زمانانە وە هەمیشە لەگەڵیان دەژین وا ماوەی هەزارو چوار سەد ساڵە ؟

ج – دەیان هەزار زاناو دانای کورد تەنها بەزمانی عەرەبیان خوێندووە و لەڕووی ئیمانەوە بە ئیسلام پێشی زۆر لە زانایانی موسڵمانی عەرەبی کەوتوونەتەوە و بەدڵ و بەگیان بەرگریان لە ئیسلام کردیەو زۆرجارانیش لەزانینی زمان و ڕێزمان صرفی عەرەبی گەلێ لە عەرەبەکان زیرەکتر بووینە وەك (مەلا عەبدالله بیتوشی)دانەری کیتابی (صرف العناية في كشف الكفاية، ١٩٣٢) .

د – ئەی بۆ دەبێ قووتابیەکی کورد کە لە ئەمریکا یا لەبەریتانیا دەخوێنی بۆ وەدەست هێنانی ماجستەر یا دکتۆرا و دێتەوە وڵات باڵای لە لاتان بەقەد باڵای قەندیل بەرزترە ئەوە چیە فێری زمانی ئینگلیزی بووەو بەو زمانە دەدوێ تۆش ئاوتە بە پایەو پلەی ئەو بگەی و یا خۆزیا هەڵدەهێنی کە تۆش لەو زانکۆیانە قووتابی بای ، لەو حاڵەتە بۆ ناڵێی والله من زانیاری ئەورووپاو ئەمریکا فێرنابم و نامەوێ فێری بم چونکە ئینگلیزیە ئەگەر کوردی با فێری دەبووم و هەوڵم بۆ دەدا؟ ئەو ئەمریکا و ئینگلیزەی کە بەشەش دەقیقە شۆڕشی ئەیلولی کوژاندەوە لە ئازاری ساڵی (١٩٧٥) یا ئەو ئەمریکا ئینگلیزەی بەهەموو جۆرە چەکێك یارمەتی صدام حوسێنی دا کە کورد لەناو بباو بەدەیان هەزارانی لێ بکوژێ ؟ یا ئەو ئینگلیزەی کە هەموو هێزو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ کوژاندنەوەی ئەو شۆڕشەی شێخ مەحمودی حەفید لە ساڵی ١٩٣٣ .

هـ - کێ هەتا ئێستا زمانی کردیتە بەربەست بۆ بڵاو بوونەوەی ئاین ، خۆ ئاینی نەسارا چ بەزمانەکانی ئەورووپا نەهاتبووە خوار کەچی هەموو ئەورووپا چوونەسەر ئەو ئاینە کەچی تایبەتیش بوو بە جوولەکەکان ، بۆ یەکێك نەیگووت من نابمە خاچ پەرست چونکە لەزمانی من دوورە ! شایانی باسە ئاینی نەسارا هەزاران کیلۆمەتر لە ئەورووپا دوورە کەچی ئێمە لەگەڵ عەرەب شان بە شانین هەروەها نەسارای ئەمریکاو ئەورووپا بە چەندان جار سوورترن لەسەر خاچ

پەرستی بە بەراورد لەگەڵ خاچ پەرستانی ولأتانی ئیسلام جەنگە صەلیبیەکان (خاجیەکان) شاهیدن لەسەر ئەو ڕاستیە مێژوویە.

و - چۆن دەبێ مرۆڤ هێندە نەزان بێ و بێ بەدوژمنی ڕاستی ، ئەوە چیە بەزمانی ئەو نەنوسراوەتەوە؟ ئایا هەمان دوژمنایەتی لە ڕۆڵەی گەلانی تر قەبول دەکا ئەگەر ڕاستیەکان بەزمانی ئەو نوسراوبنەوە؟ لە قەدیمەوە گووتیانە مرۆڤ چەند زمان بزانێ بەوەندە کەسە حیسابە ، من واناڵێم مرۆڤێك هەر یەك مرۆڤەو نابێتە دوو سێ ، چونکە ئەگەر سەد زمانیش بزانی بە بیرو باوەڕو بۆچوون و هەڵس و کەوتی ناگۆڕێ هەروەك خۆی دەمێنێتەوە بەلأم دەڵێم مرۆڤ هەرچەندە زمانان زۆر بزانی هێندە شارەزایی ژیان زیاد دەکاو زیاتر تێدەگاو شارەزایی بەمێژوو و کەلچەری (ثقافة) و سروشت و سیفاتی خاوەن زمانەکان زیاد دەکا .

٦ - شەشەمین بەڵگەی مێژوویی لەسەر پاك و خاوێنی و پیرۆزی ئاینی ناوداری ئیسلام و پارێزراو لە لایەن خوای گەورە (جل جلاله) تا کۆتایی زەوی لەبەرامبەر کوردو نەبوونی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ .

لەو بەڵگەیەماندا دەڵێین یەك لە نیشانەو بەڵگە هەرە گەورەکانی پیرۆزی و بالأی و بەردەوامی ئەو ئاینە پیرۆزە (بەڕێز و خواناس و موجاهیدی گەورەی ئیسلام و کورد) (صلاح الدين) ی ئەیوبیە سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئیسلام پیاوی ئاوا گەورەو خواناس دروست دەکا ، کە بە ئیزنی خوا ، لە هەموو دونیا دەنگی داوەتەوەو چرای پیرۆزی لە ئاسمانی خوا هەتا هەتایە نەکوژێتەوە لەگەڵ ئەوەش کە زۆرترین دوژمنانی خوا دوژمنایەتی دەکەن و بەهەموو هێزو توانایانەوە بەلأم تازە (صلاح الدين) جێی خۆی کردیتەوە لە نێو دڵی هەموو مرۆڤێکی دونیا بە کافرو موسڵمانەوە تەنانەت کافرەکان گەلێ لە موسڵمانەکانە باسی قارەمانەتی و تەقواو جوامێری و ئازایەتی و زانایی ئەو کەلەپیاوە دەکەن بەدرێژایی ژیانی وە هەمیشە سەریان سوڕماوە لە ڕەحم و بەزەیی و دڵ نەرمی ئەو پیاوە بەڕێزە لەبەرامبەر هەزاران بەدیل گیراوە خاچ پەرستەکان لە سەدەی

شەشەمی کۆچی ، چەند سەیرو جێگەی سەرسوڕمانی هەموو جیهانە کە لە تورلی لاوی ئەو پیاوە لەژێر سێبەری بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام نـاو ناوبانگی دەستی بەسەر هەموو دونیا داگرت تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد لەتەمەنی پەنجاو چوار سالّی ، خوای گەورە لێی خۆش بێ هەزاران ڕەحمەت لە گیانی پاکی . ئایا لەمێژووی پیرۆزی (صلاح الدین) چ پەند و دەرسێك وەردەگرین: بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەتەنها ئاینی ئیسلامە کەلّەپیاوی ئاوای لەژێر سێبەری بەردەوامی دروست دەبێ ، لەگەڵ ئەوەشا ڕۆڵەی گەلێکە لەهەموو گەلانی دونیا بێ ناوبانگ ترو دواکەوتووترو نەناسراو ترە بۆمان بەدیار دەکەوێ کە هەرکەسێ موسڵمانێکی پاك و پیرۆز بوو ئەوجا ڕۆڵەی هەر گەلێ بێ توانای هەیە (بە ئیزنی خوا) کە گەلانی هەموو دونیا لە ژێر یەك ئالاّ (ئالای ئیسلام) کۆکاتەوە و بجەنگێ لەبەرامبەر گەورەترین هێزەکانی کوفرو ئیلحاد وەك (صلاح الدین). بۆمان دیار دەکەوێ کە ئاینی ئیسلام تایبەت نیە بەعەرەب بەڵکو (فضلُ الله یؤتیه من یشاء والله واسعٌ علیم) المائدة(٥٤) فەزڵی خوای گەورەیە لەسەر ئەرز کێ ی بوێ پێی دەبەخشێ وەك هەموومان دەزانین بەعەرەبی بەخشی بەکورد و تورك و فارسی و ئوردیش و غەیری گەلانی دیکەشی بەخشی .

صلاح الدین تاکە سەرکردەیە لەسەردەمی خۆی بەهۆی ئەوەی کە لە ژێر سێبەری کیتاب و سوننەت گەورە ببوو ناوی دەرکردبوو بەسەرکردەیەکی ئاشتی پەروەرو خواناس و بەزەیی و دڵ نەرم لەبەرامبەر دوژمنانی لەگەڵ ئەوەش بەدەسەلات ترین و بەهێزترینی قیادەی سەردەم بوو ، کەچی پاشاو سەرکردەکانی کوفرو ئیلحاد لەبەناوبانگترین خوێن ڕێژو ستەم کارو زۆرداری جیهانن ، بۆ؟ ئەوەیە سیفەت و سروشتی بەرنامەی خوا هەرکەس لەژێر سایەی پێ بگا پیاوی وەك صلاح الدین و لەویش چاکتری لێ دەردەچێ وە بەپێچەوانەوە هەرکەس لەژێر سایەی کوفور ئیلحاد پێ بگا و دەسەلات پەیداکا زۆردار و خوێن ڕێژو تاوانبار دەبێت وەك هەموو تاغوتەکانی دونیا لە ئێستاو ڕابردوو داهاتوو.

بیرو ڕای عەلمانیە کوردەکان لە بەرامبەر (صلاح الدین)

زۆربەی هەرەزۆری عەلمانیەکانمان نەك بەسوکی و بێ نرخی سەیری صلاح الدین دەکەن و هیچ حیسابێکی لە ویژدانی مرۆڤایەتی بۆ ناکەن ، بەڵکو هەزاران جوێنی ناشیرینیشی ئاراستەدەکەن ، بۆ؟ گەر لێیان بپرسی برایان بۆچی وا بەبێ ویژدانانە کەوتوونەتە گیانی پاکی ئەو کەڵەپیاوە موسڵمانە کوردە، لە وەڵاما دەڵێین : چونکە لەسەردەمی خۆی کوردایەتی نەکردیەو هێزو دەسەڵاتی خۆی بەکار نەهێناوە بۆ دروستکردنی
دەوڵەتێکی کوردی بەنەزانی و بێ شارەزایی لەمێژوو لە ژیانی صلاح الدین بەربوونەتە گیانی ئەو خواناسە بەناو بانگەی کورد .

ئێستا لەو چرکەیەی کە من ئەو وشانە لەبارەی صلاح الدین دەنووسم بەدەیان هەزار لەو عەلمانیانە وا لەچایخانەو قومارخانەکان و مەیخانەکان کەوتوونە خەریکی دۆمینەو تاوڵەو پۆکەرو خواردنەوەن و کورد گوتەنی ئاگایان لە عەمری دونیا نیە و ماڵ و منداڵەکانیان بەرەڵای سەر دونیا کردیەو هیچی چاکیان فێر ناکەن زۆریشی لەوانە لەدام و دەسگاکانی میری کاربەدەستن و ئیش و کاری خەڵکی کوردەواریان لەژێر دەستاو بەزەبری چەشە خۆری و بەرتیل وەرگرتن نەبێ کاری خەڵك ئەنجام نادەن و گیرفان پڕکردن بەماڵی دەوڵەت و خەڵك ئارات و ئامانجی هەرە گەورەیانە و کارو کاسبیانە .

لە ڕاستیدا کوردێك دەبێ داوای دەوڵەتێکی کوردی بکا کەخۆی سەربازێکی دڵسۆزی ڕەوشت پاکی ئەو داوایەبێ و بەدڵ و بەگیان بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستە پیرۆزە هەوڵدا ، ئەی ئەگەر کوردێك وانەبوو مافی ئەوەی هەیە ئەو داوا گەورەو پڕ کێشەیە بکا؟ نەخێر ئەو مافەی نییەو نابێ نەخۆی و نەهیچ کەسیش ئەو مافەی پێبدا وەك ئەو عەلمانیە کوردانە کە لە کوردستانی باشوورن چونکە ئەگەر نەڵێم خائینن ناشڵێم نیشتمان پەروەرن لەبەر ئەوەی یەکێك درێژی ژیانی خۆی لەپشت گوێخستنی ماڵ و منداڵ و ژنی بباتە سەرو لەچایخانە بۆگەنەکانی

کوردستان و مەیخانەو قومارخانەکانی باتەسەر چۆن دەتوانی مافی کوردایەتی بەخۆی بداو چۆن لێی دەوەشێتەوە کوردایەتی بکا کە مادام وەفای بەرامبەر جەرگی خۆی نەبێت چۆن بەرامبەر بێگانانی دەبێ، یاخود فەرمانبەرێك بێ لەدام و دەسگایەکی میری بەبەرتیل خۆی دەوڵەمەند کا یابە دزینی ماڵی دەوڵەت گیرفانی پڕکا هەرگیز ئەو مافە نابێ بەخۆی دا کە داوا لە صلاح الدین و یا غەیری صلاح الدین بکا کە دەبوایە حکومەتێکی کوردیان بۆ دروست کردابا چونکە ئەو جۆرە کەسانە هەرگیز غەمی کوردیان لەبەر نییەو هەموو دەم ئامادەن بەچەند پولێك خۆیان بفرۆشن یا شەرەف و ئابرویان بەدەستەوە بدەن .

ئەدی بابزانین بۆ هێند هێرشی ناڕەوای خۆیان دەبەنە سەر صلاح الدین و باب و باپیرانمان کە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیان بۆ جەنابیان دروست نەکردیە؟ هەڵبەتە نیازێك و مەبەسێکیان لەو هێرشە ناڕەوایە هەیە، بابزانین چییە: باب و باپیرانی هەژار و قوڕبەسەرمان لە سەدا نەوەتی نانیان نەبووە بیخۆن بەدرێژایی ژیانیان کوشتەی دەستی ڕەشی نەخوێندەواری و هەژاری و نوخۆشی بوون بەدرێژایی ژیانیان نەیان زانیە کوردایەتی چیەو نەیان بیستیە کوردایەتی چیەو چۆنە لەگەڵ ئەوەشا عەلمانیە پێشکەوتنخوازەکانمان مامۆستا لەبیرو باوەڕی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری هەموو هێرشی ناڕەواو ڕق و کینەیان بەسەردا دەڕێژن لەسەر ئەوە دەوڵەتی کوردیان بۆ جەنابی موبارەکیان دانەمەزراندووە ! ئەی برایانی خۆم ئێوە ئوستاد و مامۆستا و پرۆفیسۆری کوردایەتین دە ئێوە بۆ ڕۆڵەکانی دوا ڕۆژمان ئەو دەوڵەتە دروست کەن ئەگەر لەسەر نەخشەیەکی نوێش ناتوانن لەسەر نەخشەیەکی کۆن و هەر لە قوڕو بەرد پێکەوەی نێن با لە پاشە ڕۆژ ڕۆڵەکانمان نەفرەتتان لێ نەکەن هەروەك ئێوە نەفرەت لەباب و باپیرانمان دەکەن ئەی نەتان زانیوە ئەورۆو سبەی ئێوەش دەبن بەباب و باپیرانی ڕابردوو؟ چەند شتێکی سەیرە یەکێك نەپارەو پولی هەیە و نەجل و بەرگ نەخوێندەواری هەیە و نەهەندەسەزانە کەچی داوای دروستکردنی (ناطحات السحاب) ی لێ دەکرێ ،

بەلاّم داوا لە خۆی ناکا کۆریتیێ دروست کا کە هەزاران جار دەس ڕۆیشت و تـرە لەداوا لیٚ کراوی یەکەم!!

یاخود داوا لە (صلاح الدین) ی ئەیوبی دەکەن کە ئەو دەوڵەتی بۆ دروست کردابان بەر لە هەشت سەدو پەنجا ساڵ لە ئەوڕۆ لەگەڵ ئەوەشا کە صلاح الـدین ڕووت و قووت بوو لە هەموو هۆکارەکانی دروسـت کردنـی دەوڵـەتێکی کـوردی برایانی بەڕێز و ڕۆشنبیر سەدەی صلاح الدین لە جیهانی ئیسلام سـەدەی ڕەگـەز پەرستی و گەل پەرستی نەبوو، بەڵکە سەدەی خوایە پەرستی و بـالأیی کیتـاب و سونەت بوو. وەرن هەموو مێژووی ئەو سەردەم بخوێنەوەو لێبکۆڵنەوە بزانن یـەك تاکە عەرەب (لەهەر چین و توێژێك بووبی) عەرەبایەتی کردیەو نـاوی بەڕەگـەز پەرست و عەرەب پەرست ڕۆیوە ؟ نەخێر نیە، جا کەوایە کەئەوە حالی عەرەب بیٚ کە پێشکەوتووترین گەلی جیهان بووبیٚ لەجیهانی ئەوکات کەواتە چـۆن داوا لـە (صلاح الدین) یێکی ئاوارەی شاری تکریت کە ئێستا ناوی نراوە (صلاح الـدین) دەکەی کەدەبوایە بەر لە هەموو شتیێ حکومەتێکی کـوردی بـۆ دامەزرانـدباین؟ لەتەمەنی شەش سالّی ئاوارەی میصر بوو .

مێژوو بۆمان دەگێرێتەوە (ئەو مێژووەی کە ئێمە جـاران لـە پـۆلی شەشـی سەرەتایی لەساڵی ١٩٥٩ دەمانخوێند) کە (صلاح الـدین) ی ئـەیوبی خـەڵکی شاری تکریتە لەتەمـەنی منـاڵی باوکی دەمریٚ و مـامی (شیرکۆ) پـەروەردەکردنی صلاح الدین دەگرێتە ئەستۆی خۆی. قەزاو قەدەر یەك لە کوڕەکانی شیرکۆ کـوڕی (والی) ئەو شـارەی لەدەسـت دەکـوژریٚ. لەبـەر ئـەوە والیەکـە پیـاوێکی گـەلیٚ موسلّمان و چاك بووە لێیان خۆش دەبیٚ بەلاّم داوا لە شـێرکۆ دەکـا کـەوا باشـترە شاری تکریت بەجیٚ بهێلّن و لەبەرچاوم وون بن. ئەوانیش سەری خۆیان هەلّدەگرن هەتا ولاّتی میصر گیرنابن و لەویٚ جێگیر دەبن، ئەوکاتە تەمەنی صـلاح الـدین (خوا لێی خۆش بیٚ) تەنها شەش سالّ بوو .

(صلاح الدین) لەو ولاّتە گەورەو پەروەردە دەبیٚ و لـەژێر سـایەی کیتـاب و سونەت ئەو سـەرکردە قارەمـان و گـەورەو بەناوبانگـەی لیٚ دەردەچـیٚ و دەبێتـە

جێگەی سەر سوڕمانی هەموو دونیا کە بۆ جاری دووەم شاری (القدس) ڕزگار دەکا لەجەنگی گلاّوی خوێناوی خاچ پەرستەکان ، ئەوە شانازی نییە بۆ کورد کە (صلاح الدین) یێکی لێ هەڵکەوی ئەو شارە پیرۆزە (اولی القبلتین) رزگارو ئازاد کا لە سەدان هەزار سەربازی خاچ پەرست بەهێزی ئیمان بە خوای گەورە ، بەچی ئیمان بەخوای گەورە و ڕۆژی دوایی؟ ئەو خاچ پەرستانەی (الصلیبیون) کە بەسەدان هەزارانیان لە ئەوروپاوە هاتبوون بەتەواوی چەك و جبەخانەیان و سەرکردایەتی چەندانی وەك (ریتشارد قلب الاسد) (ریکاردۆ) پاشای بەریتانیای ئەو سەردەم ؟ ئەمڕۆ دەبینین سەدان ملیۆن عەرەب دەستە وەستان وەستاون لەبەرامبەر جولەکە ترسنۆکەکانی فەلەستینی داگیرکراو؟ باشە با لێرەدا پرسیارێك بکەین و بڵێین بۆچی سەدان هەزار عەرەب ، بەڵکو ملیۆنەها عەرەب مل کەچی فەرمانەکان و داخوازیەکانی صلاح الدین بوون کە کابرایەکی بێگانەی کورد بوو بۆچی ئەمڕۆکە یەك تاکە عەرەب بۆ دەهەزار کورد سەرشۆڕ ناکا یا ئەو دەهەزار کوردەش لەسەر حەق بن؟ ئاخۆ دەبێ چ بێ ئەو سەدان هەزار عەرەبەی ژێربالّ کردبێ بۆ (صلاح الدین) یێکی کورد؟ بێگومان ئاینی ئیسلامی پیرۆز کە دەفەرموێ (وانَّ هذه امتکم امةً واحدةً وأنا ربکم فاتقون). گومانی تێدا نیە ئەو سەدان هەزار عەرەبە لەسەردەمی صلاح الدین لەژێر ئەو دروشمە خواییە کۆببونەوەو یەك گیان و یەك دلّ دەجەنگان لە دژی خاچ پەرستان، ئیتر صلاح الدین و سوپاکەی ئیسپاتی دەکەن کە ئاینی ئیسلام ڕەگەز پەرستی لەناو عەرەب و غەیری عەرەب لەناو بردبوو بەفەرمانی خوا (وأعتصموا بحبل الله جمیعاً ولا تفرقوا) یەکتریان گرتبووەو ببوون بە یەك پارچە (لو انفقت ما في الأرض جمیعاً ما أَلّفْتَ بین قلوبهم ولکنَّ الله أَلّفَ بینهم .....) الأنفال (٦٣) .

ئاشکرایە سوپاکەی صلاح الدین بەشی هەرەزۆری عەرەب بوون و بەشێکی کەمی کوردو تورك بوون، خەڵکی بێخەبەری ئەمڕۆ وا تێدەگەن کە سوپاکەی هەر هەمووی کورد بووە، ئەو سوپا پیرۆزەی صلاح الدین لەکوردستانەوە بەرێ

نەکەوتبوو بۆ فەلەستین ، بەڵکو لەوڵاتی میسرەوە بەرێ کەوتبوو. ئایا سوپایەك بەتەنها سەرکردەیەك لەسەرکردەکانی کورد بێ دەتوانێ حکومەتێکی کوردی دروست بکا؟ یا دەتوانی ڕوو لەو سوپایە بکا کەیارمەتی بدەن بۆ مەبەستێکی ئاوا؟ ئەو سوپایە تەنها کۆکرابۆوە بۆ جەنگان لە دژی خاچ پەرستان و ئازاد کردنی شاری (القدس) بەتایبەتی و فەلەستین بەگشتی نەك بۆ مەبەستێکی تر ، لەدوای هەندیش سوپاکەی صلاح الدین خۆ لە کوردستان دروست نەکرابوو کە پاکی سەربازەکانی کوردبێ بەنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی گەورە .

بەداخەوە ئێمەی کورد زۆر ڕاستی لەخۆمان دەشارینەوە یا بیرمان دەچێ، باشە ئێمەی کورد تەنها خاوەنی یەك تاکە صلاح الدین بووینەو هەموو گەلی کورد تەنها ئەو ڕۆڵەی هێناوەتە کایەوە وە چ ڕۆڵەی وەك ئەومان نەبووە لەسەردەمی صلاح الدین و پێش (صلاح الدین) کە هەستی نەتەوایەتی هەبووبێ و هەستابێ بە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی ؟ بێگومان گەلێکی وەك گەلی کورد کە هەموو دەم ژمارەی وەك گەلانی ناوچەکە بووە یا زیاتر ئیمکانە خاوەنی سەدانی وەك صلاح الدین بووبین، بەلاّم بۆ خەباتیان نەکردیە لەپێناودامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی؟ ئایا لەبەر ئەوەبووە پێویستمان پێ نەبووە؟ ئایا نەیان توانیوە؟ ئایا ئەگەر دایان مەزراندیە ئەو دەوڵەتە کوا؟ناوی چی بوو؟ چەند ساڵ حوکمڕانی کوردستانی کرد؟ بەقیادەی کێ بوو؟ بۆ ڕووخا؟ ئەگەر ڕووخاو ئەما بۆچی زیندوومان نەکردەوە؟ وەك زۆر گەلان لە مێژوو چەند جاران دەوڵەتیان ڕووخاوە لەسەر نەخشە سڕایەتەوە و کەچی گەلەکەی زیندوویان کردیتەوە وەك ئیمپراتۆریەتی ئیتالی و ئەڵمانی و دەوڵەتی پۆڵەندا و چەندان دەوڵەتی تر. ئێمە بۆ لۆمەی ئەو (صلاح الدین)ە بکەین کە هەزاران کیلۆمەتر لە کوردستان دووربووەو تەنانەت کوردیشی نەزانیوە بۆ لۆمەی ئەو هەمووە (صلاح الدین) ە نەکەین کەلەسەردەمی ئەو لەکوردستان ژیاون؟

زۆرم لا سەیرو جێگەی داخ و سەرسوڕمانیشمە سەروەختێك لەكوردستانی ئێمە عەلمانیە كوردەكان لەكاتێكدا هەزار جوێنی ناشیرین بە (صلاح الدین) ئەیوبی دەدەن ، چونكە كوردایەتی نەكردیە (جیڤارای) خەڵكی (بۆلیڤیا) یان پیرۆز دەكردو سەریان بۆ وێنەكەی شۆڕ دەكرد و دەستی ئیحترام و ڕێزیان بۆ وێنەكەی بەسینگەوە دەنا ئەوە چییە خەڵكی بۆلیڤیایەو لەگەڵ ئەوەشا شان بەشانی ڤیدل كاسترۆ لە كوبا خەبات دەكا بۆ وەدەرنانی ئەمریكیەكان لەو وڵاتەو ڕزگاركردنی لەدەست حوكمەتی (باتیستا) ی ئالقە بەگوێی ئەمریكیەكان لەو وڵاتە لەژێر دروشمی (من خاوەن نیشتمان نیم و هەموو دنیا نیشتمانی منەو هەر وڵاتێ لە لایەن ئیمپریالیەی جیهانی داگیركرابێ من خەبات بۆ ئەو دەكەم !) ، چۆن دەبێ مرۆڤ هێندە خۆی گێل و وێل كا خۆی دووچاری دژایەیتیەكی ئاوابێ ویژدانی كاو (حەق) بەدوو جۆرە كۆل بپێوی؟ ئایا جیڤارا و كوبا و كاسترۆ نەفع و سوود و قازانجیان بۆ كورد چییەو چ بووە؟ دەدادەی بۆم بژمێرن نەفعەكانیان؟ (صلاح الدین) خوای لێ خۆش بێ فەرمانی خوای نەشكاندووە بەئازاد كردنی قودس لەدەست خاچ پەرستان، واللە ئەو خاچ پەرستانە بێتوو سەركەوتنیان بەسەر صلاح الدین و سوپاكەی هێنابا واللە نەعەرەبەكیان دەهێشت و نە كوردێك ، چونكە موسڵمان بوون و هەروەك چۆن خەڵكی شاری قودسیان تێكرا سەربڕی كە ژمارەیان لە حەفتا هەزار كەس پتر بوو .

ئەو سەدان هەزار یا ملیۆنەها كوردەی ئەوڕۆ داوا لە صلاح الدین دەكا كە دەبوایە كوردایەتی كردباو دەوڵەتێكی كوردی دامەزراندبا لەبەر خاتری كورد و كوردستانیان نییە (نەوەڵڵا) بەڵكو هێندە دەترسن لە دوژمنانی كورد كە ئەگەر صلاح الدین ئەو دەوڵەتەی دروست كردبا ئەمڕۆ ئەو ترسەیان نەدەما ئەوجابە ئاسوودەو دڵنیایی تا مردن بەهەواو هەوەسی خۆیان ژیانیان دەبردە سەر ، واتا لەبەر ترسنۆكی و بێ غیەتی ئەو داوایە ناڕەوایە لە صلاح الدین دەكەن ، چونكە دەزانن ئەو هەواو هەوەسەی ئەمڕۆ تێدا غەرق بوونە لەسەر كولەكەی فاقێیە لەدەست شالاوی دوژمنانمان كە كات و ساتی بۆ نییە.

٧- یەك لە ڕاستیە هەرە گەورەکانی مێژووی ڕۆژهەلاّتی ئیسلام ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەمەوی و دەوڵەتی عەباسی و دەوڵەتی عوسمانی تا دەستیان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە گرت بالاّبوون و بەهێز بوون لەسەردەمی ئەمویەکان سوپای ئیسلام بە قیادەی (عوقبەی کوڕی نافیع و ئەبو موسلمی باهیلی) توانیان بگەنە سنوری ولاّتی چین لە ڕۆژ هەلاّتەوە ،(تاریقی کوڕی زیاد) یش لەڕۆژئاوا ولاّتی ئەندەلوسی فەتح کرد و لە کوفرو خاچ پەرستی ڕزگاری کردن تاکو ئەمرۆش (تەنگژە = مضیق) چیای تاریق بەناوی ئەوە (مضیق جبل طارق) وەلەسەردەمی عوسمانیەکان(محمد الفاتح) توانی بۆ یەکەمجار فەتحی شاری قوستەنتینە بکاو ئەو شارەی کە بەدرێژایی مێژوو کەس نەیتوانیبوو خۆی لە شوورە بلندو چڕۆ بەهێزەکانی بدا ئەو قائیدو موسڵمانە توانی بگاتە ولاّتی نەمساو شاری (ڤیەننا) ی پایتەخت گەمارۆبدا ،لەساڵی ١٤٥٣ ی زاینی .

بەلاّم کاتی کە پشتیان لە ئیسلامەتی کرد و فەسادو ئاشوب و بەڕەڵلاّیی و بێ یاسایان تێکەوت لەسەردەمی پاشاو سوڵتانەکانی دوای (مأمونی) کوڕی هارونە ڕەشید خەلیفەی عەباسی وە لەدوای سوڵتان سلێمان قانونی سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی،بەخێرایی بەرەو نەمان چوون وبەجارێ تەفرو تونا بوون .

لەو ڕاستیانە بۆمان بەدیاردەکەوێ (لەمێژووی هەزارو چوارسەد ساڵەی ئیسلام) کە ئاینی ئیسلام نەك گەورەترین هۆکاری دروست کردنی دەوڵەتە بۆ هەر گەلێکی ئیسلام کەدەستی پێوە بگرێ و بیکا بەدەستور و یاسای دەوڵەتەکەی بەڵکو گەورەترین هۆکارە بۆ بەردەوام بوونی هێزی دەوڵەت و بەپێوە ڕاوەستانی. هەرکاتێ دەستی لێ بەردا بەردەبێتەوەو لەناو دەچێ.

٨ – مرۆڤ گەر کەمێ بەووردی بیرکاتەوە داوەرێتەوە خۆی و ماوە بەمێشکی خۆی بدا کە کەمێ ئەسپی خۆی تاوبدا لەنێو جیهانی ڕاستی و واقیع و ڕاستی زۆر سەیرو هاسان و ژیرانەی بۆ بەدیار دەکەوێ لەو ڕاستیانەی کە لەهەلّدێریکی سامناکی دەگێڕێتەوە .

بێ گومان زۆرن ئەو ڕۆڵە کوردانەی کەدەڵێن بڕوامان بەخوای گەورە هەیە (جل جلاله) لەگەڵ ئەوەشا عەلمانیەکان رایان مێشك بەبۆگەنیناوی کوفرو شوشتۆتەوە کە ئەوانیش وەك عەلمانیەکان بڵێن ئاینی ئیسلام هۆی دواکەوتنمانە، بێ خەبەرن لە هەندێ کە گاڵتە بە خۆیان دەکەن بەوەی کە خۆیان هێناوەتە ڕیزی کەسانی نەزان و تاریك بیرو بێ هۆش ، هەروەها خۆیان دووچاری دژایەتی کردیە (تناقض) لەبیریان چۆتەوە لەبیرخۆیان دەبەنەوە کەهەرکاتێ دەگەنە تەنگانەو ناخۆشی و مەترسیەك، مەترسیەکی ئەوتۆ کە ناتوانن خۆیان لێ ڕزگار بکەن و خۆیان لەبن چەپۆکی دەرهێنن و لەبەرامبەری دەستە وەستان دەوەستن و هەناسە برکێ و دڵە کوتێ دەیان گری یەکسەر هاواری خوای گەورە دەکەن کەڕزگاریان کا لەو تەنگانە سامناك و کوشندەیە !! ئەو حاڵەتەی مرۆڤم بەلاوە سەیر نیە ،چونکە ئێمەی موسڵمان لەهەر هەموو شتێك کە پێویستمان پێی هەبێ ، لەسەر ئەو ئەرزە ئیسلام فێری کردین و ئاگاداری کردینەوە ، ئەوەتا لە چەندان ئایەت دەفەرموێ ئەوە حاڵی مرۆڤە هەرکاتێ تووشی تەنگانە دێ (وإذا مسَّكم الضرُّ في البحر ضلَّ من تدعونَ إلا اياهُ...) الأسراء٦٧ .

بەڵێ ئەو حاڵەتەی مرۆڤم بەلاوە سەیر نیە بەڵام ئەوەی کە دەمەوێ موسڵمانی کوردی لێ ئاگادار کەمەوە بۆ ئەوەی بزانی کە ئیسلام کوردی دوا نەخستیە ئەوەیە: تۆ کاتێ دەکەویە تەنگانە هیچ دەسەڵات و توانایەکت بەرامبەر ئەو تەنگانەیە نامینێ و عەقڵ و عیلمت لەبەرامبەری ڕادەوەستێ و هەرچەندی بتەوێ خۆت ڕزگارکەی ناتوانی ، ئەوسا یەکسەر هاواردەکەیە خوای گەورەو پڕ بەدەم هاوار دەکەی کە ڕزگارت بکا ، چونکە دەزانی لەو زیاتر کەست بەهانات نایە و هیچ هێزێك نییە ڕزگارت کا تەنها خوای گەورە نەبێ، لەوکاتەدا ئەوانەی کە بەلاتەوە گەورەو بەهێز و توانان و لە خۆشەویسترین کەسانی ژیانتن و لەوانەیە سوجدەو کڕنوشیشیان بۆ بەری هێندە بەلاتەوە گەورەن و وا دەزانن گەلی کورد بەبێ ئەوانە ماڵ وێرانە و هەرگیز پێش ناکەوی و پێشکەوتن و هێزی کورد لەدەست ئەوانە کەچی بە ماوەی کەمتر لە چرکەیەك هەر هەموویان لەبیر دەکەی و

یەکسەر بادەدەیەوە سەر خوای گەورەو رووت بەلای ئەو وەردەگێڕی و پڕ بەدەم و پڕ بەدڵ هاواری دەکەیتێ و هەروەك بلێی بەدرێژایی ژیانت پەرستوتەو کەسی ترت لەبری ئەو بەگەورە و بەهێزو توانا نەزانیوە ، چونکە لە قەراڕەتی نەفس و دڵ و دەرونت زانیت لەو کاتە زێدە سامناك و ناسکە لەئەو زیاتر کەست بەهانا نایەت ، هاوارت کردە ئەو کەسەو هانات بردەبەر کە رۆژ هەتا ئێوارەو ساڵ دوانزەی مانگ و بەلکو بەدرێژایی ژیانت ئاینەکەی (ئاینی پیرۆزی ئیسلام) تاوانبار دەکەی و گاڵتەی پێدەکەی و بەهۆکاری هەرەگەورەی دواکەوتنی کوردی دەژمێری!! مرۆڤ چۆن دەبێ هێندە دوژمنایەتی خوای گەورە و ئاینەکەی بکاو ئاینەکەی بە ئاینی سەدەی تاریکی لە قەڵەم داو دواتریش لە بچوکترین تەنگانە هاواری بکاتێ؟ بەڵێ ئاوایە مرۆڤ لەتەنگانەدا لەڕەحم و هێزی هەموو کەس بێ بەشە تەنها هی خوای گەورە نەبێ، ئایا ئاینی ئەو خوایە گەورە دەبێ هۆکاری هەرە گەورەی پێشکەوتن بێ یادواکەوتن؟ . هاواری دەکەیتێ لەسەر رزگارکردنی بەنرخترین سامانت کە (گیانە) بەلاَم هاواری ناکەیەی کەگەلەکەت پێش بخار بیپارێزی و بۆیژیدا لە ئەرز و ئاسمان لەسەر داوای خۆی ، واتا: خوای گەورە خۆی ئەو داوایەمان لێ دەکاو دەفەرموی: (ولو آمنَ أهلُ القُرى وأتّقوا لفتحنا عليهم بركات من السّماءِ والأرض ولكن كذّبوا فأخذناهم بما كانوا يكسبون) (الأعراف ٩٦) ، کەواتە — برایان — پێشکەوتن و دواکەوتنمان لەدەست خۆمانەو کردەوەی خۆمان پێشکەوتن و دواکەوتنمان دیاری دەکات ، بڕی پێشکەوتنمان بەستراوەتەوە بە تەقوامان لەبەرامبەر خوای گەورە چەند تەقوامان زیاتر بێ هێندە پێشکەوتنمان زیاتر دەبێ دەنا بە پێچەوانەوە .

ئەی بۆ کافران وا پێشکەوتوونە خۆ هەرچی تەقوابێ خۆیان لێ بێ بەش کردیە؟ خوای گەورە (سبحانه وتعالى) بەئایەتێکی کورت و پڕماناو پیرۆز وەلاَمی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەفەرموێ (وما كان ربُّك ليُهلك القُرى بظُلْمٍ وأهلها مصلحون) (هود ١١٧) واتە خوای گەورە هیچ

ولاتێکی بەهۆی کوفر وێران ناکا کەمادام هاولاتیانی لەناو خۆیان بەکاری چاك و عیلم خەریك بن هەتا کاتی خۆی .

مانای ئیصلاح بەلای هێزەکانی کوفرو ئیلحاد ئەوەیە هەموو هۆکارەکان هێزو دەسەلات و توانا وەدەست بهێنن بۆئەوەی نەك هەر لەبەردەستی بێگانە زەلیل و ریسوا نەبن،بەلکو هەموو جیهانیش زەلیل و ریسوا کەن ولەهەموو بوارەکانی عیلمی و ئابووری و سیاسی و عەسکەری ، ژیانێکی تەنها نەمرو نەژینیان بۆ دروست کەن ، لەو بارەوە بەتەواوی تیۆری (داروِن) ئەنجام دەدەن بەرێژە لەسەدا سەد ، ئەو تیۆرە دەلێ:- (التنازع من أجل البقاء والبقاء للاقوى) مانای: لەنێو ئەو بینەو بەردەی ژیانی دونیا دەبێ تەنها بەهێز و توانا بێ هێز و لاوازەکان هەموو بخۆن ، واتا: کەس مافی ژیانی نییە لەسەر ئەرز تەنها گەلانی بەهێز و توانا نەبێ .

دیسانەوە خوای گەورە لەبارەی گەلانی کوفرو ئیلحاد دەفەرموێ: (مَنْ كانَ يريد الحياة الدنيا وزينتها نوفَّ اليهم أعمالهم فيها وهم فيها لا يَبخسونَ). بەلام: (أولئك ليس لهم في الآخرة إلا النَّار وحبطوا ما صنعوا وباطل ما كانوا يعلمون).

خوای گەورە لەو ئایەتە پیرۆزە پەیمانی دایە کە ئەوانەی تەنها ژیانی دونیاو جوانی و رازاندنەوەی ژیانی دونیایان دەوێ هەموو شتێکیان پێ ببەخشێ ، بەلام کارو کردەوەیان ، کە مادام ئیمانیان نیەو موسلمان نین هەر هەمووی بەتالەو بوویتە (هباءً منپور) واتا ئەو تۆزە وردانەی کەلەناو تیشکی رۆژ بەدیار دەکەوێ کاتێ کە لە کونێکەوە دێتە ژوورێکی تاریك و واتا هیچ نرخ و کێش و سوودی نییە بۆیان .

بێ گومان (وەك لەهەمووماننەوە ئاشکراو روونە) گەلانی کوفرو ئیلحاد ژیانی دونیایان بەچاکی هەلبژاردووەو هەموو شتێکی بەوپەری دلسۆزی و بێ ورچانی و ماندوو بوون لەپێناو دەکەن، لەبەر ئەوە (دەیانبینین) گەیشتونەتە پلەی هەرەبەرز لە هەموو بوارەکانی ژیان بەتایبەت زانیاری و تەکنەلۆجی و ئابووری و لەشکری ، لەبەرئەوە شانازی بەخۆیان دەکەن و کەشخەو

لووت بەرزی بەسەر هەموو دونیـا لێ دەدەن. لەهـەر لایـەنێك سـەیریان دەكـەی ئێمەی موسڵمانی كورد نەك لـەكاروانی ئـەوان بـەجێ مـاوین ، بـەڵكو سـەدان ساڵمان ماوە بەڕێ كەوین، تەنانەت ئەو ئامێرانە كـە ئـەمڕۆ دروسـتیان كردیـە ئێمە چەندان ساڵمان دەوێ ناوەكانیان فێـربین و كاریـان پـێ بكـەین، ئـەوە لـەو ئەنجامەی كە بەڕاستی ژیانی دونیایان بەهەموو شتێكەوە دەوێ.

بەلاّم ئێمە كـورد — زۆر بەداخـەوە — نـەژیانی دونیامـان دەوێ وەك ئـەوان، نەژیانی ئاخیرەتیش ، چۆن و لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی دووچـاری گـەورەترین هەڵـە بووینە لەدرنیاو لە مێژوو بەوەی كە (بەگوێرەی عەقڵی خۆمان) پشتمان بـەوان بەستووەو وازمان لە ئەصلی پێشكەوتن هێنایە كە (قورئـانی پـیرۆز و سـوننەتە پاكەكانی پێغەمبەرە (علیـه الـصلاة والـسلام) وادەزانـن كـە بەوحاڵـە پـێش دەكەوین و دەبینە خاوەن هێزو توانا وەك ئـەوان ، عیـززەت لـەبری خـوای گـەورە لەوان داوادەكەین، یان هەر نەبێ بیرمان وایـە ئـەوان لـە ئاغووتـەكانی تـورك و فارس و عەرەب دەمان پارێزن. بەخوا بەخوا یەكجار بەسـەهوو چـووینە یـەكجار بەهەڵە چوونە، چونكە موستەحیلە هـیچ ئاغایـەك لـەدونیا هـەبووبێ خزمـەت كاری خۆی كردیتە ئاغا ، بەڵكو ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زیاتر بێ نرخـی كردیـە و سـەر شۆڕو مل شۆڕی كردیەو زەڕەیـەك غـیرەت و عـەقڵو عیززەتـی تیـا نەهێـشتووەو كردویەتی بەگیانلەبەرێكی مل كـەچ تـەنها خزمـەتی ئاغـا بكـا، موسـتەحیلە ئەوجارەش موستەحیلە هێزەكانی كوفرو ئیلحاد لێ بگەڕێن گـەلێكی موسـڵمانی وەك كورد ڕۆژێ لەڕۆژان بالاّبێ. خوای گەورە دەفەرموێ (بشّر المنـافقين بـانّ لهم عذاباً اليماً الذين يتخذون الكافرينَ أولياءَ من دون المؤمنين ، أيَبتغـون عنـدهم العزَّة فـإن العـزَّة للهِ جميعـاً) النـسـاء (١٣٨ ١٣٩) واتـا: مزگێنـی بـدەن بـە منافیقانی دوڕوو سێ ڕوو بەعەزابێكی یەكجار قـوڕس ، كـێن ئـەو منافیقانـە؟ ئەوانەن كە پشتیان بە كافران بەسـتووە لـە بـری موسـلمانان ، ئایـا لـەو كـارە ناڕەوایەیان مەبەستیان ئەوەیە عیـززەت و ڕێـز و نرخیـان دەس كـەوێ؟ بەسـەهوو چووین عیززەت و حورمەت و گەورەیی بۆ مرۆڤ تەنها لەلای خوای گەورەیە لەلای

کافران نییەو نابێ ، عیززەت بەتەنهاو بەتەنها هی خوای گەورەیە کەسێ دەستی دەکەوێ کەلەسەر بەرنامە پیرۆزەکەی ئەو بڕوا.

ئێمەی کورد ئەمڕۆ (زۆر بەڕاشکاوی و بەئاشکرا) ژیانی دونیاشمان ناوێ ئەگەرچی ژیانی دواییمان لەقیس خۆمان دایە ، وا تێدەگەین لەقیسمان نەچووە؟ چۆن و لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی بەبێ هیچ هەل و مەرجێك و پەیمانێك خۆمان تەسلیمی هێزەکانی کوفرو ئیلحاد کردیە کە بێگومان ئەوانیش بەهەموو شێوەیەك ڕووتیان کردینەوە لە هەموو هۆکارەکانی مرۆڤایەتی ، ئەوسا گەلێك لەهەموو هۆکارەکانی مرۆڤایەتی ڕووت کرابێتەوە پێشکەوتنی چی؟ چۆن ڕووت نەکرایتەوە لە هۆکارەکانی پێش کەوتن لە هەموو لایەنەکانی ژیان؟ دەپێم بڵێن چمان بەدەستەوە مایە؟ (ئەمڕۆ لەژیانی دونیا چیمان بۆماوەتەوە ؟)وەختە بڵێم هیچمان بۆ نەماوەتەوە، نەخاوەن خاکین و نەخاوەن سامان و بەلای سەربەخۆیەوە هەرمەچوو، ژیان هەروکو هەموو گیان لەبەرێکی ژێرەوەی مرۆڤ دەبەینە سەر، بەڵکو کەمتریش لە هەندێ جار، بەڵام زۆربەمان هەستمان بەو مەترسیە نەکردیە کە لە هەموو لایەك گەمارۆی داین و لەهەموو ڕۆژگارەکانی ڕابردوو زیاتر ژیانمان لە تەلەزگەیە، بەڵام هێزەکانی کوفرو ئیلحاد لەپێناو بەرژەوەندی کاتی خۆیان دەستیان پێوە

گرتیین کە نەکەوین . هەرکاتێ دەستیان لێ بەردایین و بەرژەوەندیان لەگەڵماندا نەما خوانەبێ کەس نازانێ چیمان بەسەر دێ .

ئەورۆ ئێمەی موسڵمانی کورد بەلای کەمەوە لە کوردستانی باشوورمان دووچاری چوار جۆرە نەزیفی کوشندەو ترسناك بووینە(خوای گەورە ڕزگارمان کا) بەهۆی ژیانی ژێردەستیمان و داگیرکردنی ولاتمان لەلایەن هێزەکانی کوفرو ئیلحاد، ئەوچوار نەزیفیەش ئەمانەن:

١- نەزیفی ئەخلاقی :- ڕۆژبەڕۆژ ژیانمان بەرەو ژیانی ئاژەڵی و لەئاژەڵیش کەمتر دەڕوا بەدڕەوشتی و بەرەڵڵایی(الفوضى الجنسي) لەپەرەساندن دایە کەبەلای منەوە گەورەترین مەترسیە نەك لە کوردستان بەڵکو لەهەموو دونیا و

بەخێرایی ژیان لەسەر ئەرز بەرەو نەمانێکی مسۆگەر دەبا، من وادەزانم هیچ بەلایەك لەو بەلایە گەورەتر نیەو نەبووە لەبەر ئەوەی کۆمەلگای مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ شەڕترین گیانلەبەری سەرزەوی .

٢- نەزیفی عیلمی - زانیاری :- لەهەموومان ئاشکراو روونە کەئاستی زانیاری و زانین لەکوردستان یەکجار دابەزیوە ، ئەوەندە بەسە کەبڵێم مامۆستایەکی تازە دەرچووی ئامادەیی ئاستی زانینی ناگاتە ئاستی زانینی قوتابیەکی سەرەتایی پۆلی شەشەمی سالآنی شەستەکان .

٣- نەزیفی عەسکەری:- من بروام وایە ئەمڕۆ لەهەموو کوردستان سەد پێشمەرگەی جەرگسۆز نەبێ دیفاع لەکوردو کوردستان بکا ، هەرکاتێ لێمان قەوماو دووچاری شەڕی گەر دوژمنان بووین لەبەر چەند هۆکارێکی یەکجار گەورەو بەرچاو کە ئێرە جێگەی باسکردنی نیە .

٤- نەزیفی ئابووری:- کەم شوێن هەیە لەدونیا وەك کوردستانی ئێمە خاوەنی سامانی سروشتی بێت وەك نەوت، سامانی کوردستان ئەگەر لەبەر دەستێکی بەتەقواو ئەمین بێ بەلای کەمەوە کیفایەتی سەد ملیۆن کەس دەکا، بەلاّم زۆر بەداخەوە ئەو سامانە زۆرە کەس نازانی چی لێ بەسەر دێ و کێوە دەچی؟ هەرئەوەندە دەڵێم بێخێرترین هێزەکانی کوفرو ئیلحاد بەهەر هەموویان دەمیان تێناوەو فڕان فڕانە لەسەری ، بەحالەحالێش گەلەکەمان شتێکی ئەوتۆیان لێ دەست ناکەوێ ، بەکورتی وەك دابەستەیەکی مردارەوە بووی لێ هاتووە کە جۆرەها تاژی و تولە و زیندەوەر دەمیان تێ ناوە هەربزانە کۆتایی هات و ئێسقانەکانی لێ دەمینێ ئەویش دوای ماوەیەك دەڕزی و شوێنەواری بەیەکجارەکی نامینێ ، نووسین لەبارەی ئەو نەزیفە (نەزیفی ئابوری) بەموجەلەدێك ئەگەر تەواوبێ لەبەر ئەوە هەر ئەوەندە بەسە کە ئیشارەی پێدەم و خەڵك لێی ئاگادار بیتەوە .

٩ – ئایین بەگشتی واتا: هەموو ئاینییێك گەورەترین هۆیە لەسەر کۆکردنەوەو تەبایی و یەکگرتنی رۆڵەکانی هەر گەلێ ، من وادەزانم هەر ئەو

هۆیە گرنگە بووە کە بوویتە هۆی دروست کردنی ئایین بەر لەوەی خوای گەورە ئاینی خۆی بنێرێ ، ئایین کاریگەریەکی گەورەتری هەیە لەو کاریگەریەی کە هەیەتی لەبەرامبەر کۆکردنەوەو تەبایی و یەکگرتنی ڕۆڵەکانی گەل کە ئەویش دڵنیای و ئاسودەیی دروست دەکا لەنێو دڵ و دەروونی مرۆڤ ، مرۆڤ بەبێ ئاین هەمیشە دڵ توندو دوودڵ و مشەوەش و ترسنۆك و بێ بڕوا بەخۆی و بەهیچ کەس لەبەر ئەوە دەبینین بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ گەلانی سەرزەوی بەر لەوە خوای گەورە ئاینی پیرۆزی خۆیان پێ ببەخشێ بۆخۆیان ئاینێکیان دروست کردووە و دەستوورو یاسایەکی تاریك و تنۆکیان بۆخۆیان داناوە لەپەنارا خۆیان لەکۆڵ و ترس و لەرزو ناناسوودەیی و نارِحەتی گیان و دڵ کردیتەوە بەدرێژایی مێژووش بەدڵ و گیان پاراستویانە و جەنگیان لە پێناو هەڵگیرساندووە. هەرکاتێ ئاینەکەیان کەوتبێتە مەترسی .

هەندێ جار ئایین بەچاوێکی گەلێ گەورەترو بەنرختر سەیر کراوە لە (زمان) بۆ نموونە هۆی هەرەگەورەی جیابوونەوەی (ئیرلەندای باشور) لە بەریتانیای زل هێز مەزهەبی ئایینی بوو، بەریتانیەکان کاسۆلیك بوون ، بەڵام ئیرلەندای باشور (پرۆتستان) بوو، بەدرێژایی مێژوو کەس نەیبیستووە و کەسیش نەی دیوە هیچ گەلێك وازی لەئاینی خۆی هێنابێ ، بەڵێ زۆرجاران بەرەو کزی و لاوازی چووە ، بەڵام هەرگیز بەیەکجاری نەمردیەو نامری .

والەبەر چاومانە تاکە شتێ کە جۆرەها جولەکەی زمان لەیەك جیای کۆکردیتەوە لەفەلەستینی داگیرکراو ئاینە گۆردراوەکەیانە، کەهەرکۆمەڵە جولەکەیەی لە شوێنێکەوە هێناوە و مۆڵی کردینە لەسەر ئەو خاکەی موسڵمانان و قودسی پیرۆز هێندێکیان ڕووسین و هێندێکیان پۆڵۆنی و هێندێکیان هۆڵەندی و هێندێکیان عیراقی... هتد .

کەواتە مرۆڤ نابێ هێندە خۆی گێل و وێل کا لەئاستی ئەو ڕاستیە مێژوویی و واقیعانە و خۆی خەڵکی ساویلکە ، دەست خەڵەت دا کە کە گوایا ئاینی پیرۆز و ڕاست و پاکی ئیسلام بووبیتە هۆی دواکەوتنی گەلەکەمان (گەلی موسڵمانی

کورد) ئاینێکی وەك ئاینی (فەلەکان = دیانەکان) یاخود ئـاینێکی وەك ئـاینی جولەکان کە فرِیان بەسـەر ڕاسـتی یـەوە نـەماوە و بەرێـژەی سـەدا سـەدیان لێ گۆرِدراوە ، بەدرێژایی مێژوو زوڵم و ستەمیان لەپەنا کراوەو کوشت و کوشـتاریان لەسەر ڕوویدایە لەگەڵ ئەوەشا لەکار نەکەوتینە و تاکو ئەمرۆش لە هۆکارە هەرە گەورەکانی کۆبوونـەوەو تـەبایی و یـەکگرتنی گـەلانی کـوفرە ، کەچـی ئـاینی ئیسلامی پاك و پیرۆز کە ڕاستیەکی ڕەهایەو بەهیچ جۆر نـالوێ مـرۆڤ لـە هـیچ لایەنێکەوە (هەچەندە پێشکەوتووبێ) پێشی بکەوتەوە چۆن گەل دوادەخا ؟

دەوەرن هۆیەکانی دواکەوتنی کوردم بۆ بژمێرن و لێی وردبینەوە و بزانین کام هۆیان ئاینی ئیسلام لێی بەرپرسیارە؟ بزانن کام ئایـەت لـە ئایەتـە پیرۆزەکـانی قورئان یا کام حەدیس لە حەدیسە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) ئەو هۆیەی دروست کردیە کە کوردی پێ دواکـەوتووە؟ شـایانی وەبیرهێنانەوەیـە ئاینی ئیسلام هیچ کاتێ و لە هیچ شـوێنێ بەرپرسـیار نییـە لەهەڵـەو سـەهوو تاوانی هیچ کەسێك ، هیچ کەسێك بـەناوی ئیـسلام کـاری کردبـێ و بەرپرسـیار بووبێ و یاخود پاشایەك بووبێ یا سەرۆکێك بووبێ ، خەڵکی موسڵمان دووچـاری هەڵدێر کردبێ بـەناوی ئیسلام ، دەبـێ چـاك بـزانین ئـاینی ئیـسلام تاوانبـارو بەرپرسیار نییە لەهەڵەو تاوانی ئەو پاشایە یا ئەو سەرۆکە لەبەر ئەوەی قورئان و حەدیس ئەبەدەن هەڵەو بە سەهو چونیان تێدا نییـە تاموسـڵمانان بەهەڵەبیـەن یاخود تووشی تاوانیان بکەن.

لێرەدا پرسیارێك دەکەین و دەڵێین: ئێمەی موسڵمانی کورد گەر وازمـان لـە ئیسلام هێنا ئایا بچینە سەر چ ئاینێك؟ بەر لە هەموو شتێ دووچاری گەورەترین هەڵدەبین بەو کارە ناڕەوایە لەدواتر گەورەترین بۆشایی لە ژیانمان دروسـت دەبـێ بەهیچ شتێك پڕنابێتەوە ، چـونکە ئـاینی ئیـسلام ئۆتۆمبیـل نییـە بەکـەیف و هەوەسی خۆمان مۆدیلی بگۆرِین،کـاتێ بـیر لەئەنجامـدانی هەڵەیـەکی واگـەورە بکەینەوە دەبێ بەر لە هەموو شتێ بیر لە لـەوە بکەینـەوە چ ئاینێـك بۆخۆمـان دروست بکەین یان بەچ ئاینێکی بەناوبانگ بیگۆڕینەوە ؟ بـە ئاینـە گـۆرِدراو و

پوچەکەی جولەکان یاخو بە ئاینە پوچەکەی نەسارایان کە فرپان بەسەر ڕاستیەوە نەماوە ئەسەری ئاینیان پێوە نەمایە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ هـەموو پەیوەندیـەکیان پـچڕایە و هـەموو کرایتـە ئەفـسانەو خـەیاڵ و هەڵـەی کوشـندە و کـوفری یەکجارەکی؟

بێگومان کەسێ بڕوای وابێ کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کوردی دواخستووە دەبێ ئەوکەسە ئامادەبێ بەیەکجارەکی واز لەو ئاینە بهێنێ و بیگۆڕیتەوە بە ئـاینێکی دیکە ئەو ئاینەش یا ئاینی جولەکە و دیانانە یا خۆی بە مولحیـدی بهێڵێتـەوە و لەژێر سێبەری ناسێبەری ئەو سێ لایەنە کوشندە و بۆگەنە ژیانی خـۆی باتەسـەر کە هەرگیزاو هەرگیز عەقڵ و عیلم و ویـژدانی مـرۆڤ پێیـان ڕازی نیـەو نـابێ ، بۆچی؟ ئەوەتا ئاینی جولەکە بەئاشکرا و بەو پەڕی بێ شەرمانە دەڵـێ (عـوزەیر کوڕی خوای گەورەیە سبحانه وتعالی) پەنام بەخوا لەو شیرك و کوفرە زلە کە هیچ تاوانێك نیە بارتەقای بێ ، هەروەها ئەوەتا ئاینـە سـەیرو بـێ ماناکـەی دیانـان کەدەڵێ (عیسی علیه السلام) کوڕی خوایەو (مەریەم علیها السلام) ژنیـەتی (أعوذ بالله) لەو شیرك و کوفرە گەورانە کە (تكاد الـسماوات والأرض يتفطـرن من فوقهن) خوای گەورە لەو بارەیەوە شاهیدیان لەسەر دەداو دەفەرموێ (وقالتِ اليهود عزير أبن الله وقالت النصارى المسيحُ ابن اللهِ ذلك قولهم بأفواهم يضاهِؤن قول الذين كفروا من قبل قاتلهم الله أنى يؤفكون) (التوبة ٣٠).

واتا : خوای گەورە لەو ئایتە پـیرۆزە و گەورەیـە شـاهیدی لەسـەر جولەکـەو دیانان دەدا ئەوجا وەرە قەومێك خوای گەورە بۆخۆی شاهیدی لەسەر کوفریان بـدا دەبێ ئەو قەومە چەند موشریك و کافربن (وكفى بالله شهيداً) (وَمَن أصدقُ مـن الله حديثاً) دەفەرموێ جولەکەکان دەڵێن: (عـوزەیر پێغەمبـەر علیـه الـسلام) کوڕی خوایە(سبحانهُ وتعالى ما يقولون علوّاً كبيراً)کەواتە شتێکی بەدیهیە دەبێ دایکی عوزێر خێزانی بێ (اعوذ بالله)هەر وەها دیانەکان دەڵێن (عیسی)(علیه السلام)کوڕی خوایە و مەریەم خێزانیەتی (اعوذ بـالله) لەڕاستیـشدا لـەناخی دڵیانـەوە دەزانـن کـەدرۆزنن، بـەلام چ درۆیـەك درۆیـەکی ئـەو وتۆکـە

تەنها ئەوان کردویانەو کەس بیری لە کردنی ئەوجۆرە درۆ گەورەیــە نەکردیتــەوە ، لەناخی دڵیانەوە دەزانن کە خــوای گــەورە بــێ هاوبەشــە و تــاك و تەنهایــەو نــە پێویستی بەژن هەیەو نەکوڕو کچ ، تەنها لەدژی ڕاستی و عیناد و ســوور بوونــە لەسەر ئەنجامدان و پەرەپێدان بەو کوفرە گەورە، چونکە هیچ کەس نییە لــەدونیا لە ناخی دڵیەوە کەنەزانی خوای گەورە بێ شــەریکەو (لــیس کمثلــهُ شــيء وهــو السمیعُ البصیر) (الشوری ١١) وەك هیچ مەخلۆقێکی خۆی نیەو نــابێ ئەگــەرنا لە خوایەتی دەشۆرێ (پەنام بەخوا) بێگومــان هیچ شــتێ نیــە لــە گــەردوون و بوونەوەر کە مــەخلۆقی ئەو نەبێ ، ئەو بە (کُن) دروستی نــەکردبێ لــە نــەبوو ، لەبەر ئەوە خوای گەورە زۆر بەتوونــدی ، لــەنێو ئایەتەکــە بەلەعنــەتیان دەکــاو دەفەرموێ چۆن ئەو درۆ و بوهتانە بەخوای خۆیان دەکەن .

ئەوسا چۆن دەبێ مرۆڤ هێندە نەزان و بێ عــەقڵ و گــومرابێ بــەدوای ئــەو جۆرە قەومانە بکەوێ کە خوای گەورە بەلەعنەتی کردون لەعنەتێکی ئەبەدی.

زۆر بەلامەوە شتێکی سەیرو زێدە نەزانی و گومڕاییە مرۆڤ ساڵەهای ســاڵە تەمەنی خۆی لەنێو گەلێکی موسڵمان باتەسەر لەگــەڵ ئەوەشــا ڕۆژێ لــە ڕۆژان بیرلەوە نەکاتەوە بزانی ئاینی ئیسلام چیە؟ چ لەناو لاپەڕەکانی قورئان و سوننەت دا هەیە؟ ئاینی خۆی نەناسێ و بای زەڕەیــەك تێــی نەگەیــشتبی لەگــەڵ ئەوەشــا تاوانباری کا لە بەرامبــەر گــەورەترین کێــشەی گەلەکــەی کــە دواکەوتنیــەتی لەبەرامبەر مەسەلەیەك کە ئاینی ئیسلام نێوان ئەرزو ئاسمان لــە دروســتکردنی ئەو مەسەلە دوورە ، بەوچەشنە خۆی دووچاری گەورەترین بەڵاو فیتنە بکا بەوەش نەوەستێ خۆی دووچاری بەڵاو فیتنەیەکی لەوەش گەورەتر بکا ئــاینی (نائــاینی جولەکەو دیانانی) پێ لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام چاکتربی کەبەملیۆنەها کەسی لە شێوەی خۆی وشەیەکی لێ نەخوێندۆتەوە .

ڕاستیەك:

من لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە ئەوە بیروڕایانە، ژیانی خۆیان بنیات ناوە لەسەر شیرك و کوفرو گومڕایی ، تەنها بیرم لە بەرامبەریان بۆ یەك شت دەچێ ، وادەزانم ئەو کەسانە چاك دەزانن ڕاستی لە کوێوەیە؟ چاك دەزانن کە ئیسلام ڕاستەو هیچ گومانی تێدا نیە ، بەلاّم شەیتان پەی پێ بردوونەو بەزمان ئینکاری دەکەن و هەزارو یەك عەیب لە ئاینەکەیان دەدۆزنەوە تا خۆیان لەو ئاینە پیرۆزە بەرنەدەر ، بۆئەوەی بەلایانەوە هاسان بێ خۆیان لەبەر ئەو ئەرکانەی ئیسلام فەرزی کردیە بەسەر موسڵمانان وەك (نوێژ ، زەکات، ڕۆژو ، حەج) دورکەنەوەو لە قومارو ئارەق و زیناو بەدواکەوتنی هەواو هەوەس ، بێ کەیفی خۆیان نەکەن، بەدیهیە کە هەرکاتێ گوتیان ئیسلام لەهەموو شتێ چاکترە و ڕاسترە ئەوسا دەبێ مل کەچی ئەنجامدانی هەموو ئەرکەکانی بن و وەك هەموو موسڵمانێك تەسلیمی فەرمان و داواکاریەکانی بن، کەئەوەش بێگومان بارێکی یەکجار قورسە بەسەر شانی مرۆڤەوە بەتایبەتی (نوێژەکان) کە خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێ (وأستعينوا بالصبر والصلاة وإنها لكبيرة إلا على الخاشعين الذين يظنون أنّهم مُلاقوا ربهم وأنّهم اليه راجعون) موسڵمان ئەو موسڵمانەیە کە هەمیشە لەسەر داواکاری خوای گەورە هەمیشە هانا دەباتە بەر ئارام گرتن و نوێژ کردن ، ئەگەر ئارامی نەبێ و ئارام نەگرێ هەرگیز ناتوانی نوێژەکان بەڕێك و پێکی و بەتەواوی ئەنجام بدا ، ئەوەش ئەرکێکی قورسە تەنها لەسەر شانی ئەرکەسانە نەبێت کەلە نێو نوێژەکانیان خاشعن و ئاگایان لە نوێژەکەیانەو دەزانن و لە نێوان هەردوو دەستەکانی خوا ڕاوەستاون و پیرۆزترین خواپەرستی ئەنجام دەدەن و لەناخی دڵیانەوە لە خوای خۆیان دەترسن ولەدواڕۆژێکی کورت بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە . کاتێ کەسەیری جولەکەو دیانەکان دەکەن و تەماشا دەکەن ئاینەکەیان هیچی لەسەر فەرز نەکردینەو بێ هەواو هەوەس و کەیفی خۆیان ناکەن ، ئاینی ئەوانیان پێ باشترە لە ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام ، جگە لەهەندێش دەڵێن جولەکەو دیان وەك ئێمە موسڵمانن و ئاینی ئەوانیش لەلایەن خواوە هاتووە بۆیان ، بێگومان

ئەو بیرو بۆچوونەیان دواپلەی نەزانی و کوێری و گومڕایان نیشان دەدا ، چونکە بێ خەبەرن لەو ڕاستیە پیرۆزە کەدەڵێ : (تەنهاو تەنها یەك خوا هەیەو ئاینیش یەك ئاینە کە ئاینی ئیسلامە) وەك دەفەرموێ (إنَّ الدينَ عند اللّهِ الأسلامُ وما أختلف الذين أوتوا الكتاب إلا من بعد ماجاءَهم العلم بينهم ومن يكفر بآياتِ الله فإنَّ الله سريعُ الحساب) (آل عمران١٩). ئەو بابەتەم لە نوسینێکی تایبەت بەدرێژی ڕوونکردیتەوە بەیارمەتی خوا.

١٠ – دەتوانم بڵێم لە گەورەترین هۆیەکانی ڕوودانی گەردە لوولەکانی ئەورووپا کە ڕووی ئەورووپای ڕۆژهەلآتی گۆڕی بۆ ڕوویەکی دیکە لە ساڵی (١٩٩٠) ولآتی یەکێتی سۆڤیەتی ڕوخاند کەلە گەورەترین دەوڵەتی سوپایی جیهان بوو لەدوای ئەمریکا ئاینە گۆڕدراوەکەی دیانان بوو (ئینجیلە گۆڕدراوەکە یان بوو) .

دیسانەوە ئاین ڕۆڵ پایەو پلەی خۆی بەسەر مێژوو و خەڵکی دونیا سەپاندوو ڕۆڵیکی ئەرێتی (ايجابی) بینی لە ڕووخانی گەورەترین پارت کە پارتی شیوعی بوو،پارتی کۆمەنیست لە هەموو ئەورووپای ڕۆژهەلآت گەورەترین پەیمانی ڕوخاند (پەیمانی وارشۆ) هەروەها گەورەترین

دەوڵەتی عەسکەر تاریا کەولآتی یەکێتی سۆڤیەت بوو کە ژمارەیان شانزە دەوڵەت بۆ ماوەی حەفتاو سێ ساڵ حوکمی هەموو ئەورووپای ڕۆژهەلآتی کردو لەزۆر دەوڵەتانی جیهانیش دەستی درێژتر و جێگەی ترس و لەرز بوون لەنێو دەروونی هەموو حکومەتانی دونیا .

هەر لەیەکەم ڕۆژانی هەڵکردنی ئەو گەردە لوولە یەکەم دەزگا ئاینیەکان کەوتنەوە کارو دەرگای کەنیسەکان و مزگەوتەکانیش کرانەوە بەشێوەیەك هەموو دونیا زانی کە گەلانی جیهان چەند تامەزرۆی ئاینن و چەند خۆشحاڵ بوون بەڕووخانی هێزی ئیلحاد کە ماوەی حەفتاو سێ ساڵ بوو ئاینی قەدەغە کردبوو دەرگای کەنیسەکان و مزگەوتەکانی داخستبوو . ئەو گەردەلوولە ئیسپاتی کرد کە بیرو باوەڕی ئاینی شتێکی فتریە لەناو دڵ و دەروونی مرۆڤ بەڵآم هەموو کەس

ئەو توانایەی نیە لەو ئاینە ڕاستە بگەڕێ و بیدۆزێتەوە کە لەگەڵ فیترەتی دەگونجێ شان بەشانی دەڕوا (الا من رحم ربي) تەنها ئەو کەسەی کە خوای گەورە ڕەحمی پێ دەکا و هیدایەتی دەدا .

کاتێ کە گەردەلوولەکە گەیشتە ولاتی ڕۆمانیای کۆمەنیست کە پیسترین و زۆردارترین تاغیە حوکمی دەکرد بەناوی (نیوکولا تشاوشیسکۆ) گەردەلوولەکە کەمێ هێواش بوو ، بەڵێ گەلی ڕۆمانی هەستا سەرپێ و بەرگی ترس و لەرزی لەبەر خۆی دادڕی وسوپای ڕۆمانی بەفەرمانی تاغیەکەی بەهەزارانی لێ گرت و کوشت و بریندار کرد ، بەلام کاتێ کە لە شاری (تیمسوارا) پەلاماری قەشەیەکیان دا گرتیان بەیەکجاری بارو دۆخەکە لە دژی تشاوشیسکۆ تەقیەوەو بەچەند ڕۆژێکی کەم تشاوشیسکۆ و ژنەکەی دەسگیرکران و بەخێرایی گوللە باران کران .

تا قەشەکە نەگیرا لەلایەن جەلادەکانی تشاوشیسکۆ بارو دۆخەکە بەوشێوەیە نەتەقیەوە کە ئەو تاغیە لەناوبات کەچی کەدەست درێژی کرا سەر پیاوێکی ئاینی نەسارا لە شاری ناوبراو یەکسەر بارودۆخەکە تەقیەوەو هەموو شتی کۆتایی پێهێنرا کۆمەنیست و ڕژێمی کۆمەنیستیان لەو ولاتە (ڕۆمانیا) گۆڕ بە گۆڕ کرد ، سەیری کاریگەری ئایین لە هەموو بارودۆخێك کوشتن و گرتن و بریندار کردنی هەزاران کەس یەکسان نەبوو بەسەلامەتی یەك تاکە قەشە تای تەرازوی قەشەکە گەلێ قورستر بوو لە هەر هەموو کوژراو و بریندارو گیراوەکانی ئەو ولاتە لەلایەن جەلادەکانی تشاوشیسکۆ .

کەواتە ڕۆڵی ئەرێتی ئایین گاڵتەی پێ ناکرێ لە گۆڕانی هەموو بارودۆخەکانی ژیان لەهەموو کات و سات و شوێنێك بە درێژایی مێژوو ، کەواتە چۆن دەبێ ئێمەی موسڵمانی کورد بەکوێری و بەنەزانی خۆ بخزێنینە نێو ئەو شەوە زەنگەی کە گوایا ئاینی ئیسلامی پیرۆز کوردی دواخستووە !!

١١ – دەوڵەتی پۆڵەندا بەدرێژایی مێژووی خۆی لە ئەوروپا پێنج جار لەسەر نەخشەی ئەوروپا ڕەش کراوەتەوە لە لایەن داگیرکەرانی دەوروبەری، بەلام

هەر پێنج جار کەنیسەی پۆڵەندی توانیویەتی ئەو دەوڵەتە زیندووکاتەوەو بیگەڕێنێتەوە سەر نەخشەی ئەورروپاو جیهان .

کام پارتی دەستکرد توانیویەتی لە هەموو جیهان بەو شاکارە هەستێ پێنج جار ولاٌتەکەی لەسەر نەخشە ڕەش بکرێتەوە و هەستی بەزیندوو کردنەوەی ؟ کەواتە دینداری بنەڕەتی نیشتمان پەروەریەو نیشتمان پەروەری نەك لەبیر مرۆڤ ناباتەوە ، بەڵکو بەهێزی دەکاو هیچ ئاینێك نییە لە دنیا بەباوەڕهێنەرەکانی گوتبی و داوای لێکردبن کە خیانەت بکەن و گەل و نیشتمانی خۆیان بفرۆشن هەرچەندە ئەو ئاینە گۆڕدراو و بێ کەڵك بێ، ئایینە گۆڕدراوەکەی دیانان داوا لە کۆیلە دەکا کە بەندایەتی ئاغەکانیان بکەن و مل کەچی فەرمانەکانیان بن و زیاتر
بۆیان بچەوسێنەوە، چونکە خوای گەورە ئێوەی بۆ خزمەت و کۆیلایەتی ئەوان دروست کردیە (پەنا بەخوا) بەلاٌم لە هەموو ئاینەکەیان دانیە کە داوا لە هاولاٌتیان بکا خۆیان و گەل و نیشتمانەکەیان بفرۆشن .

١٢ – تەنها ئیسلامە مایەی ئاشتی یە، ئەوەی لەو خاڵە بۆت دەنووسم هەمووم بەچاوی خۆم دیووەو شان بەشانی ژیاوم و لەگەڵ هۆش و بیرم جۆشی خواردووەو هەرگیز لەبیری ناکەم هەتا دەمرم هەمیشە مایەی ئاخ و ئۆف و ئێش و ئازاری دڵ و دەروونمە .

تەمەنم تەنها دەساڵێك دەبو و، ساڵی ١٩٥٨ لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەرچوو بووم بۆ پێنج ،لە پشووی هاوینە دابووین ، مامم پینە دۆز بوو منیش شاگردی بووم ، بەیانیان دەبایە زوو بچمە دوکانەکەی و شەربەیەکی ئاوی هەبوو دەبوایە ئەو شەربەیەی بۆ پڕ ئاوی خواردنەوە بکەم و پێشی دوکانەکەی بۆ بڕشێنم و یەك دوو مەسینە ئاویشی بۆ (تەغاراوەکەی) بۆ نەرم کردنەوەی (سەختیان) بۆ بهێنم ، بەر لەوەی بازاڕ بەتەواوی بکرێتەوە.

ڕۆژی چواردەی تەمموز بوو ، کاتژمێر شەش یا کەمێ زیاتر بوو، ساڵەکە وەکو گوتم ساڵی (١٩٥٨) مامم لە پێش دوکانەکە دانیشتبوو منیش خەریکی ڕشاندنی پێش دوکانەکە بووم ، لەو کاتەدا چەند برادەرێکی مامم هاتن و فسکەیەکیان بەبن گوێی مامدا چرپاند ، منیش گوتم مامە ئەو برادەرانەت (کاك فلان و کاك فلان) چیان پێ گووتی، ئەویش لە وەلآما بەخەندەیەکەوە گوتی: وس وسکت بە چ نیە ، ئیتر هێندەی نەبرد بوو بەهەڵلاو بەزم و ڕەزمێکی یەکجار سەر سوڕهێنەر ، چیەو چ بووە ، الحمد لله شۆڕش (پورە) کرایە لەبەغدا و حوکمی نوری سەعید و مەلیك فەیسەلی دووەم تەفرو تونا کرا ، بەلآم بەداخەوە جارێ

(نوری سەعید) سەرۆك وەزیران نەگیراوەو هەلآتووە بەلآم (عبدالالە) ی وەصی مەلیك فەیسەل و هەروەها مەلیك فەیسەل بۆخۆی کوژراون، الحمد لله تێکڕای خەڵك وایان دەگووت بەرپەڕی خۆشحاڵی و خۆشیەوە نیزامی حوکم (نظام الحکم)لەعێراق لەمەلەکی (پاشایەتی) بوو بە جەمبوری (جمهوری) عیراق لەژێر چەپۆکی داگیرکەرانی ئینگلیز ئازاد کرا لەسەر دەستی زەعیم (عبدالکریم قاسم) کە ئەفسەرێکی سوپای عێراق بوو .

دوای دوو ڕۆژ یا سێ ڕۆژ (نوری سەعید) سەرۆك وەزیران بەبەرگی ژنان و بەعەباو پێچە دەستگیرکرا لە ناوەندی شاری بەغدا ، لەوکاتە کەدەیویست خۆی لەدەست دڕندەکانی بەغدا ڕزگار کا، ئیتر هەر هێندە کەوتە بەردەستیان ئێستاش کەس نەیزانی چی لێ بەسەر هات بەزیندووی پارچە پارچە کراو هەر پارچەی لە شوێنێك بەجێ ما ، دوای ئەوەی کە بە ئۆتۆمبیل ڕاکێشرا لەسەر شەقامەکانی شاری بەغدا، شایانی باسە (نوری سەعید) هەرگیز ئەو تاوانبارە نەبوو کەشایەنی ئەو جۆرە کوشتن و برینە بکرێ و پارچە پارچە بکرێ و کەس نەزانی پارچەکانی چیان لێ بەسەر هات، هەروەها مەلیك فەیسەڵی دووەمیش کەتەنها تەمەنی پانزە ساڵێك بوو بەناهەق کوژراو لەناو چوو .

تاكو ئەمڕۆش پیاوە ناودار و گەورەو خاوەن ویژدانەکانی بەغدا پارچە پارچە کردنی نوری سەعید لەبیر ناکەن، تاکو ئەمڕۆش جار جارە لەسەر کەناڵە ئاسمانیەکانی وەك (الجزيرة و العربية، المستقلة) دەیڵێن و دەیلێنەوە کە بەچ رێگەیەکی دوور لە هەموو کێشانەو پێوانەی مرۆڤایەتی ئەو کەڵە پیاوە پارچە پارچە کرا بە زیندوویی و هەرقاچەی لەسەیارەیەك بەستراو دراتر سەیارەکان بەدوا پلەی خێراییان کردیان بە دوو پارچەو ئەوجا خوا نەبێ کەس نازانی بەچ ئازارێك گیانی لەدەست داو لەناوبرا.

من بەش بەحاڵی خۆم کە زێدە مناڵ بووم و خاوەنی هیچ جۆرە تەجروبەیەکی ژیان نەبووم تەنها دوای سێ ساڵ زانیم کە نوری سەعید زۆر چاکتر بوو لە عبدالكريم قاسم و رژێمی پاشایەتی گەلێ چاتر بوو لە رژێمی کۆماری. چۆنم زانی؟ با بۆت باس بکەم؟: لەسەردەمی پاشایەتی (مامم) کە لەجێی باوکم بوو رۆژێ لە رۆژان نەم دی کەسێ بەهۆی سیاسی و حیزبایەتی نارەحەتی بکا، بەلاّم لە ژێر سایەی رژێمی کۆماری سەیرم کرد زۆر نارەحەتەو تەنانەت کۆمەلێك لە کۆمەنیستەکانی (کۆیە) شەوێك لە شەوان رێیان پێ گرت و گەلێکیان لێ دا تەنها لەسەر ئەوە کە کۆمەنیست نەبوو، ئەوحاڵەتەش تەنها بەسەر مام نەهاتبوو ، بەڵکو شتێکی شەوانەبوو تاماوەیەك. تەنانەت من خۆم مناڵێکی هەتیوو بووم لەگەڵ ئەوەشا لە قوتابخانەکەم تەواوێك لەدەست مامۆستاو قوتابییە کۆمەنیستەکان دووچاری نارەحەتی بووبووم زۆر جاران بەناحەق لێیان دەدام و دەستم دەکرد بەگریان، تا ئێرە ئەوە پێشەکی ئەو خاڵەی دواییە، لێرە بەولاوە دێمە ناوەرۆکەکەی:

چاکم لەبیرە وڵاتی عێراق تا رۆژی (١٣ / تەموزی / ١٩٥٨) تابڵێی وڵاتێکی خۆش و ئەمین بوو ، ئاسایش لەباکورو باشوورو رۆژهەلات و رۆژ ئاوا بەرقەرار بوو ئاینی ئیسلام باڵی بەسەر وڵات کێشابوو، باب و ئەولادەت و دایك و ئەولادەتی بەهێز بوو خزمایەتی و دراوسێیەتی و دۆست و برایەتی بەنیسبەت رۆژگاری ئەمڕۆ یەکجار بەهێز بوو .

لەنێو دام و دەزگاکانی میری یاساو عەدالـەت تـەواو کاریـان پێـدەکراو لـە کۆلیج و زانکۆکانی عێراق لەشاری بەغدا حەق و عەدالـەت ڕەچـاو دەکـراو تـا ڕادەیەکی زۆر کاریان پێ دەکراو جیاوازی لە نێـوان کـورد و عـەرەب و تورکمـان نەدەکرا ، کام قوتابی نمرەی باش و زۆری هێنابا لە ئەزموونەکانی بەکەلۆریا بەبێ کێشە قەبوڵ دەکرا ، دوای دەرچوونیشی

بەپێی پێویستی وڵات و بەگوێرەی جـۆری شـەهادە لـە دام و دەزگاکـانی مـیری قەبوڵ دەکرا ، برایەتی کورد و عەرەب یەکجار بەهێز بـوو ئـەوتا شـاعیری کـورد (بێکەس) دەڵێ:

برایەتی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تـاریخ شاهیدە

ناحەزی ڕوو ڕەش لەداخا با یەخەی خۆی دادڕێ

بێ گومان ئەو برایەتیە برایەتیەکی ئیسلامی بوو واتا ئاینی پیرۆزی ئیـسلام دروستی کردبوو ئێمەی کورد لە نێو براعەرەبەکان ڕێزو نرخمان زۆر بوو ، هەروەها ئەوانیش لە نێو ئێمە هەروا بوون ، هەزاران بازرگانی کورد کە بازرگـانی لەگـەڵ بازرگانەکانی عـەرەب هەبوو لەشاری بەغدا یا موصل یا بەصرە زۆر باوەڕ پێکراو بـوون و بـەبێ حیـساب کوتـاڵ و کـەل و پـەلیان پـێ دەفرۆشـتن بەقـەرز و لـە جەژنـەکانی قوربـان و ڕەمـەزان لـە ڕێگـەی (برید) کـارتی جەژنـە پیرۆزەیـان دەگۆڕیەوە و دەچـوونە سـەر پرسـەی یـەکتری ، خۆشەویـستیەکی بـێ تـەماح و موسڵمانانە لە نێوانمان خۆی سـەپاندبوو ، ئەوسـەرو ئەوسـەری عێراقـت کردابـا خاڵێکی پشکنینت لەسەر ڕێگاکان چاو پێ نەدەکەوت ، دواتر تەنها نێوان کۆیەو هەولێر کە تەنها حەفتا کیلۆمەترێکە ، چوار تا پێنج خاڵی پـشکنینی تێـدابوو کە بریتی بوو لە چەندان سەرباز و پیاوی ئەمن و ئیـستخباراتی حکومەتـەکانی دوای حکومەتی پاشـایەتی لـە عێـراق کـە ئـەوانیش بـۆ خزمـەتی وڵات وەك فەرمانبەر نەقلی کوردستان کرابـوون ، بێگومـان هـەزاران خێزانـی کـوردیش لەهەمان کات لە شارەکانی ناوەندوو باشوری عێراق هەبوون، بەتایبەت لە شاری بەغدای پایتەخت .

ڕاسته هەژاری و دەست کورتی لە هەموو عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی دیاردەیەکی ئاشکراو بەرچاو بوو، بەڵام خەڵك بە هەژاری خۆی شوکر بوو، لەگەڵ ئەوەشا دزی و جەردەیی یەکجار کەم بوو دەتوانم بڵێم کوشتن هەر نەبوو لەبەر ئەوە خەلك یەکجار لەخوا دەترسان و کوشتنی پێ کوفور بوو دڵی هەموو کەسی دەلەرزاند ، بەتێکڕا خەڵك خەریکی کار و کەسابەت و ماڵ و مناڵ بەخێوکردن بوو، کەس تەماحی لەماڵ و ناموس و ئابڕوی کەس نەدەکرد ، بێ گومان ئەوەش هەر لەبەر ئیسلامەتی بوو کە هێشتان هێز و کاریگەریەکی زۆری لەسەر خەڵك مابوو .

ئاستی زانیاری لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن (سەرەتایی تا زانکۆکان) بەنیسبەت ئەمڕۆمان یەکجار بەرز بوو ، مامۆستای سەرەتایی ئەو کات کە لە دوای دەرچوونی لە پۆلی شەشی سەرەتایی دوای ئەوەی شەش مانگ لەبەغدا دەورەیەکی تەواو دەکرد دەبوون بە مامۆستا ، ئێستاکە لەژیان مابان بەهاسان دەیان توانی وانە لە زانکۆکانی ئەوڕۆ بڵێنەوە ، وادەزانم ئاستی زانین و زانیاریان گەلێ لە ئوستادەکانی زانکۆکانی ئەوڕۆ بەرزتر بوو ئەگەر نەڵێم لە هەموویان دەڵێم لە زۆربەیان .

وانەی ئاین (ئاینی ئیسلام) وانەیەکی سەرەکی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ، زانیاری ئاینی زۆر بە سوودمان دەخوێند ، بەپەروەردەیەکی ئیسلامی پەروەردەیان دەکردین، فێری ڕەوشتە جوانەکانی ئیسلامیان دەکردین وەك ڕاستگۆیی و درۆ نەکردن و دەست ئەمینی و چاکە دانەوەی دایك و باوك و شان بەشانی هەموو عیبادەتەکان (شەهادە ، نوێژ، ڕۆژو، زەکات، حەج) .

باری کۆمەلایەتیمان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانمان (لە چاو ئەوڕۆ) یەکجار بەهێز بوو، وەك دایك و ئەولادەتی و باوك و ئەولادەتی و خزمایەتی و دراوسێیەتی و دۆست و برادەرایەتی ، ژن هێنان و کچ بەمێردان یەکجار هاسان تر بوو لەوڕۆ هەر کوڕێ بیویستبا ژن بهێنێ ئەو

کوڕە بەهاسان ژنی دەست دەکەوت کە مادام موسڵمان و ڕەوشت بەرز باو سنعاتێکی زانیبا، لەناو کوردەواری سنعاتکار زۆر لە باو بوو خەڵك دەیانگووت فلاَن سنعاتکارە بازنی زێڕی لە دەستە و خەڵك رکیان لە کەسانی تەمەڵ و تەوەزەل دەبۆوە .

لە سایەی ئیسلامی پیرۆز فرتو فێلّ و سەختە و ڕیباخواردن زۆر کەم بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە لە خوا دەترسا ، دوکانداری وا هەبوو ئەگەر بمردبا لەبرسان لە موعامەلەکردن درۆی نەدەکرد .

با لەوە زیاتر درێژەی پێ نەدەم لەهەموو بارو بوارو لایەنەکانی ژیان بەگشتی لە ئەوڕۆ چاکتر بووین ئەو حاڵە بەردەوام بور تا ڕۆژی (١٣ / ٧ / ١٩٥٨) واتا ڕۆژێك بەر لەوەی (عبدالکریم قاسم) ڕژێمی پاشایەتی بە کۆدەتایەکی سەربازی (انقلاب عسکری) لەناو ببات .

هەر لەدوای ئەو کۆدەتایەی عبدالکریم ، بەشێوەیەکی یەکجار خێرا و سەر سوڕهێنەر ئایینی ئیسلامی پیرۆز یەکسەر بەرەو کزی ڕۆیی و حزب و حیزبایەتی جێی گرتەوە ، بەر لەو کودەتایە واتا ڕۆژی (١٣ / ٧ / ١٩٥٨) لە هەرکەسێکت پرسیبا تۆ چی؟ لەوانەبوو پرسیارەکەتی زۆر بەلاوە سەیربا و لە وەلاّما پێی دەگووتی: کاکە مەگەر نازانی من موسڵمانم و کوردم . ئەو پرسیارە سەیرە چیە تۆ لەمنی دەکەی؟ مەگەر گاڵتەم پێ دەکەی ، بەلاّم لەدوای ئەو کۆدەتایەو گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی بۆکۆماری ، یەکسەر هەموو کێشانە و پێوانەیەك گۆڕا یەکسەر خاکی عیاق بوو بە گۆڕەپانی جۆرەها پارتی عەلمانی (احزاب علمانية) گەلانی عێراق بەشێوەیەکی تۆماتیکی یەکجار سەیر دابەش بوون بەسەر ئەو حیزبانە ،حیزبایەتی عیلمانی بەخێراییەکی یەکجار سەر سوڕهێنەر جێگەی ئیسلامی پیرۆزی گرتەوە ئاینی ئیسلام کەوەك دوای تەسبیح هەموو گەلانی عێراقی لەسەر یەك داو هۆندبۆوە، داوەکە لەسەر بەرزترین لووتکە چیای بەلاّو موسیبەت پساندراو هەر دنکەی کەوتە لایەك، ناکۆکی و ناتەبایی جێگەی یەکگرتن و تەبایی گرتەوە ، هەموو پەیوەندیە

کۆمەلاَیەتیەکان پچڕان شەڕو پێکـدادان بـوو بـەکارو پیـشەی ڕۆژانـەی خـەڵك، دۆست و برادەرایەتی ئیسلامی بوو بە دۆست و برادەرایـەتی حیزبایـەتی ، حقـدو کینەو دوژمنـایەتی وەك نەخۆشی خروکەو تاعون باڵی بەسەر ولاَت دا هەڵکێشا ، چاکم لەبیرە لەناو یەك تاکە خێزان چەند بیرو ڕای حیزبایەتی عەلمانی تێکـەوتبوو ، ئەندامی ئەو خێزانانە کە خوای گەورە ڕۆژی بەحەقی دەکردەوە بەر لـە هـەموو شتێ بەو بەیانی سالحان تێك بەردەبوون و لەبری سـەلام کـردن لەیـەك جـوێن و پەللاری ناشیرینیان ئاراستەی یەك دەکر د ، کە بێگومان بەر لـە هەنـدێ ئـاینی ئیسلامی پیرۆز کەش و ئاو و هەوایەکی برایانەو خۆشەویستانە لە نێوان دروسـت کردبوون ئەو کەش و هەوایەش تووشی کودەتای عەلمانیەت بـوو و ئـەویش لـەناو چوو .

ئیتر هەندەی نەبرد کوشت و کوشتار و خـوێن ڕشـتن کەوتـە گـۆڕ ئیـسلام و خواپەرستی لەبیر زۆربەی گەلانی عـێراق چـۆوە و عـەلمانیـەتێکی کوێرانـەی بـێ ڕەحمانەی دوور لە هەموو ئاستێکی مرۆڤایەتی جێگەی گرتـەوە، کوشـتنی یـەك یەکە گەشەی کرد بۆ کوشتنی بە کۆمەڵ ، مۆری پەنجەی ئیسلام لەسـەر سـەندو کاغەزی هەموو بارو بوارەکانی ئیسلامی ڕەشکرایەوە و یاسای دارستانە چـڕە پـڕ درنـدەکان جێگـەی دەسـتوور و یاسـای ئیـسلامی گرتـەوە، ئاشـتی و ئاسـایش بەخێرایی بەرەو کزی ڕۆیشتن تا وای لێ هات کەس لە خۆی و لـە گیـانی خـۆی و ماڵ و منداڵ و ئابڕوی ئەمین نەبوو هەر هەمووی کەوتە مەترسیەوە .

ئەو باس و خواسە هەرگیز بەچەند لاپەڕەیەك نووسینی کەم نایەتـە کاسـە ، ئەوەی کە ئاینی ئیسلامی پیرۆز لەو عێراقەدا بەزیاتر لە هەزار سـاڵ درووسـتی کردبوو بەکەمتر لە هەزار سەعات لەناو چوو، ئـەوجا لەگـەڵ ئەوەشـا برادەرانـی مۆدێرنی ئەوڕۆ ناویان لەو هەموو وێرانکاریەی کە ئەو کۆدەتایـە دروسـتی کـرد ناویان نا ڕۆژگاری پێشکەوتن و پێشکەوتن خوازی ، ناویان نا ڕۆژانی ئـازادیخوازی و ئازادیخوازان .

چەند شتێکی یەکجار سەیرە ، چەند تاوانێکی گەورەیە ، دوێنێـی ئاشـتی و ئاسایش و برایەتی و خۆشەویستی و تەبایی لە ژێر سایەی ئیسلامێکی پیرۆز کـە لە هەر شوێنێ و لەهەر کاتێ بلاو بێتەوە تەنها کاری دروسـت کردنـی ئاشـتی و ئاسایش و برایەتی و خۆشەویستی یە لەگەڵ ئەوەشا پێـی بگـوترێ دواکـەوتن و کۆنە پەرستی ، بەو هەمووە فیتنەو خوێن رشتنی دەیـان هـەزار بـەڵکو سـەدان هەزار بێ تـاوان و تێکـچوونی هـەموو بـارو بوارەکـانی ژیـانیش پێـی بگـوترێ پێشکەوتن و پێشکەوتن خوازی و ئازادی و ئازادی خوازی .

بەکورتی تا کەمێ ئاینی ئیسلام لەو عێراقـەدا بـاڵی هەڵکێـشابوو بەسـەر گەلانی عێراق تا بڵێی بارو دۆخی ئاسایی بوو ، بەلام کاتێ بەهۆی ئـەو کۆدەتـا بەدورمەی عبدالکریم قاسم پەری ئەو باڵە هەڵوەری هـەموو شـتێك تێـك چـوو ، یەکسەر شەرو فیتنەو کوشتن و برین جێگەی گرتەوە و رۆژ بەرۆژیش لەپەرەسەندن دایە ئەمرۆش لە هەموو رۆژانی رابـردوو خـراپترە ، بـەس نییـە ئـەوجا بـەئاینی ئیسلام بڵێن ئاینی کۆنەپەرستان و هـۆی دواکـەوتن بـەکوفرو ئیلحـادیش ، کـە ئەورۆ جۆرەها ناوی بریقەداریان ناو نایە بەرنامەی ئاشتی و ئاسـایش ، هۆکـاری گەشەکردن و پێشکەوتن؟ هەرگیزاو هەرگیز لـەبیری ناکـەم و وادەزانم هـەزارانی وەك منیش لەبیری ناکەن کەچەند ئاسوودەو دڵنیا بووین لە پەنا ئیسلام و لە ژێر سێبەری (لا إله إلا الله محمد رسول الله)کەبەرەو کزیش چوو بە دەستی هێزەکانی جەهل و کوفرو ئیلحاد خۆمان لە کوێ دۆزیەوە ؟

١٣ - با راستیەکی مێژوویی دیکـەماوە بـەکورتی ئیـشارەتی بـۆ بکـەین: دەوڵەتی عوسمانی نزیکەی پێنج سەد ساڵ حـوکمڕانی تورکیـاو هـەموو وڵاتـانی رۆژهەڵاتی ئیسلام کرد ، بەناوی ئیسلام ، راستە گەلی موسڵمانی کورد دووچاری زوڵم و ستەمێکی زۆر بۆوە لەژێر دەستی ئەو دەوڵەتـەی عوسمـانی ، بـەلام نـابێ ئەوەش لەبیر کەین کە هەندێ جار خۆمان دەبووینە هۆی ئەو زوڵم و ستەم کاریە ، بەهۆی ئەو خۆخۆریەی بەدرێژایی مێژوو بەسەرماندا رژاوەو کراسێکی ئاگرینە پڕ بەقەدی ئێمە براپە ، هۆی هەرە گەورەی هەر بەلاو موسیبەتێکە کـە بەسـەرمان

هاتووه، کاتێ ئەو دەوڵەتە ڕووخاو تێکشکا لە جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨ دوای ماوەیەکی کەم دەوڵەتی خیلافەت بەناوی ئیسلام نەما گۆڕا بووبە دەوڵەتێکی عەلمانی بە سەرکردایەتی (ئەتا تورکی مولحید = کەمال ئەتا تورك) یاخود گورگە بۆر (الذئب الاغبر) کە ناوی ڕاستی (مستەفا کەمال) وشەی (ئەتاتورك) مانای باوك واتا باوکی تورك (مستەفا ئەتا تورك)، دام و دەزگاکانی کوفرو ئیلحاد ئەو ناوەیان بۆ دۆزیەوە بەو ناوەی کە تورکی ڕزگار کردیە لە کۆنەپەرستی و دواکەوتن بەهەر حاڵ ئەو ئەتا تورکە لە (١٥ / ٣ / ١٩٢٥) دەستی کرد بە کورد کوشتن ، وەك بەڕێز (مام جەلال تالەبانی) لە کیتابەکەی بەناونیشانی (کردستان والحرکە التحرریە الکردیە) تەبعەی دووەم ساڵی ١٩٧٠ بەماوەی سێ مانگ زیاتر لە نیو ملیۆن کوردی بێ گوناهی کوشت و هەزاران گوندی کوردستانی بە شۆڤڵی ئەمریکی خاپور کردو لەگەڵ زەوی جووتی کردوو بەچەندان هەزاریشی لێ گواستەوە ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ و شارە تورك نشینەکان .

مەبەستم لەم کورتە باسە ڕاست و تزیکە ئەوەیە: ئەوەی کە ڕژێمی عوسمانی بە ماوەی پێنج سەد ساڵ پێی کردین کە بەناوی ئیسلام حوکمی دەکرد ڕژێمی عەلمانی ئەتاتورکی تاوانبار بەماوەی سێ مانگ سەد ئەوەندەی زیاتر پێ کردین؟! لێرەدا دەبێ چاك بزانین کە ڕژێمی بەناو ئیسلام تەنها بەناو ئیسلام چەندان جار چاکترە لەهەر ڕژێمێکی عەلمانی دوور لە ئیسلام و لەبەر خاتری گەورەیی ناوەکە شتێکی بۆمان تێدا دەهێڵێتەوە ، بەڵام ڕژێمە عەلمانیەکان پەڕۆی لەبەر دەردەهێنی و هیچ شتێك نیە لەخوێن ڕشتنی بوەستێنێ.

هیچ گومانی تێدا نیە و ڕاستیەکە لەبەرچاوی هەموومانەو زۆربەمان دیومانە ئەوەتەی ڕژێمی عەلمانیەت ، ڕژێمی کوفرو ئیلحاد و دوور لە ئیسلام ، کەوتۆتە نێو وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلام بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان لە ژێر چەپۆکە، لەسەرەتای سەدەی بیستەم تاکو ئەمرۆ، ئەوڕۆش لە هەموو کاتێك زیاتر ژیانی گەلی موسڵمانی کوردمان بەیەکجارەکی کەوتیتە مەترسی و لەناو

چوون ، هەرگیز ئەو ترسەی کە ئەرِۆ هەرِەشەی لەناوبردنمان لیّ دەکا لەسالاّن و سەدەکانی رِابردوو دووچاری نەدەبووین، بەهۆی ئەو ئیسلامەتیەی کە خوای گەورە پیّی بەخشی بووین .

١٤ – وا لە پیّش چاومانە بەدەیان گەلی موسلّمان لەسەر ئەرزی خوا هەیە هەرهەموورشیان خاوەنی دەولّەتی سەربەخۆن ، بۆچی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەولّەتی لەکیس ئەو هەموو دەولّەتانە نەدایە بەتەنها لەکیس ئیّمەی دایە ئاخۆ ئیّمە بەسەهوو چووینە؟ یا (أعوذ بالله) ئیسلام بەتەنها ستەمی لە ئیّمە کردیە؟ پەنام بەخوا کە من بیرو بۆچوونم وابیّ ئاینی ئیسلام ستەمکار کەم رِۆژیّ لە رِۆژان یا لەبەر هەر هۆیەك بیّگومان هیچ هۆیەك نیە لەسەر ئەرز بتوانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز

تاوانبار کا تەنانەت هەوار هەوەس و پەی پیّ بردنی شەیتان نەبیّ ، تەنانەت دوژمنانی ئیسلام بەو تاوانە هەلّدەستیّت ، چونکە ئەو ئایینە لەهەموو هەلّەو خوارو خیّچیەك لەهەموو کەم و کورِیەك دوورە لەبەر ئەوەی لەلایەن خالیقی گەردوون و بوونەوەر لە نەبوو هاتووە بۆ رِۆناك کردنەوەی زەوی و ئازاد کردنی مرۆڤ لەتاریکیەکان بۆ رِووناکی خوا .

لەهەمان کاتدا چەندان گەلی موشریك و بوت پەرستیش هەنە کە تا ئیّستا خاوەن دەولّەتی سەربەخۆیی نین و یەکجاریش دواکەوتوون ، ئەی ئەو گەلانە خۆ موسلّمان نین تا بلّیّین ئیسلام پەکی دروست کردنی دەولّەتی خستوون ئەی کەواتە چ هۆیەك لەژیّر چەپۆکی و مالّ ویّرانی هیّشتوونەتەوە؟ وەك گەلی کوردی باشوور کە تا ئیّستا قەلەم رِەوی (مستعمرة) ئەمریکایە هەروەها گەلی (تبت) لەچین وە تایوان ، ئیرلەندای باکوور... هتد تا ئەمرِۆ جوولەیان نیە، بیریان لە رزگاری خۆیان نەکردیتەوە ، بەلاّم ئەو گەلە موسلّمانانەی کە ژیّردەستن ساتیّ لەشۆرِش و شۆرِشگیّری نەوەستاین ، چونکە ئاینیان ئیسلامەو تاکە هاندەریشیان بۆ هەموو دونیا رِۆن بۆتەوە کە موسلّمان ژیّردەستی قەبول ناکا وەك گەلی فەلەستین و گەلی کەشمیر و موسلّمانانی فلیپین و گەلی ئەفغانستان و گەلی صۆمالّ .

١٥ - کەس نیە لە دونیا ئەو ڕاستیە نەزانێ کە داگیرکەرانی ئەوروپی و ئەمریکی هەروڵاتێکیان داگیر کردبێ یا داگیرکەن یەکسەر هەوڵی بەبەند کردنی گەلانی ئەو ولاتانە دەدەن بەهەموو شێوەیەك و ڕێگەیەکی نامرۆڤانەو دڕندانەوە پەنا بۆ هەموو فرتو فێڵێك دەبەن تا بە ئاوات بگەن ، زۆر بە شێوەیەکی دڕندانەو میگافیلیانە هەڵس و کەوت لەبەرامبەر گەلی داگیرکراو دەکەن، یەکەم هەوڵ و دوا هەوڵیان ئەوەیە کە هەرشتێك لە نێو ئەو گەلە کە هۆکاری پێشکەوتنیەتی و هۆکاری ئازادی و ڕزگار بوونە ، هۆکاری سەر بلندی و زانیاری و زانینە ، هۆکاری شۆڕش و شۆڕشگێڕایەتیە ، هۆکاری دەوڵەمەندی و بەختیاری و کامەڕانییە لەناوی دەبات بۆ ئەوەی گشت ڕۆڵەکانی بکا بەجۆرە گیانلەبەرێك کە لەبن دەستوو پێیان بفلیقێتەوە یا بەفووی زاری بۆگەنیان با بیانبات ، ئەوە سروشت و سیفەتی داگیرکەرانە لەوەتی خوای گەورە گەلانی دروست کردیە لەسەر زەوی .

چوار جۆرە داگیرکەر هەنە: (داگیرکەر لە پێناوی ئابووری، داگیرکەر لە پێناو لەشکری ، داگیرکەر لەپێناو نەهێشتنی ئاینی گەلی داگیرکراو ، داگیرکەر لە پێناو نەهێشتنی زمانی گەلە داگیرکراوەکە ، بەلاَم من دەلێم نەخێر هەموو داگیرکەرێك هەر چوار ئامانجی لە داگیرکردن هەیەو جیاوازیان لەنێوان ناکەم .

لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەم: ئەگەر ئاینی ئیسلامی پیرۆز هۆی دواکەوتن و شەرمەزاریە بۆچی هێزە داگیرکەرەکانی کوفر و ئیلحاد بەر لە هەموو شتێ لە ولاَتانی ئیسلامی داگیرکراو بەهەر هەموو هێزو توانای کە هەیتیان، بەهەر فرت و فێڵێك کە پەی پێ دەبەن و بیریان بۆ دەچێ هەوڵ و کۆشش بۆ لەناو بردنی ئەو ئاینە دەدەن ؟ تەنانەت زۆر جارانیش هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەلێ بەزۆر لەسەریان دەوەستێ و زیانی گیانی و ماڵی و لەشکری و ڕامیاری زۆریان پێ دەگات ؟ بێ گومان ئەو گەرم و گوڕیە و خەرجیەی کە دەیخەنە گەڕبۆ لەناوبردنی ئاینەکەمان گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پیرۆزی و پاکی ڕاستی ئەو ئایینە کە ئیسلامە، هەموومان دەزانین هێزەکانی کوفرو ئیلحاد وا سەدان ساڵە خەریکی لەناوبردنی ئەو ئاینە پیرۆزەن ، چونکە زۆر چاك دەزانن

بەعیلم و بەعەقلٚ و بەواقیع کەبەردەوامی. و مانی ئەو ئاینەو ڕاوەستانی بە پێوە گەورەترین هۆکاری پێشکەوتنی گەلانی موسڵمانە، گەورەترین هۆکاری هێز و دەسەلآت و زانیاری و سەرفیرازیە بۆ هەمووگەلانی موسڵمان، چونکە دەزانن بەبێ شك هەر ڕۆژێکی گەلانی ئیسلام بەتەواوی یا نیمچە تەواو گەڕانەوە سەر ئەو ئاینەو دەستیان پێوە گرت ئیتر جێ پێیەك بۆ ئەوان نامێنێتەوە لە هەموو دونیای ئیسلام ، ئەوەیە کەهەموو خێرو تواناو ماڵ و گیان و گشت تەکنەلۆجیای کە تائێستا پێی ڕاگەیون خستۆتە گەڕ بە بەردەوامی بۆ لەناو بردنی ، زۆر چاك دەزانن ئەوەی کە لەو ئاینە پیرۆزە ئەوان دەیزانن ئێمە نایزانین لەوە دەترسن ڕۆژێ لە ڕۆژان وەك ئەوان لە ئاینەکەمان بگەین و بەخێرایی بگەڕێنەوە سەری و ئەوان پەکیان بکەوێ و جارێکی تر نەتوانن گەورەکانیش بەسەردان بێنە ولآتانی ئیسلام شتێکی چەند غەریبە مێوان لە خاوەن ماڵ شارەزایی پتری هەبێ ، ئەوە ئێمەی موسڵمانین .

سوێند دەخۆم بەخوای گەورە و سەد جاریش هێزەکانی کوفرو ئیلحاد ئەگەر بیانزانیبا کە ئاینی ئیسلام هۆی دواکەوتن و ژێر چەپۆکی جیهانی ئیسلامە هەرگیزاو هرگیز نەك هەولی لەناوبردنیان نەدەدا ، بەلکو ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتریان دەکرد ،چونکە ئەوان هەموو ولاتێکی داگیری دەکەن بەدوا ئەو هۆکارانە دەگەڕێن کە ئەو ولآتە دوادەخاو بەرەو دواوەی دەگەڕێنتەوە و ئەو هۆکارانە بەهێز دەکەن ، لەهەمان کات بەدوا ئەو هۆکارانەش دا دەگەڕێن کە ولآتی داگیرکراو بەرەو ڕزگاری و بەرەو پێشکەوتن دەباو لەناریان دەبەن بەهەر نرخێك بێ ، ئەوە یەك لە سروشتە هەرە گەورەکانی هێزەکانی کوفر و ئیلحادە .

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە لەسەردەمی (صلاح الدین) خوا لێی خۆش بێ گشت دەولەتانی ئەورووپی خاچ پەرست کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بزانن هێزی صلاح الدین لە چ دایە بۆ لەشکری خاچ پەرست بەژمارە و بەچەك زۆرترن لەلەشکری صلاح الدین کەچی نایوێرنێ و ناتوانن چۆکی

پێدادەن، لەئەنجام گەیشتنە ئەو ڕاستیە کە ئەوان چەکی ئیمانیان بەدەستەوەیە بۆیە کە خۆیان لەبەر ئەو لەشکرە کەم چەك و کەم ژمارەیە ناگرن ، ئەوسا بەرهەموویان بڕیاریاندا ئیتر لەمەودوا ئەو قورئانە لەنێو موسڵمانان نەهێڵن و لەبیریان بەنەوە تا بتوانن بگەن بە ئامانج ئەوەبوو کە کاتێ فەرەنسیەکان وڵاتی شامیان داگیرکرد لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم (گۆرۆ) ی قائیدی فەرنسی قاچە بۆگەنەکەی لە دیمەشق لەسەر گۆڕی (صلاح الدین) داناو گوتی: ها صلاح الدین ئەو جارەش وا گەڕاینەوە ئەوەی کە تۆ کردت بەموسڵمانانی ئەورۆ ناکرێ ، لەبەرچی؟ بێگومان لەبەر ئەوەی کەپشتمان لە ئایینەکەمان کرد. ئەوتا (مەلای گەورەی کۆیە مەلا محەمەد جەلی زادە) لە تەفسیرەکەی (سورة البقرة) دەڵێ: ئەوروپا بۆیە پێش کەوت چونکە وازیان لە ئاینە گۆڕدراوەکەیان هێنا ، ئێمەش بۆیە دواکەوتین چونکە پشتمان لە ئاینە پیرۆزەکەمان کرد ، ئیتر بە چ چاوەڕوویەك و بە چ پەرت و بیانوویەك ئێمەی موسڵمانی کورد خۆمان گوناحبار بکەین و بڵێین ئاینی ئیسلام ئێمەی دوا خستووە؟!

گەورەترین بوهتان و درۆ

ئاشکرایە یەك لە گوناهە گەورەکان و یەك لەو گوناهانەی کە موسڵمانماڵ ویران دەکا توندرەویە (تطرف) (مغالات) (غلو) ، ڕوونکردنەوەی ئەو بوهتانە پێویستی بە(مجلد) ێکی زل هەیە ، بەڵام لێرەدا بەکورتی شتێك لەوبارەوە دەنووسم تەنها بۆ ئاگاداری کردنەوەی موسڵمانی هەڵخەڵەتاو بەو بوهتانە، بۆ ئەوەی بزانن کە ئیسلام توندڕەو نییە یا ئەو موسڵمانەی کە گومانێکی وای لە ئیسلام هەیە ئەو گومانە نەمێنێ .

هێزەکانی کوفر و ئیلحاد ئەمڕۆ بووهتانی توندڕەویان کردیە بە گەورەترین کوتەك پێی لە ئیسلام دەدەن ، کە چی بۆخۆیان لە هەر هەموو توونـدڕەوانی مێژوو توندڕەوترن ، توندڕەون لە خوێن ڕێـژتن و هەڵگیرسـانی جەنگی یەکجار ترسێنەر و ماڵ ویرانکەر وەك جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کە نزیکەی سەد ملیۆن کەسی تیا کوژراو برینـدار بـوو ، بە ملیۆنـەهاش تێیانـدا بـزر بـوون ، ئەمڕۆش لە هەموو کاتێك توندڕەوترن بۆ خوێن ڕێژی و هەڵگیرساندنی جەنگ ، هەمووومان دەزانین ئەو پارەو پول و زانیـاری و تەکنەلۆجیایـەی کـە بـۆ بەرهـەم هێنانی چـەك (وەك بۆمبـای ئـەتۆمی و هایـدرۆجینی و بۆمبـای نیـۆترۆنی و(موشەکی عابر القارات) تەرخانیان کردیە یەك لەسەر دەهەزاری ئەو پارەو پـول و زانیاریە یان تەرخان نەکرد بـۆ لایەنـەکانی مرۆڤایـەتی ، لـەوەش خـراپتر سـاڵ دوانزەی مانگ چەکی کوشندە بەناو هەموو دونیا بـڵاو دەکەنـەوە و زۆرجـارانیش بەخۆڕایی بەسەر پیاو کوژان و تاوانبارانی دابەش دەکەن ، ئێـوە تەماشـاکەن لـە هەموو چرکەیەك یا لەهەر خولەکێك لە هەر ڕۆژێك چـەندان بـێ تـاوان یـاخود سەدان بێ تاوان دەکوژرێن بەو چەکەی ئـەوان کـە دەتـوانن دروسـتی نەکـەن یـا کەدروستیان کرد نەهێڵن بڵاو بێتەوەو بکەوێتە دەستی تاوانبارانی وەك خۆیان بـە

خۆڕایی ، کەچی بەخۆیان نالێن توندڕەو و پیاو کوژ ، بەو نەزان و هەڵخەڵەتاوانە دەڵێن پیاو کوژ و خوێنڕێژ و توندڕەو کە دەمانچەیەك یا تفەنگێکی ئەوانی بەدەستەوەیە و بەفەرمانی ئەوان پیاوی پێ دەکوژرێ یاخود خۆی پێ دەپارێزێ لەدەست پیاو کوژانی توندڕەوی ئەوان !!.

ڕۆژانە بای سەدان ملیۆن دۆلار هۆکارەکانی عەقڵ لەدەست دان و نامرۆڤایەتی و داوێن پیسی و دەست پیسی بلاو دەکەنەوە کەچی هێشتا بەخۆیان نالێن توندڕەو و دڕندە لە هەمان کاتدا سەدان ملیۆن دۆلار لە ڕێگاکانی پڕو پاگەندە (اعلام propagnda) خەرج دەکەن بۆ ناو بەدکردنی پیاو چاکان و بوهتان پێکردنیان و دابڕانی ناوی توندڕەوی بەسەریان .

بەدرێژایی مێژوو خەریکی لەناوبردنی دەیان گەلانی بێ دەسەلات و هەژار و قوڕ بەسەرن ، ئەوسا نەخۆیان و نەخەڵکەکانی هەڵخەڵەتاو بە پیك و دوزەلەیان پێیان نالێن توندڕەو ، بەلام شۆڕشگێڕێکی خوانانسی خەبات گێڕی موجاهید کە لەناو ئەو گەلە قوڕبەسەرانە بەتوندڕەو دەژمێرن و ناوبانگی توندڕەوی بۆ دروست دەکەن و بەخوێن ڕێژ و تاوانباری دەژمێرن.و لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانانی بێ وا لاواز و هەڵخەڵەتاو پێیان هەڵدەخەڵەتێن و باوەڕدەکەن بە بوهتان و درۆکانیان !

(محمد مهدی جواهری) ڕاستی گوتوە کە دەڵێ:

(قَتلُ امريءٍ في غابة جريمة لاتُغتَفَر   وَقتل شعبِ آمن مسألة فيها نَظَرْ)

کوشتنی یەك تاکەکەس لە دارستانێ کەلەوانەیە پیاوێکی خراپ بێ تاوانێکە لێ خۆش بوونی نیە ، بەلام قەتل و عام کردنی گەلێکی ئەمین و بێ دەسەلات مەسەلەیەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە

(تطـرف) توندڕەوی لـە ئیـسلام نەبـەدەن نییـە ، چـونکە گوناهێـك و هەڵەیەکی گەورەیە ، گوناه و هەڵەش لەهەر پایەو پلەیەك بێ لە ئیسلام دانیـەو بەڵکو ئیسلام بەدەققی کیتـاب و سـوننەت دژی توندڕەویـەو هەمیـشە لەهـەر هەموو شتێك مام ناوەندیە ئەوەش چەند ئایەت و حەدیسێك لەو بارەوە :-

١ – (قل يا أهل الكتاب لاتغلوا في دينكم غير الحق ولاتتبعوا أهـواءَ قـوم قد ضلّوا من قبلُ وأضلوا كثيراً وضلّوا عن سواءِ السبيل) المائدة ٧٧

خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) کرد کە داوا لە ئەهلی کیتاب (جولەکەو دیانان) بکا کە نەکەن توندڕەوی بەکار بهێنن لە ئاینەکەیان و تەنها بەلای ڕاستیەوە بـچن ، چـونکە توندڕەوی کـاری هەواو هەوەسە، هەواو هەوەسیش زۆر بەتوندی لەدەیان ئایەت لە قورئـانی پـیرۆز نەهی لێکراوە ، هەروەها نەکەن بەدوای کەسانێك بکەون کە بـەهۆی توندڕەوی و هەواو هەوەسیان گـومڕا بـوون و خـەڵکانێکی زۆریـشیان دووچـاری گـومڕایی کردیەو لەڕاستی خوا لایان داوە.

ئاینی ئیسلامی پیرۆز هەرگیز توندڕەوی قبوڵ ناکاو بەتوندی ڕەتی دەکاتەوە ، چونکە بەشێکە لە کاری هەواو هـەوەس و کـاری هـەواو هەوەسـیش بـە دەقـی ئایەتی قورئان مرۆڤی پێ کافر دەبێ (وَمَن أضلُّ ممّن اتبع هـواه بغـير هـدى مـن الله)بەڕ لە هەندێ خوای گەورە داوای لێ کردین کـە لـە ئاینەکـەمان و تێکـڕای کاروبـارو هەڵـسوکەوتمان مـام ناوەنـدی بـین ، تەنانـەت ئـەو شـوێنەی کـە ئاینەکەشانی لێ دابەزیوە کە شاری (مەککە) یە ناوەندی ئیشکانیە لەسەر ئەرز (وكذلك جعلناكم أمةً وسطاً لتكونوا شهداءَ على الناس ويكون الرسـول علـيكم شهيداً ...) البقرة ١٤٣

٢ – (ولاتجعل يدك مغلولة الى عنقك ولا تبسطها كل البسط فتقعد ملوما محسورا) الأسراء ٢٩ . نەکەی هێندە بەخیل و قرچۆك بی ، دەست لە بینەقاقای خۆت بنێی و نەکەی و نەخۆی لەبەر سەقیلی و قرچۆکی هەروەها نەکەی هێندەش دەست بلاو بی و ئیفلاس بە خۆت بکەی .

٣ – لەباسی (عباد الرحمن) لە سورەتی (الفرقان) دەفەرموێ (... اذا انفقوا لم يُسرفوا ولم يقتروا وكان بين ذلك سبيلاً) ، واتە موسلمانی ئیمان تەواو بەهێز بەخوای خۆیان هەرکاتێ ماڵیان خەرج کرد نە سەقیلی تێدا دەکەن و نەدەست بلاوی ، بەڵکو ما ناوەندن .

٤ – (ومن قتل مظلوماً فقد جعلنا لوليه سلطاناً فلا يُسرف في القتل انه كان منصوراً). الأسراء .

کوشتنی خەڵکی بێ تاوان گەورەترین تاوانە لە نێو بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام لەدوای هاوبەشی پەیدا کردن بەخوا، خوای گەورە سزای یەکجار توندی بۆ دانایە لە ڕۆژی دوایی وە بە هیچ جۆرێك لێخۆش بوونی نیە (ومن يقتل مؤمناً متعمداً فَجزاءُهُ جهنم خالداً فيها وغضب الله عليه ولعنة و أعدَّ لهُ عذاباً عظيماً) النساء .

لەگەڵ ئەوەشا موسڵمان هەرکاتێ بەناحەق کوڕێکی کوژرا یا برایەك یا ئامۆزایەك نابێ توندڕەوی بکا لە تۆڵە سەندنەوە بە هیچ شێوەیەك (فلا يسرف في القتل) ئەگەر لەخوێنی خۆی خۆش بێ ئەو چاکترە (وان تعفوا أقربُ لتقوى ولا تنسوا الفضل بينكم إن الله بما تعملون بصير) البقرة ، ئەگەر چی مەسەلەی عەفو لەو ئایەتە عەفو کردنی ئەو کەسەیە کە ئافرەتی تەلاق دەدا بەر لەوەی دەستی بەدەستی بکەوێ لەو ماوەیەی کەلەسەری فەرز کرایە، بەلام مەسەلەی عەفوکردنی هەر گوناهبارێ لە گوناهەکەی لە لایەن خاوەن حەق شتێکی پیرۆزە لەلای خوای گەورەو موسڵمانان، وە ئەگەر لە خوێنی خۆشی خۆش نەبوو ئەوە

پێویستە تەنها ئەو کەسە بکوژێتەوە کە قەتلەکەی کردیە نابێ لە بری قاتل برای یا باوکی یا کوڕی یا ئامۆزای یا هەر کەسێك لـە بنەماڵەکـەی بکوژێتـەوە ، وە یاخود لەبری یەکێ دووان یـان سـێیان بکوژێتـەوە، ئـەوە سروشـت و سـیفەتی خەڵکانی جاهیلی بوو لەنێو قورەیشیەکان بەر لە هاتنی ئیسلام .

هێزەکانی کوفرو ئیلحاد ئەمرۆ بە موسڵمانان دەڵێن توندڕەو کەچی خۆیان و سیفەت و ڕەوشتی بەدی خۆیان بەسەر ئێمە دا ساغ دەکەنەوە ، بۆت ڕوون بۆوە کە حوکمی ئیسلام چۆنە لەبەرامبەر (کوشتن) ئەوسا کە یەکێ لـە موسـڵمانان بـە پێچەوانەوە ئەو حوکمە ڕاستە ڕەفتار دەکا بێگومـان ئیـسلام بەرپرسـیار نییـە ، بەڵکو ئەو کابرایە خۆی بەدوا هەواو هەوەسی

خۆی کەوتوە ، بەڵێ هێزەکانی کوفر و ئیلحاد هەموو تاوان و سیفەتی خۆیان کە هەر هەموو شەیتانیە ، بەسەر ئێمەدا دەبڕن لە کاتێ هەموومان ڕۆژانـە دەبیـنین لـەبری کوشـتنی سـەربازێکیان دەیـان و سـەدان دەکوژنـەوە یـاخود بـە هێـزە ئاسمانیەکانیان شارێکی موسڵمانان کاول دەکەن و هێشتا بە خۆیان ناڵێن توندڕەو ، بە ئێمە دەڵێن توندڕەو. هەموو ڕۆژێـك ئـەو دیـاردە دڵتەزێنـە لـە فەلەسـتین دووبارە دەبێتەو، جولەکەکان لەبری خوێنی سەربازێکی جولەکە چـەندان منـاڵی سـاوای ناوبێـشکە دەکـوژن یـان دەیـان کەسـی بـێ تـاوان بـە تـۆپ و فڕۆکـە شەڕکەرەکانیان دەکوژن و بریندار دەکەن بەدەیان خانوو بەرە لەگـەڵ زەوی جـووت دەکەن.

٥ – پێغەمبـەری خۆشەویـست وبـەڕێزمان (علیـه الـصلاه والـسلام) لەفەرموودەیەکی بەناوبانگ دەفەرموێ : (هلـك المتنطعـون هلـك المتنطعـون...) وابزانم سێ جـاران ئـەو فەرموودەیـە دووبـارە دەکاتـەوە و دەفـەرموێ تونـدڕەوان بەهیلاك چوون ، توند ڕەوان بەهیلاك چوون توندڕەوان بـەهیلاك چـوون. ئـەوجا توندڕەوەکە لەهەر کاروبارێکی دینی یـا دونیـەوی بـێ، کەواتـە توونـدڕەوی لـە

ئیسلام دانیه و نابێ ، توند ڕەوی تەنهاو تەنها کارو تاوانی هێزەکانی کوفر و ئیلحادە ، بەڵام بۆ بە ئێمە دەڵێن توندڕەو؟ لەبەر ئەوەی دەیانەوێ هەموومان قەتل و عام کەن ، هەموو وڵاتمان داگیروتالآن کەن ، ئێمەش وەك بەرخۆکەی بن چەقۆی قەساب دەنگیان لەگەڵ ناکەین ئەوسا پێمان بڵێن ئەی لەو بەرخە چەتونە خۆ لەشی لە خوێن نەهێشتین .

بەکورتی: ئایینی ئیسلام یەك لەو گوناهانەی کە بەتووندی نەهی لێ کردیە توندڕەویە بەهەموو جۆرەکانیەوە ، بەڵام ئێمەی موسڵمان بەلای هێزەکانی کوفر و ئیلحاد هەر بە توندڕەو دەژمێردرێن تاوەکو خۆیان غەرقی کوفر و ئیلحادمان نەکەن ئێمە هەر بە توندڕەو لەقەڵەم دەدەن

وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (ولَنْ ترضى عنكَ اليهود ولا النصارى حتى تتبع مِلَّتهم قُل إن هدى الله هُو الهدى ولأن آتبعت أهواءَهم بعدَ الذي جاءك من العلم مالك من الله من ولي و لا نصير) البقرة ١٢٠ .

لێتان مسۆگەربێ (دەبێ لێمان مسۆگەر و مەعلوم بێ) هێزەکانی کوفر و ئیلحاد ئێمە هەر بەتوندڕەو دەزانن و بە دونیا دەناسێنن با وازیش لە هەر هەموو ئاینەکەمان بهێنن و تەنها بڵێین (لا الـه الا الله محمد رسول الله) تا واز لەو هەندەش نەهێنین هەر بەتوندڕەو دەژمێرن و لەناوبردنمان بە کارێکی پێویست و شەرعی دادەنێن.

با هەمیشە ئەو نهێنیە لەبیر نەکەین و بزانین بۆچی هێزەکانی کوفرو ئیلحاد بەهەموو هێز و توانایانەوە دەیانەوێ ئەو ئایینە پیرۆزەمان لە نێو دڵ و دەروونمان هەڵکێشن و لەبیرمان بەنەوە ، چونکە چاك دەزانن کە بڕبڕەی پشتمانە ئیتر کە مرۆڤ بڕبڕەی پشتی نەما بە دەست و قاچیش هیچی پێ ناکرێ، کە مرۆڤ بڕبڕەی پشتی نەما عەقڵ و بیر و هۆشیشی لەدەست دەداو ژیانی لەدەست دەدا .

١٦ – هەموو سەرچاوەکانی مێــژوو لــە ڕۆژهــەلأت و ڕۆژئـاوا ، کەزۆربــەی هەرەزۆری بەدەستی گاوران نووسراوەتەوە دانیان پیێ داهێنایە کە هــەموو جیهــان بەتایبــەت ولأتــە ئەوروپیــەکان قــەرزاری ژیــاری و شارســتانیەتی ئیــسلامن ، هەرهەموویان دانیان پێداهینایــە ئــەوبیرو بــاوەڕو شارســتانیەت و ژیاریــەی کــە ئیسلام دروستی کردیە لەسەرەتای هاتنی وێنەی نەبووە لەچاکی و لــە ڕاســتی و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ ، ئەوەی کە ئاینی ئیسلام لەماوەیەکی زۆر کەم ئەنجامی دا بەشێوەیەکی یەکجار ئەرێتی(ایجابی) لــەژیانی ســەر ئــەرز هــەرگیزاو هەرگیز مرۆڤایەتی بەخۆوەی نەبینیوە لەڕابردوو نە لەداهاتوو....

ڕاستە ڕۆمانەکان و یۆنانەکان و میــصریەکان و چــینیەکان ، شارســتانیەتی بــەرفراوان و پێــشکەوتوانەیان لــە مێــژوو پێکــەوە نــاوە ، بــەلأم هــەر هــەموو شارستانیەتی خۆیان لەسەر حیــسابی خــوێنی گــەلان و کەللەســەری ملیۆنــەها مرۆڤی بێ تاوان دروست کردیە ، بەلأم ئیسلام بــەدانپێهێنانی هــەر هــەموویان لەڕێگەی کیتاب و سوننەت شارســتانیەتی لەســەر ئــەرز و لــە مێــژوو دروســت کردیە و ســتەمی لــەهیچ گــەلێکی لاواز نەکردیــە لــە پێنــاو دروســت کردنــی شارستانیەت و پێــشکەوتنی خــۆی ، ســەدانی وەك ڕۆژهــەلأت ناســی فەرەنــسی (گۆستاف لۆبۆن) دانیان بەو ڕاستیە داهینایە . باشە ئاینێك هــەموو زانیــان و ڕۆژهەلأت ناسانی دونیا شاهیدی چاکی و پاکی پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی بۆ بدەن بۆ دەبێ لە ئێمەی کورد بووبێتە بەلاَ ؟ (أعوذ بــالله)مــن وادەزانم خۆمــان بەمل خۆمانەوە بوینە بەلاَ نەك شتێکی دیکە یاخود کەسانێکی دیکەو زانایانی هەموو دونیا باسی گەورەیی و ڕاستی ئیسلام دەکەن و دەڵێن مــرۆڤ و مێــژوو بــە تێکڕا قەرزاری فەزل و شارستانیەتی ئیسلامە ، بەلأم ئەوانەی لــە ئێمــەی کــورد گلەیی لە ئیسلام دەکات یا دەیخاتە بەر شــالأوی هێرشــە ناڕەواکــانی بەشــاهیدی کارو کردەوەی خۆیان هەرهەموو یان جاهیل و گێل و وێل و نەزان و سەرگەردانن،

ئایا مرۆڤی خاوەن ژیر و هۆش و بیر و وریاو ئاگا لەخۆ بەقسەی کامیان دەکا بە قسەی زاناکانی دونیا یا جاهیلەکانی کورد؟

ڕاستە بەناوی ئیسلام دوژمنانی ئیسلام زۆرجار فێڵیان لێ کردینە، باشە ئێمەش وەك ئەو فێڵبازانە مرۆڤ نین ؟ بۆ ئێمە دەستی خۆمان پێش نەخست بەرلەوەی ئەوان فێڵمان لێ بکەن ئێمەی کوردیش با لەڕێگەی ئیسلام فێڵمان لێ کردابان و ئەگەر ولاتیشمان لێ داگیر نەکردابان با هەرتەبا لێنەگەڕابایین ئەوان ولاتی کوردستانیان داگیر کردابا ئاخۆ چیمان لەوان کەمترە؟ . گەر ئەوان گەل بوون ئەی ئێمە وەك ئەوان گەل نەبووین؟ بۆ ئەوان بۆ لە ناو بردنی ئێمە دەست پێشخەربوورین ، بۆ ئێمە دەستی خۆمان پێش نەخست؟ دیسانەوە دەڵێم چیمان لەوان کەمترە؟

١٧ - ئەمڕۆکە ئاینی ئیسلام لە لایەنی ئابووری و لەشکری لەهەموو سەروەختەکانی ڕابردوو لاواز ترە ، لە خوای گەورە بەولاوە کەس نیە بەرگری لێ بکا مەگەر هەندێ گروپی پچڕ پچڕ لەم لاو لەولای گێتی لەسەر ئەوە شەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ڕۆڵەکانی لە زیاد بوونە بەتایبەت لە ولاتانی کوفر و ئیلحاد ! ئایا دەزانن ئەوانەی کە لەو ولاتانە موسڵمان دەبن کێن؟ واللە نەکرێکاری هەژارن و نەجووتیاری بێکارن و نەهەژارو دەست کورتی نێو کەلاوەکانی ولاتی کوفر و ئیلحادن ، بەڵکو لە سەدا نەوەتیان زانای بەناوبانگی پزیشکی و گەردوونی و فیزیایی و کیمیائین کەتوانایان هەیە کاریگەری لەهەزاران هەزار کەسانی تر بکەن کە ڕێڕەوی ئەوان بگرن ، لێرەدا دەبێ بزانین کە هەردەبێ فەرموودەی خوای گەورە بێتەدی ، دەبێ بزانین کە هیچ بەربەستێك و هێزێکی بەربەست دژ بە ئیسلام نیە پێش لەفەرموودەکانی خوای گەورە بگرێ کە نەیەتەدی ، دەبێ هەر بێتەدی و بێتەدی دەفەرموێ (... إنما يخشى الله من عباده العلماءُ إنَّ الله عزيز غفور) ، واتا: ئەوانەی کە لەخوای گەورە دەترسن و بەڕاستی دەیپەرستن تەنها

کەسانێکی زانان و ئیتر خوای گەورە هیچ هێزێك نیە کە لە هێز و دەسەلاتی کەم کاتەوەو پەکی بخا ، چونکە هەرچی هێز هەیە لەدروستکراوی خۆیەتی هەر لە سەرەتاوە ، هەروەها خوای گەورە یەکجار لێ خۆش بووە لەو زانایانەی کە دەگەڕێنەوە سەر بەرنامە پیرۆزەکەی .

هەموو ڕۆژێ کەناڵە ئاسمانیەکانی ئیسلامی چەندان هەواڵی دڵخۆشکەرمان بۆ بلاو دەکەنەوە لەبارەی گەشە کردنی ئیسلام لە وڵاتانی کوفر و ئیلحاد ئەوتا (کەناڵی الرسالە) بڵاوی کردەوە کە ئاینی ئیسلام لە ساڵی ٢٠٦٠ لەفەرەنسا ڕێژەی موسڵمانان دەگاتە (٦٠٪) و لە ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕێژەی موسڵمانان دەگاتە (٤٠٪) .

ئایا ئەو هەموو خەڵکەی ئەوڕۆ موسڵمان دەبن لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و یابان و چین ، بۆیە موسڵمان دەبن تاکو ئیسلامەتی دوایان بخاو بەرەو دواوەیان بگەڕێنێتەوە وەك ئەو کوردانەی ئێمە کە پێیان وایە ئاینی ئیسلام کوردی دواخستیە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە حەز بەدواکەوتن دەکەن و لەپێشکەوتن زۆر بێزار بوونە و سەرچاوەی دواکەوتنی خۆیان لە ئیسلام دۆزیتەوە و هیچ شتێکی تر نیە دواکەوتنی لێ بەدەست بێنن؟ یاخود نهێنیەکی زۆر گەورە لەو مەسەلە گەورەدا هەیە ڕەنگە ئێمە نەیزانین؟ ئەو کاکە کوردانەی دەڵێن ئاینی ئیسلام بەزۆر بڵاو کرایەوە ، ئاخۆ دەبێ کێ ئەو زۆریە لەو هەموو زانا و دانای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و یابان و چین بکا بۆ ئەوەی موسڵمان بن؟ بێگومان پەرەسەندنی ئیسلام لە وڵاتانی کوفر و ئیلحاد لەڕۆژگارێ کە ئیسلام لە هەموو سەروەختێك لاواز ترە ئەو گۆتە گۆتانەی هەموو بەدرۆ خستەوە و ڕووی خاوەنەکانی ڕەش کرد ، ئەو دیاردەیەی ئیسلام بوونی خەڵك سەپاندی کەهەرگیز ئاینی ئیسلام بەزەبری شیر و تیر بڵاو نەکرایەتەوە بە درێژایی مێژوو وەك لە پێشتر گووتم لە سەدا نەوەتی ئەوانەی لەو وڵاتانە موسڵمان دەبن زانا و دانان ، مرۆڤی

زاناو دانا هەمیشە بەدوا زانینی زیاتر دەگەڕێ و هەمیشە دەیەوێ زاناتر و داناتر بێ دیارە ئەو ڕاستیەشیان لە نێو لاپەڕەکانی کیتاب و سوننە دۆزیتەوە بۆیە موسڵمان دەبن ، ئایا ئەو براکوردانەی پێیان وایە ئیسلام کوردی دواخستیە (أعوذ باللە) دەبێ دەرس و پەند لەو هێندۆکە ڕاستیانەی کە من نووسیوەتم وەرنەگرن و داوای لێ بووردن (لەمەودوا) لە خوای گەورە نەکەن؟

لەهەموو دونیای ئیسلام بەدرێژایی مێژوو کەسێ نەیویستووە و نەیدیوە زانایەکی موسڵمان ببوبێتە جولەکە یا دیان ، بەلام دیتراوە و بیستراوە کە دەیان و سەدان قەشەو مەتران و بەتریرك بوون بە موسڵمان و دەبنە موسڵمان بەبەردەوامی، ئەو دیاردەیە ئایا چ دەگەیەنێ بۆ ئاینی ئیسلام؟ بێ گومان زۆرن ئەوانەی کە دەڵێن: ڕۆژانە چەند موسڵمان دەبن لە کافران هێندە پتر لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە، تا ڕادەیەك ئەو شتە ڕاستە، بەلام کێن ئەوانەی کە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە ؟ ئایا لە ئاستی زانین و زانیاری و زانست و ڕەوشتی بەرزی وەك ئەو کافرانەن کە موسڵمان دەبن لە ولاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان؟ نەخێر واللە کەسانێکن بەکەلکی هیچ شتێك نایەن و کاتێ هەڵدەگەڕێنەوە هەندەی پێ ناچێ کافران لێیان بێزار دەبن و تف و لەعنەتیان دەکەن، کەواتە ئەو کەسانە واچاکە هەر لەکۆڵ ئیسلام و موسڵمانان ببنەوەو ئاو و ئاوچن بەڕێژەی سەدا سەد جیاوازن لەگەڵ ئەو زاناو داناو پیاوە ڕەوشت بەرزانەی کە لەناو ولاتی کوفر و ئیلحاد موسڵمان دەبن، کاتێ کە موسڵمان دەبن ئەوجا خەڵك زیاتر سوودیان لێ وەردەگرێ و سوود نەك بەگەلەکەی خۆیان بەلکو سوود بە هەموو دونیا دەگەیەنن و دەبنە هێمای ڕەوشت بەرزی و خاوەن عیزەت و مرۆڤایەتی .

خوێنەری بەڕێز: دوژمنایەتی هەر بەرنامەیەکی ژیانت کرد یا دوژمنایەتی هەرکەسێکت کرد پێویستە لەسەرت بەلگەی تەواو و ڕاستی ئەو دوژمنایەتیەت

بەدەستەوە بێ ، واتا : تۆ لەسەر ڕاستی بی ئەگەر نا شاهیدی لەسەر خۆت دەدەی کە تۆ تێکدەری و ئاژاوەچی و دوواکەوتووی .

١٨ – گریمان ئایینی پیرۆزی ئیسلام کۆسپ و تەگەرە بوو لە پێش گەلی ئێمەی کورد (کە هەرگیز نابێتە کۆسپ و تەگەرە) ئایا عەیبێکی یەکجار گەورە نییە بەسەر شانی گەلێکی چەندەها ملیۆن نەتوانی ئەو
عەیبە گەورە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە دوای پتر لە هەزار و چوار سەد ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر موسڵمان بوونی ؟ ئایا ساڵی یەکەمی موسڵمان بوونمان نەمان زانی کۆسپ و تەگەرەیە؟ ساڵی دووەم و سێ یەمیش هەروەتر؟ خۆ دەبوایە لە سەدەی یەکەمی موسڵمان بوونمان بزانین و وازی لێ بێنین؟ لەکاتێکدا دەزانین گەلانی دونیا بەسەدان و هەزاران کێشەو بەلا و کۆسپ و تەگەرە کەوتیتە پێشیانەوە لەکاتی خەباتیان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەت ، کەچی بەسەر هەر هەموویاندا زاڵ بوونەو بەئامانج گەیشتینە .

زۆر کەس لە ئێمەی کورد دەڵێن: ئێمە دەزانین خودی ئایینەکە پاك و ڕاستە و فێڵی لێ نەکردینە ، بەلام گەلانی موسڵمانی دەورو بەرمان وەك (فارسکان و عەرەبەکان و تورکەکان) لە پەنا ئیسلام فێڵیان لێ کردینەو لێ نەگەڕاین ببین بە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان؟! ئەی کە بۆچوون و بیرو ڕایەکی هەڵەیەو لەڕاستی و واقیع دوورە ؟! باشە ئەی ئێمەش وەك ئەوان مووسڵمان نەبووین بۆ لە پەنا ئایینی ئیسلام بۆ ئێمە فێڵمان لەوان نەکرد؟ گریمان عەرەب ئایینەکە بە زمانی خۆیان بوو و لە ئێمە چاکتر تێگەیشتبوون چاکتر توانیان سوودی دونیەوی لێ وەرگرن و چاکتر توانیان (کیتاب و سوننە) لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکار بهێنن باشە خۆ تورك و فارس وەك ئەوان نەبوون کەچی ئەوانیش گەلێ ژیرانەتر توانیان لە پەنا ئیسلام فرت و فێڵەکانیان بەناو جەرگەی کورد دادەن؟ باشە بۆ ئێمەی کورد لەو بارەوە دەستی خۆمان پێشنەخست ، یاخود هەر نەبێ لێنەگەڕێین فێل ێ

فرتمان لێ بکەن؟! دەیان ساڵە یان سەدان ساڵە دەڵێین و دەیلێینەوە فارس و عەرەب و تورك لەپەنا ئیسلام سەریان لە قوڕ ڕاچواندین ، جارێك لەجاران بەڕاست و دروستی بیرمان نەکردەوە ئەو پرسیارانە لە خۆمان بکەین ؟!

ئاخۆ دەبێ نەخۆشی کوشندەمان ئایینی ئیسلامی پیرۆز بێ یا گورجی کوشندەی فارس و عەرەب و تورك کە بۆخۆمان تیرەقەی پشتمان بۆ ڕووت کردینە کە بەکەیفی خۆیان بەو گورجە کوشندە بکەونە سەرمان؟ ! خیانەتی ئەو سێ گەلەبێ لێمان یا خیانەتی خۆمان بێ لە خۆمان؟

خیانەت چی یە؟ خیانەت مونافیقیە ، دوژمنەکەت لەسەرەوە جاریٚ برایەتی و ڕێکەوتننت لەگەڵ بکا ، لەبنەوەش بنکۆڵت کاو بەناخی زەویت دا بباتە خوارێ . بێگومان کە یەك جار بە درێژایی مێژو دوژمنت ئەو جۆرە فێڵەی لێ کردی ئیتر نابێ تۆ ڕێگە بدەی دووبارە ببێتەوەو نەك سێ بارەو دەبارە وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان دەفەرموێ (علیه الصلاه والسلام) لە حەدیسێکی ڕاست و ڕەوان : (لا يُلدَغُ المؤمنُ في جُحْرٍ مَرَّتَينِ) . مرۆڤی خودان باوەڕ دووجار لە یەك کونە دوپشك ، دوپشك پێوەی نادا.

بێ گومان لە خیانەتی دوژمن لێمان خراپتر خیانەتی خۆمانە لە خۆمانی دەکەین ئەو جۆرە خیانەتە بەدەیان جار سامناکتر و کاریگەر ترە لەسەر لەناو بردنی گەل. ئەو خیانەتەیە ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو پێوەی گیرۆدەو گرفتار بووینەو سەری هەموو ماڵوێرانیەکانمانە .

نهێنیەکانی دواکەوتنمان

تکا دەکەم لە خوای گەورە کە ڕاستیم پێکابێ لەو بارەوە کە ئایینە پیرۆزەکەمان هەرگیز بەرپرسیار نیە لە دواکەوتنی گەلەکەمان گەلی کوردی موسڵمان ، دیسانەوە داواکارم لە خوای گەورە کە هەر نەبێ چەند برا کوردێکی لەو هەڵە گەورەیە گێڕابێتەوەو لەو بیرو ڕایەی پەشیمان بوبێتەوەو چیتر پێی وانەبێ کە ئاینی ئیسلام کە ڕاستیەکی ڕەهایە ،کوردی بێ بەش کردیە لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی و لەدەست ڕاگەیشتن بە هۆکارەکانی پێشکەوتن لەو دنیا ئالۆزەی ئەورۆ .

وابزانم کاتی ئەوە هاتووە کە هەموومان بزانین نهێنی نەبوونی ئەو دەوڵەتە کوردیە چیەو دوای ئەوەی بە ئیزنی خوای گەورە زانیمان ئیسلام بەرپرسیار نییە.

لەوەتی چاوم لە دونیا هەڵێناوە و گوێم بۆ گوێ لێ بوون و گوێ ڕاگرتن کراوەتەوە و زمانم بەووتە شیرینە کوردیەکان پژاوە و کەوتوومەتە نێو بازاڕی ژیان بە هەموو ئالۆزی و پالۆزیەکانیەوە بە هەموو گیرو گرفتەکانیەوەو کێشەوبەرەکانی ، لەوەتی بەدوای ڕاستی دا دەگەڕێم و بیدۆزمەوە لەوەتی وەك زۆرینەی خەڵك خۆم خەریك کردیە بەزانین و ئاگادار بوونەوە لە لایەنەکانی ژیانی ، وەك لایەنی سیاسی و ئابووریو کۆمەلایەتی و لەشکریو زانیاری ئەو یەك دوو قسەیەم کەوتۆتە بەر گوێ و تا ئێستاش نەبڕاوەتەوە و دەکەوێتە بەرگوێم کە گوایا گەلی کورد سێ شت دوای خستیە و لێی نەگەڕایە کە بۆخۆی وەك هەموو گەلانی جیهان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکا ئەوانیش :

١- یەکیان گوایە ئیسلامە کە بە ئیزنی خوا بەدرۆم خستیتەوە کە ئیسلام هەرگیز تاوانبار نیەو نابێ لە نەبوونی ئەو دەوڵەتە

٢- لەبەر ئەوەی گەلەکانی دەوروبەرمان زێدە دوژمنمانن و هەرگیز ڕێگەیان پێ نەداوین کە بۆخۆمان ببینە خاوەنی ماڵی خۆمان .

٣- لەبەر ئەوەی کە خاکی کوردستان نیشتمانێکی داخراوەو لە هیچ لایەکەوە نەکەوتیتە سەر دەریایەك لە دەریاکانی جیهان .

ئەو سێ شتە یا ئەو سێ هۆیە لە نێو مێشکی ڕۆڵەکانی کورد وەك ڕاستیەکی ڕەهای لێ هاتیەو هیچ شك و گومانێك لە ڕاستیان ناکرێ و ئیتر چارەی ئەو سێ هۆکارە ناکرێ و تا دونیا دونیایە هەردەبێ ژیانی کۆیلایەتی و ژێر چەپۆکی و نۆکەری بەینەسەر، جا تۆ سەیرکە کوردی بەرەو چ قۆناغێکی لاوازی و سستی و هیوا بڕاوی قوڕبەسەری بردیە کە

بێ گومان (من سەد جاریش بێ گومانم) کە هەرسێ هۆکارەکە درۆنەو بەردی بناغەیان لەسەر درۆ و گێلی خەڵك دامەزراوە ، بەردی بناغەیان لەسەر سەگایەتی و فێڵبازی دوژمنەکانمان و خاینەکان دامەزراوە، هەرسێ هۆکارەکە فریان بەسەر ڕاستیەوە نیە ، وەك مێژوو واقیع بۆمان دەسەلمێنن و هەرسێ هۆکارەکە ڕەت دەکەنەوە ، یەکمان ڕەت کردەوە، ئەوسا دەست بە دووەم و سێیەمیان دەکەین بەئیزن و بەیارمەتی خوا.

٢- ئایا گەلانی دەوروبەرمان (فارس و عەرەب و تورك) لێ نەگەڕاین دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی گەورە دروست بێ ؟ ئایا درۆیە ، ڕاستە ؟ بێ گومان درۆیە. بۆچی؟ گەورەترین زیانی ئەو درۆیەو پەخش کردن و سەپاندنی لە نێو دڵ و دەروون و مێشك و بیر و هۆشی کورد بویتە بەڵگەیەك لەو بەڵگانەی کە کورد بەگێل و ویڵی بە جیهان بناسێنێ و بۆ هەموو دونیای ئیسپات کا کە کورد مێشکی لەبیرکردنەوە ڕاوەستایەو توانای بیرکردنەوەی نییەو ناتوانی بەدوای ڕاستیدا بگەڕێ و هەمیشە بەدوای هەڵلایی دەکەوێ و نەگەرنا بەو درۆ مێژوویە باوەڕناکا کە گوایا گەلانی دەوروبەری لێ نەگەڕایین دەوڵەت بۆخۆی دروست کا

با لێرەدا کەمێ بەووردی سەیری مێژو و واقیع و نەخشەی جیهان کەین و ئەوسا پرسیار لەخۆمان کەین ، ئایا دەوڵەت و حکومەتە بچووکەکان و بێ هێزەکانی دونیا بە گەلانێك گەمارۆ دراون کە ئەو گەلانە برای پشتێ و مام و ئامۆزایانن ؟ یاخود وەك ئێمەی کورد لە هەموو لایەك بە دوژمنانیان و ناحەزانیان دەورە دراین؟ ئەو هەموو دەوڵەتە بچوکانەی سەر زەوی بەهۆی دەوڵەتەکانی دەوروبەریان بووین بە حکومەت و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتیە؟ ئایا ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەریان باوك و برایانن ئەوانەیان کردیە بەدەوڵەت؟ نەخێر.

دەوڵەتانی دونیا یا بابڵێین زەوی لەوەتی دەوڵەتی بەخۆوە بینیە هەر هەموویان خەریکی خواردنن و لەناوبردنی یەك بوونە، هیچ دەوڵەتێك، هیچ گەلێك بۆ گەلەکەی دراوسێی نەبووە بە باب و براو بیکا بەحکومەت وەك چۆن سەیری خۆی دەکا سەیری ئەویش بکا، مێژووی ئەرز لە سەدا نەوەتی پتر هەموو شەڕو جەنگە، ئەو شەڕو جەنگانەش زیاتر لە میانی ئەو گەلانە رووی دایە کە دراوسێی یەکترن و هەریەکەیان هەوڵی داوە بەهەر رێگەیەك بێ دەوڵەتانی سەر سنوری بکا بە بەشێك لە ولاتەکەی خۆی و گەلەکەی لەناوبات و خۆی دەست بەسەر خاکەکەی دابگرێ کەم وا هەبووە گەلێکی گەورە گەلێکی بچوکی دراوسێی بکا بەدەوڵەت مەگەر لە بەرژەوەندیەك و هۆیەکی یەکجار زل نەبێ، وەك چۆن (هیند) لەشەستەکان (بەنگلادیش) ی کردە حکومەت و لە پاکستانی جیا کردەوە لەبەر هۆی لەشکری و ئابینی، لەبەر ئەوەی پاکستان دەوڵەتێکی ئیسلامیەو ویستی لەلایەن عەسکەری و ئابووری لاوازی بکا ، ئەگەرنا گەلانی دونیا لەوەتی سەریان هەڵداوەو ئەرزیان ئاوەدان کردیتەوەهەر خەریکی خواردنی یەك بوونە ، سەروەختێ ئەو بەریتانیایە دەیویست ئەمریکا بخوا، ئەگەر چی ئەمریکا زۆربەی وەك بەریتانیەکان ئینگلیزن. بەر لە میلاد ئیتاڵیا دەیویست

بەریتانیا بخوا بۆ ماوەیێ لە ژێر دەستی بەداگیرکراوی مایەوە ، ئەو ڕوسیای وا زەبەلاح سەردەمێ قەڵەمڕەوی ولاّتی سوید بوو ئەگەرچی سوید گەلێ لە ڕووسیا بچوك تر بوو.

بەکورتی شەڕو جەنگ و پێکدادان لەمیانی گەلانی ئەرز شتێکی سروشتی بووە، تا ئەوڕۆش هەر بەردەوامە، ئەوجا گەل ئەو گەلەیە و ئەو گەلە بوو کە ژێر دەستی وەك کورد قەبوڵ نەکردبێ و نەیهێشتبێ گەلانی دەوروبەری بیخۆ.

هەموو گەلێك هەمیشە خۆی دانووساندووە لەبەرامبەر گەلەکانی سەرسنوری هەرکە دەرفەتێ بۆ ڕێککەوتبێ پەلاماری دایەو کردویە بە خزمەتکاری خۆی و نیشتمانەکەی کردیە بە بەشێك لە نیشتمانەکەی خۆی، ئەو حاڵەتە ڕاستیەکی مێژوویی و واقیعیە، هەتا ئەوڕۆش هەر بەردەوامە و هەرگیز گەلێکی بەهێز گەلە لاوازەکەی دراوسێی دەست بەسەردا نەهێنایەو نەیپارستیە لەدەست دوژمنانی مەگەر لەبەر بەرژەوەندیەکی یەکجار پێویست نەبێ .

والحاصل : گەل ئەو گەلە بووە لەبەرامبەر گەلانی دراوسێی خۆی ڕاگرتبێ و بەهیچ شێوەیەك سەری بۆ شۆڕ نەکردبێ و هەمیشە سوور بوویێ لەسەر سەربەخۆیی و پاراستنی سنوری ولاّتەکەی لەدەست گەلانی دەوروبەری. ئەوەتا ولاّتی پۆڵەندا لەسەر دەستی گەلانی دەوروبەری پێنج جار لەسەر نەخشەی ئەورووپا ڕەش کرایەوەو هەر پێنج جارەکە خۆی زیندوو کردەوەو وەك گەلی کورد ژێر دەستی و ژێر چەپۆکی و نۆکەری گەلانی دەوروبەری قەبوڵ نەکرد

کەواتە ڕاست نییە بلّێین فارس و عەرەب و تورك نەیانهێشتووە ئێمەی کورد ببین بە دەوڵەت، نەخێر ڕاست نییە، ئەگەر ئەوانیش نەیان هێشتووە ببین بە دەوڵەت ، کە ئەمەش یاسای سروشتی گەلانە ، ئێمە خۆمانیش نەمان ویستوە ببین بە دەوڵەت، ئەگەر ئێمە خۆمان بمان ویستابا ئەوان نەیان دەتوانی مەنعمان بکەن و ڕێگەمان لێ بگرن .

باشە ئێمەی کورد لە ئاسیا لە کۆنترین گەلانی سەر زەوین ئێمە بۆ نەبووینە ئەو گەلە کە نەهێڵین فارسەکان بین بە دەوڵەت کە وەك ئەوان قوڵێن لە مێـژوو ، بۆ هێشتمان فارسەکان بین بە گەلێك لەو گەلانەی کـە ڕێگـەی دروسـت کردنـی دەوڵەتیان لە ئێمە گرتیە؟ ئەوانیش قەیدی ناکا، خـۆ ئێمـەی کـورد گـەلێ لـەو ناوچەیە کۆنترین لە عـەرەب و تورك کە ئێمە سەر وەختێ لە خـاکی کوردسـتان خوا دروستی کـردین عـەرەب و تـورك هـەر ناویـان نـەبووە ئـەی بۆچـی ئـەوان بەغەریبی هاتن و بوونە بەلا لە ئێمە کە نەهێڵن دەوڵـەت دروسـت کـەین ئێمـە لەوان نەبووینە بەلا ، ئەوان دەوڵەت دروست کەن و ئێمە ببین بە ئـەو گەلـە کـە ئەو دوو گەلە مەنع کەین لەدامەزراندنی دەوڵەتیان؟ خۆ دەبایە ئێمە ئەو گەلەبین مەنعی ئەوان بکەین نەك ئەوان مەنعی دەوڵەت لە ئێمە بکـەن ، چـونکە ئـەوان غەریب بوون لە ناوچەکە ئێمە خاوەن ماڵ بووین و هەمیشە خاوەن ماڵ شارەزاترە لە مێوانێکی غەریب؟! کەچی ئیـشەکە بـە پێـچەوانەوە وەسـتایە، واتـا: ئـەوان غەریبانە دەستیان لە ئێمە ستاندووەو بوونەتە خـاوەن مـاڵ و ئێمـەش بووینەتـە میوان! بۆچی و هۆی چی یە؟ کاتێ دەمانگووت ڕاستە فارس و عـەرەب و تـورك ڕێگەی دروست کردنی دەوڵەتیان لێ گرتیین کە ئەو سێ گەلـە هەرسـێکیان لـە خاکی خۆیان دەوڵەت بوون و خاکی کوردستان بەبۆشی مابێتەوە لەسەر فەرمانی خوا یا هێزێکی ئەرزی یەکجار زل بۆ ئێمەی هێـشتبێتەوە تـا ئێمـە لـە ئاسمـان دادەبەزین یاخود لەنێو سکی زەوی دێینـەدەر و بـڵاوەی لێ دەکـەین لەسـەر ئـەو پارچەی زەویەی بۆمان تەرخان کراوە کە کوردسـتانێکی گـەمارۆ دراوە بـەو سـێ گەلە ئەوسا بەر لـەوەی بـەخۆمان ڕابگـەین دەسـتمان بەسـەردا داگـرن، ئەوسـا دەمانتوانی بڵێین فارس و تورك و عەرەب لێ نەگـەڕایین کـورد بۆخـۆی دەوڵـەتێ دروست بکا، بێ گومان ئەو حاڵەتە سەیر و بێ ماناو دوور لە عەقڵ و مەنتیق و واقیع هەرگیز ڕووی نەدایەو ڕوونادا کەواتە هۆی مانەوەمان بە زەلیلی چـی یـە؟

ئەوخوڕەوشتە سروشتی یە خراپ و بەدانەی کە هەمانە لەبەرامبەر یەك وای لێ کردووین کە هەمیشە خۆمان لە بێگانان بەکەمتر بگرین و هەویرێك بێن بەکەیفی خۆیان قەرەقۆز و شەمولەمان لێ دروست کەن، لەبەرامبەر یەکتریش وەك دوو پارچە پۆڵای یەك کێش و یەك قەبارەی ڕەق لەیەکتری بخشێین تا هەردوو لا دەبینە تۆز و ڕەشەبا دەمان بات .

لەو هۆیانەی کە باوە لە نێو خەڵکی کوردەواری کە گوایە لێ نەگەڕایە کورد ببێ بەدەوڵەت هۆی جوگرافیە، جوگرافیای کوردستان جوگرافیایەکی داخراوە واتا لەهیچ لایەکەوە نەکەوتیتە سەر دەریاوە، دوژمنانی کورد وایان لە کورد کردیە کە بەتەواوی قەناعەتی بێ کە نەبوونی لایەکی خاکی کوردستان لەسەر دەریا وای کردیە کە هەتا هەتایە کورد نەبێتە هیچ و هەر بە ژێر دەستی بمێنێتەوە و بێو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەکاتەوەو ژێر چەپۆکی و کۆیلایەتی پیشەی بێ و خاکەکەی بە پارچە پارچە کراوی بمێنێتەوە و خێرو بەرەکەتی کوردستان داگیرکەرانی فارس و تورك و عەرەب دەستی بەسەر دابگرن و هەموو ویستێکی خۆیان بەسەردا فەرزکەن .

من ناڵێم هەلکەوتنی نیشتمانی هەر گەلێ لەسەر دەریا هۆکارێکی کاریگەر نییە لە دروست کردنی دەوڵەت ، بەلاّم نەبوونی ئەو هۆکارەش هەرگیز هیچ گەلێ لەدروستنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دوورناخاتەوەو وورەی پێ بەرنادا، چونکە وا بەچاوی خۆمان دەبینین زیاتر لە پازدە دەوڵەت لەسەر نەخشەی جیهانی وەکو کوردستان سنوریان داخراوەو لە هەموو لایەك گەمارۆ دراون بە ناحەزیان و دوورن لە دەریا لەگەڵ ئەوەشا ساڵەهای ساڵە دەوڵەتی سەربەخۆن، وەك دەوڵەتانی (چیك، سلۆڤاکیا، سویسرا، نەمسا، هەنگاریا) لە ئەورووپا ، وە ئەفریقیای ناوەند و تشاد، ڕودیسیاو مەلاوی لە ئەفریقا وە پاراگواو بۆلیڤیا لە ئەمریکای باشور وە ئەفغانستان و مەنغۆلیا لە ئاسیا.

باشه بۆ هەلکەوتنی ئەو دەوڵەتانە لە نێو خاکێکی داخراو گەمارۆ دراو بە دوژمنان و ناحەزانیان و دوور لە دەریا سەربەخۆیی لە کیس ئەو دەوڵەتانە نەدایە بۆ بەتەنها لەکیس کوردی دایە هەروەك لە پێشتر گوتم ئاینی ئیسلام بۆ بەتەنها دەوڵەتی لە کیس کورد دایەو لەدەست دەیان گەلانی تری نەدایە؟ خۆ ئەو راستیە واقیعیە بەرچاوە ئەو بیرو رایەش بەدرۆ دەخاتەوە کە دەڵێ؟ هەڵنەکەوتنی خاکی کوردستان لەسەر دەریا دەوڵەتی لەکیس داوین و لێ نەگەڕایە ببین بەدەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

دەبا لێرەدا بگەینە راستی و خەریکی دۆزینەوەی ئەو راستی و هۆکارانە بین کە بووینە بەربەست لەپێش نەهاتنەکایەوەی ئەو دەوڵەتە

ولاتی مەنغۆلیا (ولاتی جەنگیزخان و هۆلاکۆ) کە وەك بیابانێکی چۆڵ و گەرم لە میانی دوو دەوڵەت لە هەرە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان هەلکەوتووە، کەچی نەك بەدرێژایی مێژوو سەربەخۆ بووەو ئێستاش هەر سەربەخۆیە لە سەدەکانی رابردوو سێ ئیمپراتۆریەتی یەکجار زلی لەسەر نەخشەی جیهان رەش کردەوە بەسەرۆکایەتی جەنگیز خان و نەوەکەی (هۆلاکۆ) ئیمپراتۆریەتی فارسی و چینی و عەباسی و ئیمپراتۆریەتی چوارەمیشی خستە گەورەترین مەترسی کاتێ (تەیمور لەنگ) توانی سوپای عوسمانی بە سەرۆکایەتی (سولتانەکەی - سولتان بایەزید) بشکێنێ و سولتان بە خۆیی و بەژنە (صربەکەی - گالیسیا) بەدیل بگری و بەرووتی سەمای پێ بکا لەبەرچاوی سولتان ، تا سولتان لەداخا گیانی دەرچوو (الفتوحة الاسلامية) (مفتی دیار مکة) الجزء (٢) (الشيخ أحمد الزيني دَحلان) ١٣٥٤هـ .

نازانم ئەو مەغۆلیانە ئەو هەموو ئازایەتی و زانایی و پشوەیان لەکوێ هێنا لەو ولاتی ئیشك و برینگ و هەژار و گەرماو دارو بەدوو دەوڵەت لەهەرە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان (روسیا و چین) ئەو هەموو هێز و دەسەلاتەیان لەکوێ هێنا لە

ولاَته هەژاره که یارمەتیان بـدا بـۆ ڕەش کردنـەوەی سـیٚ ئیمپراتۆریـەت ؟ سـیٚ ئیمپراتۆریەتی چۆن؟ هەتا بڵێی

دەوڵەمەند و پێـشکەوتوو لەهـەموو بوارەکـانی ژیـان لـە سـەردەمی خۆیـان؟ بەڕووداوێکی مێژوویی یەکجار سەیر دەژمێردرێ و جێگەی سەرسـوڕمانە، ئـاخۆ دەبیٚ هۆی سەرکەوتنی مەغۆلیان بەسەریان چی بیٚ؟ ئایا ئەونهێنیانە چینە ئـەو دڕندانەی سەرخـست بەسـەر ئـەو سـیٚ شارسـتانیە بەناوبانگـەی جیهـان؟ ئـەو پرسیارانەو چەندان پرسیاری دیکەش لەو بـارەوە پێویـستی بـە وەلآمـە، وابـزانم دانەری کیتابی (أعصار من الشرق) وەلآمی داوەتەوە، ئەوەی دەیـەویٚ بیزانـی بـا ئەو کیتابە بخوێنێتەوە کە دانەری ئەفسەرێکی میسریە.

لێرەدا با بگەڕێینـەوە سـەر مەسـەلەکە خۆمـان و بـزانین ئـەو هۆیانـە چـنەو چەندە کە پێشگیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کردیە.

بۆ تا ئێستا خاوەن دەوڵەت نین؟

من کە کوردێکی تەمەن شەست ساڵەم و لە نێو جەرگەی کوردستانی گەورەدا دەژیم کە شاری کۆیەیەو سەدا نەوت و شەشی ئەو ماوەیەم لەوشارە خۆشە ویستەم بەسەر بردووە ، بەپێویستی دەزانم بەو ڕادەیەیی کە خوای گەورە پێی ڕازیە شانازی بە کوردایەتی خۆم بکەم و خۆم بە کوردێکی نەژاد کورد بزانم و حاشا لە نەژادی خۆم نەکەم ، چونکە حاشا کردن لە نەژاد و ڕەچەڵەك یەك لەو گوناهانەیە کە خوای گەورە پێی ڕازی نییە وەك پێغەمبەری گەورەمان

(علیه الصلاة والسلام) دەفەرموێ: (مَنْ آدعى الى غير أبيه أو أنتمى الى غير مواليه فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين لايقبل الله منهُ يوم القيامةِ صرفاً ولا عدلاً). رواه الشيخان ، الزواجر عن اقتراف الكبائر، الجزء الثاني ص٥٨ الطبعة الأولى ١٣٧٠ هـ ، ١٩٥١ م

زۆر بە پێویستی دەزانم وەك کوردێکی نەژاد کورد کە گەلی کورد لە بێگانان چاکتر بناسم و شارەزایی پترم پێی هەبێ لەهەر جۆرە بێگانەیەك و لە هەموو بێگانان چاکتر خاڵە لاوازەکانی بدۆزمەوەو بەخۆمانی بناسێنم ، نەك بێگانەیەك لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە بێ نەزمانی لەگەڵ ئێمە یەك بێ نە تایین و نەمێژوو نە داب و دەستور و سیفەت و سروشت هەستی کورد بەخۆی بناسێنێ و بەهەزاران و دەیان هەزارانیش چی فەرموو بۆی بسەلمێنن، بەڕاستی عەیبێکی یەکجار گەورەیە گەل بۆخۆی نەناسی و چاوەڕوانی بێگانان کا کە خۆی پێ بناسێنن، چونکە ئەو حاڵەتە گێل و وێلی و دواکەوتوویی ئەو گەلە بەجیهان نیشان دەدا، لەو حاڵەتەدا کە کابرای بێگانە زانی ئەو گەلە تا ئێستا خۆی نەناسیوە شتی وای دەداتە پاڵ یاخود عەیبی وای دەداتە پاڵ کە لێی بێ بەریەو دوورە لەو جۆرە عەیب و کەم و کوڕیەی کە ئەو بێگانە بۆی هەڵبەستووە.

گەورەترین عەیب و کەم و کوڕیمان لە دونیا بەدرێژایی مێژوو ئەوەیە کە تاکە گەلێن خاوەنی دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆمان نین لەگەڵ ئەوەش کە ژمارەمان بە دەیان ملیۆنەو خاوەنی نیشتمانێکی بەرفراوانین کە ڕەنگە لە چوار سەد هەزار کیلۆمەتر دووجا پتر بێ و لە مێژوو گەلێکی بە قووڵ دا چووینە خوارو خاوەن زمانێکی پاراو و خۆش و دەوڵەمەند بەوشەی جوان و ڕێزمانێکی بێ گەرد ، لەسەر هەمووشیانەوە سوپاس بۆ خوا موسڵمانین و تاکو ئەوڕۆش لە چەندان گەلی موسڵمان زیاتر دەستمان بە ئاینکەمانەوە گرتیەو لێی هەڵنەگەڕاینەوە و هەر لەسەرەتاوە بەبێ کوشت و کوشتار موسڵمان بووینەو ئەگەر چی باب و باپیرانمان بۆ ماوەی چرکەیەکیش کەسیان پێغەمبەریان (علیه الصلاه والسلام) نەدیوەو لەسەردەمی خەلیفەی دووەم (عومەری کوڕی خەتاب) خوا لێی ڕازی بێ مووسڵمان بوینەو دوای مردنیشی خوا لێی ڕازی بێ کەس نەیبیستوە یەك تاکە کورد لە ئاینکەی هەڵگەڕابیتەوە ، نەك هەر لێی هەڵنەگەڕایتەوە بەڵکو بەماڵ و بەگیان بەرگری لێ کردیە و سوپاس بۆ خوا ، لەجاری دووەم دا شاری قودس لەسەر دەستی سەرکردەیەکی کورد (صلاح الدین الایوبی) ئازاد کرایە، بە پێچەوانەی قوڕەیشیەکان و عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب کە بیست و سێ ساڵ بە هەموو تواناyanەوە لە دژی پێغەمبەر جەنگان ئەگەرچی پێغەمبەر (علیه الصلاه والسلام) لەنێو جەرگەی قوڕەیش هاتبووە سەردونیاو وەك خۆیان عەرەب بوو ، هەروەها قورئانی پیرۆزیش بە زمانی خۆیان دابەزیوە ، وە لە دوای کۆچی دواییشی (علیه الصلاه والسلام) بەدەیان هەزار عەرەب لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و هەموومان (حروب الرده) دەزانین و ئاگادارین و چەند هەزار صەحابەی تیا شەهید کرا ، ڕەزای خوایان لێ بێ .

هیچ موسڵمانێك و هیچ گەلێکی موسڵمان نیەو لە دونیا نابێ و نەبووە کە کەم و کوڕی و عەیبی لەبەرامبەر ئاینی ئیسلام نەبێ تەنها پێغەمبەر نەبێ

(علیه الصلاة والسلام) که به ئیزنی خوا بێ خەوش و بێ کـەم و کـوڕی بـوو ، ئێمەی موسڵمانی کوردیش وەك هەرگەلێکی موسڵمان کەم و کـوڕی و خـەوشمان لەبەرامبەر (ئایینـە پیرۆزەکـەمان ئـایینی ئیـسلام) زۆرە ، بـەڵام لەگـەڵ یـەك جیاوازی لەگەڵ گەلانی موسڵمانی دیکە، زۆربەی کەم و کوڕی و خەوشـەکانمان (عەیبەکانمان) ناگەڕێتەوە بۆ زاتی (الذات) گەلەکەمان ، بـەڵکو هـۆی هـەرە سـەرەکی کـەم و کـوڕی و خەوشـانەمان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر شـانی گـڵاوی تاغوتەکانی فارس و تورك و عەرەب کە لە دواتر باسـی لێـوە دەکـەم و ئێـستا دەگەڕێمەوە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو هۆیە زلەی کە لێی نەگەڕاوە ئێمەی موسڵمان کوردبین بەخاوەن دەوڵەت . بەلای منەوەو بەلای هـەزاران و دەیـان هـەزارانی وەك من و لەمن بە پشتەوەتر لەزانایی و لە ئەزموونی ژیان و بەساڵادا

چووتر هۆی هەرە سەرکی مانەوەمان لە ژێر چەپۆکی و مل کەچی و ماڵ وێرانی خۆ خۆریە، تەنهاو تەنها ئەو خۆخۆریە کە نەیهێـشتووە ڕۆژێـك لـەڕۆژان خۆمـان بەتـەبایی و یـەك پارچـەیی ببیـنین ، مێـژووی ئـەو چـەند سـاڵەی کـەوا لـە (شەرەفنامە) نووسراوەتەوە هەروەها شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی و حـاجی قـادر) شاهیدی یەکجار ڕاستن لەسەر ئەو ڕاستیە، لەوانەش ڕاستر ئەو واقیعەیـە کـە وا من بۆخۆم شەست ساڵە تێیدا دەژیم و بەچاوی خۆم دەبینم سروشتی هەرە خراپ و گەورەمان خۆ خۆریە ، ئەوڕۆش ئەو خۆخۆریە لەهەموو سەروەختێك زیـاترە چ لـە میانی گروپە سیاسیەکان کەوان بەدەیان ساڵە لە شەڕدان لەبەرامبەر یەکتر وە چ لەنێوان زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی گەلەکەمان مەگـەر (الا مـن رحـم ربـي) سورە هود ، حەسـودی بـردن بەیـەك سـیفەتێکی یـەکجار ڕەگ قـوڵ و ڕیـشاڵ داکوتراوە لەنێو دڵ و دەروغمان، کەیفمان بەخۆشی یەکتر نایەت هەمیشە حەز بـە ناگوزوری و ناخۆشی و لێقەومانی یەك دەکەین ، کـورد گوتـەنی بـە ئێمـە بـی غەیری خۆمان نینۆکی نەبێ خوریشتی لەشی پێ داکەوێنی، بێگومان ئەو پەندە

به خۆراییی له نێومان سەری هەڵنەدایە، هەڵبەت سیفەتی حەسودی لە نێومان دروستی کردیە، هەر ئەو حەسودیە کە بەبەردەوامی حیقد و ڕق و کینەی لە نێومان دروست کردیە، هەر ئەو حەسودیەیە کە سیفەتی تەکەبورو لووت بەرزی لەبەرامبەر یەك دروست کردیەو ڕەگی لە نێوماندا داکوتایە. حەسودی هێندە سیفەتێکی خراپە وەك زانایانی ئیسلام دەڵێن هەر حەسودی بوو شەیتانی لە بەهەشت دەرپەڕاندو وای کرد کە تەکەبورو لووت بەرزی بیگری لە بەرامبەر ئادەم (علیه السلام) کاتێ کە خوای گەورە فەرمانی پێکرد سوجدە بەرێ بۆی و وتی سوجدەی بۆ نابەم ،چونکە من بالآترم لە ئەو ، ئەوت دروست کردیە لە قوڕێکی بۆگەن و منت دروست کردیە لە ئاگرێکی بێ دوکەڵ (خلقتني من نار و خلقتهُ من طين) ئەنجامی ئەو حەسود هەڵبردنە بە ئادەم (علیه السلام) چی بوو؟ دەرکردن بوو لەبەهەشت بە زەلیلی و سەر شۆڕی (قالَ فـأهبط منها فما يكونُ لك ان تتكبر فيها فأخرج إنك من الصاغرين) الأعراف (١٣) کەواتە حوکمی خوای گەورە وایە کە لووت بەرزی دەبێ لووتی بشکێ و سەرشۆڕانە ژیان باتە سەر. کەواتە بێ شك ئەنجامی مسۆگەری حەسودی و تەکەبور و لووت بەرزیە لەبەرامبەر یەك سەرشۆڕی و زەلیلی و ڕیسوایە لەبەرامبەر خوای گەورە لە پێشەوە وە لە بەرامبەر دوژمنان لە دواتر.

هیچ گەلێك نیە لە دونیا وەك گەلی کورد خۆی بە بچوك و زەلیل و کەم بزانی لەبەرامبەر هەر جۆرە بێگانەیەك هەرچەندە کافر و بیژو نەزان بێ. لە ئەنجامی ئەو حەسودی و تەکبورە لەبەرامبەر یەکتر بەهاسانی بووینە بێگانە پەرست زۆربەبێ شەرم و بێ ئابروو کرنۆشی زەلیلیان بۆ دەبەین و یەکجار بە چاوێکی زل سەیریان دەکەین لە هەمان کاتدا یەکجار بە چاوێکی سووك سەیری خۆمان دەکەین و خۆمان لە ئاستیان بە مرۆڤ نازانین و وا تێدەگەین خوای گەورە ئێمەی بۆ نۆکەری بێگانە دروست کردیە. بێگانە پەرستی و خۆ بەسوك و چروك

زانین لەبەرامبەر بێگانان سروشتێکی یەکجار بەهێزەو ڕەگی وەك کارِوش لەنێو دڵ و خوێن و گشت ئەندامەکانی لەشمان دا کوتایە، ئەو سروشتە بوویتە خاڵێکی لاوازی یەکجار کوشندە و ئاشکرا لە بێگانان، لەبەر ئەوە بێگانە بێ ئەوەی خۆی ماندوو کاو قوربانیەکی زۆر ببەخشێ توانیویەتی ولاتمان داگیر بکا و خوێنمان فڕبکا

(شەرەفخانی بەدلیسی) دانەری کتێبی شەرەفنامە لە ساڵی (١٠٠٥)شاهیدە لەسەر ئەو ڕاستیە، شەرەفخان لە باسی باپیرە گەورەی دەڵێ: (باپیرە گەورەم جاشی تەیمور لەنگ بووە ، کاتێ کە تەیمور لەنگ

بەناوچەی بەدلیس دا تێدەپەڕێ ڕوو لە باپیرە گەورەم دەکاو پێی دەڵێ: فلانی ئەو ناوچەیە چەند ناوچەیەکی ئیستراتیجیە لە لایەنی سوپایی خۆزیە قەلاتێکی منی لێ هەبا، باپیرە گەورەم دەڵێ: جەناب هەموو پێداویستیەکم بۆ دابین کە من قەلاتێکی ئەو تۆی لێ دروست دەکەم بە زاڵمی وەك تۆ بەساڵێك نەگیرێ . تەیمور دەڵی زۆر چاکەو دەستی پێ بکە . دوای ئەوەی قەلاتەکە تەواو دەکا خۆی و چەکدارەکانی ، کە بێگومان کورد بوون خۆی لە ناو ئەو قەلاتە عاسێ دەکاو لە تەیموری لەنگ هەڵدەگەڕێتەوە ، تەیمور بە ناچاری بۆ ماوەی ساڵێ گەمارۆی دەداو ناتوانێ داگیری کا ، بەناچاری بار و بارخانەی خۆی تێك دەنێ بە جێی دەهێڵێ، دوای ئەوەی کە بەتەواوی هیوا بڕاو دەبێ دەستی بەردەبێ لە داگیرکردنی، کاتێ کە مەسافەیەك دوور دەکەوێتەوە باپیرە گەورەم دەرگای قەلاتەکە دەکاتەوەو بەدوای دادەچێ و بانگی دەکاتەوە و پێی دەڵێ: (گەورەم پێم نەگۆتی کەلەو ناوچەیە قەلاتێکی هێند هەڵەموت دروست دەکەم کە بەزاڵمی وەك تۆ بەساڵێك نەگیرێ ، ئەوە قسەی خۆم بردە سەر، ئەگەر نا هەر ئالقە بەگوێی خۆتم)!!

سەیری بێگانە پەرستی چۆن پیشەی گەورەکانی ڕابردوومان بووە ، لێرەدا ئەمن هیچ عوزر و پاکانەیەك بەو خائینە خۆفرۆشە نادەم لەسەر ئەو خیانەتەی

کە ئەنجامی دا لەبەرامبەر کورد ئەگەر هەموو دونیاش عوزری لیّ قبوولّ کا مـن لیّی قبولّ ناکەم ، چونکە خیانەت و خۆفرۆشی تاوانێکە هەرگیزاو هەرگیز نـابیّ بکریّ لەژێر هیچ گوشار و پەرت و بیانگەیـەك و بـارو دۆخێـك ، بـەلای منـەوە هەمور خائینێك مافی ژیانی نیەو نابیّ مـافی ژیـانی هـەبیّ بەتایبـەتی ئەگـەر خیانەتەکەی کارەساتێکی لیّ دروست بـوو یـا بـووە هـۆی کوشـتن و لـەناوبردنی کۆمەلّێك لەبیّ تاوانان (إنَّ اللّٰه لایحبُ کلَّ خوانٍ کفور) الحـج . وە هەرکەسـێکیش داوای لیّ خۆش

بوون و بووردن بۆ خائینان و خۆفرۆشان بکا خۆی خائینە ئەگەر نـا بـەو تاوانـە هەلّناستیّ .

حەسودی و بێگانە پەرستی وای کردیە کە ئەگەر میرێك لە میرەکـانی کـورد تێکۆشابیّ بۆ دروست کردنی دەولّەتێکی کوردی و لـەمیرەکانی ترمـان بـەهێزتر بووبیّ ڕووبەری میرنشینەکە لە هی ئەوانی تر بەر فـراوانتر بـوبیّ ئـەوە یەکـسەر وەك (مێژووی کورد و کوردستان - محمد امـین زکـی بـەگ) باسـی لیّـوە دەکـا یاخود (شەرەفنامـە) ، بە میرەکانی دیکە پالّیان داوەتە سولّتانی عوسمانی داوای چەك و سوپاو یارمەتیان لیّ کردیە و بە هەموویان لـەناویان بـردووە، (عزالـدین شێری بەدرخان) سەرۆك لەشکری بەدرخانیەکان کە ئامۆزای میری بەدرخانیەکان بور لە کوردستانی باکوور شاهیدی ئەو ڕاستیەن .

لەبەر حەسودی و بێگانە پەرسـتی ، هـەرگیز تـەبایی و یـەك پارچـەیی و برایەتیمان بەخۆمانەوە نەبینیوە ، سبحان اللّٰه هەمور شتێك شازی هەیە واتا لـە ڕیز دەرچون یا بیژۆك وادیارە لە نێو گەلانیش ئێمە شـازین و بیـژۆکین و لـەڕیز دەرچووین لە ڕووی یەکگرتن و خۆ ویستی و بێگانە پەرسـتی و هـەر بۆیـە کـە خاوەن دەولّەت نین لەگەلّ ئەوەش هەموو هۆکارەکـانی دامەزرانـدنی دەولّـەتێکی کورد لە کوردستان بە زیادەوە لە کوردستان هەیە بە فرەیی .

ڕاستە گەلانی جیهان ڕۆڵەکانیان لەبەرامبەر یەکتر ناتەبا بوونە ، بەڵام کاتێ دوژمنێکی دەرەکی شاڵاوی بۆ هێناون یاخود تەنها ترسیان لێ نیشتووە لەبەرامبەری ناتەبایی و دووبەرەکیان بەلاوە ناوەو بوونەتە یەك پارچە پۆڵای دارژراو و بەرەنگاری دوژمنەکانیان بوونەوەو لەناویان بردینە و دەرسێکیان داون کە هەرگیز لەبیری نەکەن .

بەڵام ئێمەی موسڵمانی کورد هیچ مەترسیەکی دەرەکی سوودی بۆمان نەبووە نەك هەر نەی کردینە یەك پارچە ، بەڵکو ناکۆکی و دووبەرەکیەکەمان زیاتر بووە ، لەو پەنجا ساڵەی دوایی هەموومان ئەو حاڵەتە ترسێنەرەمان بەچاوی خۆمان دیوە ، لە ڕەوشتە ناشیرین ترسناکەکانمان کەشخەو لووت بەرزی بەسەر یەکتری لێ دەدەین فێری بێگانانیش دەکەین کەشخەو لووت بەرزمان بەسەر لێ دەن ، لەبەرامبەر یەك تابلێی سوورین لەسەر هەڵە، هەڵەش بۆ دوژمنانمان دەسەلمێنین و بەراستی دەزانین ڕق و کین گەورەین بەرامبەر یەکتری سەلامەت و دەستەمۆین بەرامبەر دوژمن ، تاڕادەیەکی یەکجار گەورە خۆ پەرستین(أنانی) بەجۆرێك هەموو گەل و نیشتمانمان بەقوربانی خۆمان و بەرژەوەندی خۆمان دەکەین لەو لایەنەوە بە پێچەوانەی هەموو گەلانی جیهانی ن، گەلانی دیکە هەموو شتێك بە قوربانی گەل و نیشتمان دەکەن ، بەڵام گەل و نیشتمانیان بە قوربانی هیچ شتێك ناکەن . لە هەموو شۆڕشەکانی کورد هەر سەرکردەیەك لەسەرەك شۆڕشەکە زویر ببێ یان زویریان کردبێ یەکسەر دەستی خیانەتی گرتیەو ئارامی نەگرتیە لەسەر دابەزاندنی پایەو پلەی لە نێو شۆڕشەکەی ، کەچی لەوانەیە هەندێکمان ئەو بەسەر هاتەی (خالید کوڕی وەلیدمان) بیستبێ لە گەرمەی شەڕی ڕۆمەکان لە دژی ئیسلام و سوپای ئیسلام خەلیفە(عومەری کوری خەتاب) نامەیەکی نارد بۆ یەکێ لەسەرۆکەکانی ئەو شەڕە کە تیای دا هاتبوو: خالید چیتر نابێ سەرکردایەتی ئەو شەڕە بکا و فلان کەس دەبێ جێگەی بگرێتەوە ، بەڵام ئەو

صەحابەی کە نامەکەی پێ گەیشتبوو نامەکەی وەخراند و تەیدا بە خالید ڕەزای خوای لەسەر بێ تا شەڕەکە کۆتایی هات تەوەك لە مەعنەویاتی و وورەی خالید دابەزێنێ کاتێ کە شەڕەکە الحمد الله بەسەرکەوتنی موسڵمانان و صەحابە ڕەزای خوایان لێ

بێ کۆتایی هات و نامەکەیان پێداو خوێندیەوە ، خالید تووڕە بوو گووتی بۆ لەکاتی شەڕکە ئەو نامەیەی (میری موسڵمانانان – عومەری کوری خەتاب) ڕەزای خوای لێ بێ پێنەدام تا چاتر و دلێرانەتر بجەنگێم لەبەرامبەر کافرانی ڕۆم؟!! شایانی باسە خەڵك زۆر باسی خالیدیان دەکرد بە ئازاو دلێر و چاپوك و نەترس لە جەنگا ، ناوبانگی بەو شێوە دەرکردبوو ، عومەری کوری خەتاب ڕەزای خوای لێبێ پێی وابوو کە ئەو ناوبانگ دەرکردنەی خالید لەخۆی دەگۆڕێ و لە خۆبایی دەکا بۆیە لەگەرمەی جەنگا لەسەرکردایەتی خست ، بەلام خالید ڕەزای خوای لێ بێ لەوانە نەبوو ناوبانگ و شوهرەت کاری تێبکا ، وە لەوانەش نەبوو کە دوور خستنەوەو پایە دابەزین وورەی پێ بەرداو بیر لە خیانەت بکاتەوە، بەلکو زیاتر سووربوو لەسەر بەرگری کردن لە حەق و لە بەرنامەی پیرۆزی ئیسلام

بێگومان ئەو حاڵەتەو ئەو ڕەوشەی کە ئێمەی کورد دووچاری بووینە کە ئەویش هەڵکشاندنی بەرژەوەندی خۆمانە بەسەر بەرژەوەندی گشتی (إيثار المصلحة الذاتية على المصلحة العامة) تەنها بە ئیسلام چارە دەکرێ ، بە ئیمانێکی یەقینی وەك ئیمانی (خالیدی کوری وەلید) ڕەزای خوای لەسەر بێ ، هەرکاتێ زانیمان کە ئەو تاوان و گوناهەی کە دەیکەین لە پێناو سوودی ژیانی دونیا عەزابێکی ئەبەدی بەدواوە دێ لە ڕۆژی دوایی ، ئیتر هەرگیز تخونی ناکەوین ، بەو چەشنە چاکساز دەبین و دێینە سەر ڕێگەی ڕاستی خوا ئەوسا ڕزگارمان دەبێ لە هەر سوکایەتی و ڕیسوا بوونێك کە لە دونیادا هەیە.

گاوڕ بە گاوڕایەتی خۆی سەر وماڵی بەقوربانی گەل و نیشتمانەکەی دەکـا، ئەوتا لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم کە ئەڵمانیا هیتلەری تێدا بـەزی و تێکشکا، هەرچوار دەوڵەتە زلە سەرکەوتووەکە (ئەمریکا
، ڕوسیا، بەریتانیا ، فەرەنسا) بەدوای زانایـەکی ئەنـدازیاری فرۆکـە شـەڕکەری ئەڵمانیدا دەگەڕان ، کاتێ ئەمریکیەکان دۆزیانەوە سەیریان کرد وا هەموو لەشی لە قوڕو چڵپاو ئالآوە لەو کاتەدا پێیـان گـووت: هەرچیـەکت دەوێ بـۆت ئامـادە دەکەین بە هەزاران دۆلار و هەموو پێداویستیەکان ژیانت لە خزمەت دایە ئەگەر جەنابت بێی فرۆکەی شەڕکەرمان بۆ دروست کەی ؟! ئەندازیاری زانا بـە جـواب هات و گووتی: تا دوێنێ ئـەڵمانیا لـە جـەنگ دابـوو فرۆکـەی شـەڕکەری پـێ دەویست و منیش بۆم دروست دەکرد ، بەڵام ئەوڕۆکە ئەڵمانیا کاول و وێران بـووە کۆریتە خانووی پێ دەوێ وا من ئێستا کۆریتە خانووی بۆ دروست دەکەم ، ئامادە نیم بە هیچ کلۆچێ ئەڵمانیا لەپێناو هیچ شتێ بەجێ بهـێڵم !! باوەڕکـە زۆربـەی کورد کەنگێ گەیشتە چلەو پۆپەی ژیانی ماددی ئەوسا خۆی بەهـەرزانترین نـرخ دەفرۆشێ لەپێناو بەدەست هێنانی ماڵی دونیا ، لەپێناو بەرزیەکی خـەیاڵی کـە پێی وایـە حەقیقیـە، بـەڵام دوورە زۆر دوورە مـاددەی دەسـتی دوژمـن ببـێ بـە بەرزیەکی ڕاستەقینە هەر ئەو خەیاڵـە کوشـندەیە وای لێ کـردووین خۆمـان بـە قوربانی هەموو بێگانەیەك بکەین تەنها خۆمان بە قوربانی خۆمان نەکـەین وەك تێنو لەدوای سەرابەوە ڕادەکەین تا لە تێنان دەخنکێین!!!

زۆربەمان چڵکاو خۆریمان پێ لە پلآو و گۆشت و برنجی خۆمان خۆشترە ، هەر دەڵێی لە نێو (جیناتەکانی ویراسەمان) (الجينات الوراثية) جینەیەك هەیە لەناو لەشی هەموو کوردێك تایبەتە بە بێگانـە پەرسـتی و خۆفرۆشـی کـە یەکـەمین سەرچاوەی لەناو چوونمانە ، تۆ سەیرکە لەدوای کوژانەوەی شـۆڕەکەی ئـەیلول لـە شەشی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ بەسەدان هەزار کورد بوون بە چـڵکاو خـۆر جـاش و

خۆفرۆش ئەندامی بەناو بەرز لە نێو ڕیزەکانی حیزبی بەعسی کورد خۆر کە بەداخەوە زۆربەیان

خوێندەوار و خاوەن شەهادە و مامۆستاو پارێزەر و ڕۆشنبیر بوون ، جگە لەوانەی کە شۆڕشگێڕی ناودار بوون لەنێو شۆڕشەکەی ئەیلول ، بەبێ ئەوەی بەعس زۆری لێ کردبن و بەزۆر کاری خیانەت و خۆفرۆشی پێ ئەنجام دابن ، بەڵێ زۆرن فێڵ لە خۆیان دەکەن و دەڵێن لە ترسان و بەزۆر و لەژێر هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر توند و تیژ بووین بە بەعسی ، بەلاّم لە ڕاستی دا درۆ دەکەن و لەپێناو بەرژەوەندی ماددی و تەماعی دونیا بووبن بەبەعسی ، تا شۆڕشەکە لەباو بوو ببون بە پێشمەرگە و ئەندامی بەناو دڵسۆزی پارتی ، لە ڕاستیشدا هەر بۆ خۆ فەرزکردن و بەرژەوەندی ماددی و پایەو پلەی بەرز بەدوای ئەو شۆڕشە کەوتبوون، کاتێ ئەو ئامانجە تاکیانەیان لە شۆڕشەکە دەست نەکەوت بایانداوە سەر بەعسیایەتی ، بەڵکو لەو ڕێگەوە دەستیان بکەوێ ، ئەگەرنا بەعس کەسی بەزۆر نەدەکردە بەعسی ئەگەرچی هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ بەعسکردنی کورد کە پێویست بوو کورد نەبێتە بەعسی ، چونکە حیزبی بەعس تایبەتە بە عەرەب (حزب البعث العربی الإشتراکی) ئەوە لە لایەك لە لایەکی تر بەعس لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندی بڕیاری لەناو بردنی کوردی دایە و گووتویەتی :

لاتقتلوا الحیة والعقرب بل أقتل الکردي ولو إستعرب

ماروو دوپشك مەکوژە کورد بکوژە کەنگێ هەوڵی دا ببێ بەعەرەب ، ئەوەیە دروشمی ئەوەللو ئەخیری بەعس لەبەرامبەر بە کورد

ماوەی بیست و سێ ساڵم لەژێر ئاڵاو درندایەتی بەعس ڕابوارد بە مامۆستایی سەرەتایی لەوە ماوە دوورو درێژە عەجەب بەعسیەك نەهات داوام لێ بکا کە ببمە بەعسی لەکاتێکا لەبەرنامەی بەعس دا هەبوو کە مامۆستایان دەبوایە سەدی سەد بەعسی بان، عەجەب ئاخۆ دەبێ من لە هەموو کەس ئازاتر

بووبم كە نەبوومە بەعسی، یا لە قوتابخانەکانی کۆیە لـە هـەمووان شـاردراوەتر بووم ، یا لە هەموو کەس بە پشت و قەوەت تر بووم بۆیە خۆم ڕاگـرت یـا دەبـێ ئەو خەڵکەی دەڵێن کە زۆربەی ڕۆشنبیر بوون بەزۆر بووینە بەعسی درۆ دەکەن .

کاتێ کە کوردێـك دەبـووە بەعـسی ، بـەعس زۆر چـاك دەیزانـی کـە ئـەوە کوردێکی لەکۆڵ بووەو کوشت ، ئەوسا لە دوای نـەمانی حکومـەتی بـەعس لـە زۆربەی کوردستانی باشوور لە ساڵی (١٩٩١) خەت مائیلیان ئیبداع کرد واتـا: ئێمە هەر بەفێڵ و سیاسەت ببوین بە بەعسی تا لەپەنا بەعسیایەتی کوردایەتی بکەین؟ ئەی ماشاء الله لەو کوردایەتیەی کە کردیان، گوایا نـەیان دەزانـی ئـەو قەسپەی ئەوان دەیخۆن دەنکەکەی نەك لە باخەڵی بەعس بوو بەڵکو لـە باخـەڵی کەسانی وەك من بوو، ئەگـەر (خـەت مائـل) بـوون ئـەی بۆچـی بـەدەیان و بـە سەدانیان بەدەستی بەعس بە خنکاندن و ماڵ وێران کرد؟ ئەی بۆ لە دواتر سەدان ماڵە کوردیان تالان کرد لە شاری کەرکوك کە گوایـە (قودسـی کوردسـتان) ە ئەی دواتر کە جێگەی خۆیان لە نێو دام و دەسـگاکانی مـیری گرتـەوە بـۆ تـاکو ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ هەژارانی گەلەکەمان دەڕوتێننەوەو دەچەوسێننەوە و منالانی و ئافرەتانی باوك و مێرد ئەنفال کراو بـرین دەکولێننـەوە لـە بـرین کولانـەوەش زیاتریان بەسەر دەهێنن، جا خەت مائیلی ئەو هایەو خەت مائیل ئەوە هـەڵس و کەوتیەتی لەبەرامبەر لێقەوماوانی گەلەکەی؟

لەو سروشت و سیفاتانەی کە لێ نەگەڕایـە خـاوەن هـیچ بـێن سـاویلکەییە، (سافیلکەیی) واتا خۆش باوەڕی و زوو فریـو خـواردن بـە فرتـو فیـڵ و پیلانـی دوژمنان و دوور کەوتنەوەمان لە شی کردنەوەو بیرکردنەوەی قووڵ دوور لە حالاتی عاتیفی. رابزانم هیچ گەلێك لە دونیا لـەڕووی سـافیلکەیی و خـۆش بـاوەڕی وەك ئێمەی موسڵمانی کورد نییە هەموو جاران لە بەرامبەر فرت و فێڵی دوژمنانمـان بە مستە ئاوێك کەوتینە

مەلـە، چـاکترین بەڵگـەو نـزیکترین بەڵگـە لەسـەر سـەپاندنی ئـەو ڕاسـتیە ڕێککەوتنەکەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بەرابەرایەتی (موستەفا بـارزانی) خوای لێ خۆش بێ ، لەگەڵ بەعسیە فاشستە کورد کوژەکان لـە یـانزەی ئـازاری ١٩٧٠، مـن ڕەخنـەیان لێ نـاگرم لەسـەر ئـەو ڕێککەوتنـە بەتـەنها ، بـەڵکو ڕەخنەیان لەسەر ئەوە لێ دەگرم کە خودی ڕێککەوتنەکە هیچ بەندێکی ئەو و تۆی تێدا نەبوو کە کورد سوودی لێ وەرگرێ تەنانەت بۆ ماوەیـەکی کـەمیش ، تـاکو ئـەمڕۆ نوسـخەیەکم لـەو بەیاننامەیـە پاراسـتوە لـەو نوسـخانەی کـە هێلیکۆپتەرەکانی بەعس بەسەر شاری کۆیەدا بڵاویان کردەوە بـەزمانی عـەرەبی چاپ کرایەو من هەر ئەو کات خوێندمەوە گاڵتەم پێ هات و چی ئـەو و تـۆم لێ بەدی نەکرد وتم ئەو مافەی کە ئێمە لەسەر دەمی ڕژێمی پاشایەتی هـەمان بـوو گەلێ زیاتر بوو لەوەی کە لەو بەیانەدا هاتووە . لەیەکەم چـرکەی چـاوپێکەوتنت بەو بەیاننامە پاش گەز بوونەوەی بەعست لێ بەدی دەکـرد، دەبوایـە لەسـەرەوەی بەیانەکە نوسرابا (ڕێکەوتننامەی ئـازار) نـەك (بەیاننـامـەی ئـازار) ، چـونکە جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیـە لـە میـانی ئـەو دوو وشـەیە، (ڕێککـەوتن) و (بـەیان) سـەرکردایەتی کـورد دەبوایـە یەکسـەر ئـەو شـتە ڕەت کاتـەوەو ڕێککەوتنەکە لەگەڵ بەعس هەڵوەشێنێتەوە تا لەسەرەوەی بەیانەکـە ڕازی دەبـوو بنوسێ(ڕێککەوتن نامە) وشەی ڕێککەوتن نامە هێز و سەربەرزی بـۆ کـورد دەبەخشێ ، مانای ئەوەیە کەبەعس دانـی بەشۆڕشـەکە داهێنایـە کـە هێزێکـی فراوانی کاریگەرە لە عێراق کە بەڕاستی پێی ترساوە یاخود لەبەری بەزییە بۆیـە لە گەڵی ڕێککەوتیە، بەڵام وشەی (بەیاننامە) ئەو مانایە دەبەخشێ کە بـەعس خێری پێ کردووین و بەزەیی پێمان داهاتیتەوە تۆزێك هەڵس و کەوتی خۆی

لەگەڵمان گۆڕیە لە خراپ بۆ چاك تا كاتی خۆی و بەرژەوەندیەكانی وا بخوازێ .

ئەگەر سافیلكەیی و خۆش باوەڕی نەبوایە هەرگیز شۆڕشەكەی ئەیلول دەگەڵ بەعس بەو بەیانە ڕازی نەدەبوو لەكاتێكدا بەعس ئەو پەڕی لاواز و بێ هێز بوو چ لەباری ئابووری و چ لە باری لەشكری و سیاسی ، چونكە هەموومان دەمانزانی قەلاچۆكردنی كورد لەبەرنامەی بەعس لە پێش هەموو بەندەكانی بەرنامەیەتی بەرپەری سوریەوە. كەواتە چۆن لەگەڵ حیزبێك ڕێك دەكەوی كە ئەوە بەرنامەیەتی و لە دوا ڕۆژێكی كورتیش ئیسپات بوو بۆ هەموومان كە بەعس هەرگیزاو هەرگیز لەبیری لەناوبردنی كورد یەك زەرە لا نادا

هەر هێندەی پێ نەچوو حكومەتی بەعس لە ڕۆژی (٢٩ / ٩ / ١٩٧١) گەورەترین و خوێناوی ترین پیلانی گێڕا بۆ كوشتنی (سەرۆك بارزانی) لە چۆمان پێشتریش لە(ئیدریس بارزانی كوڕی) لە ناوەندی شاری بەغدا، ئەگەر ساویلكەیی و خۆش باوەڕی نەبا دەبوایە ئەو ڕێككەوتنەی ئازاری ١٩٧٠ یەكسەر ئیلغاكاو دەست بەشەڕ كاتەوە، نمونەی مێژوویی دیكەش زۆرن لەسەر ساویلكەیی و خۆش باوەڕی كورد بە دوشمنانی، بەڵام ئەو نووسینە لەوە زیاتر هەڵناگرێ درێژبێتەوە.

لە ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلول

١- دیاری کردنی سنوری کوردستانی باشوور بەو ئیعتبارەی کە کورد لە خاکی کوردستان سەدان ساڵ بەڵکو هەزاران ساڵ بەر لەعەرەب لەسەر ئەو نیشتمانەی خۆی ژیاوە خوای گەورە پێی بەخشیوە و پێ ڕەوا بینیوە کە بێگومان هەر چوار پارێزگاکانی کوردستان دەگرێتەوە (موصل ، کەرکوك، هەولێر، سلێمانی) .

٢ - داواکاریەکانی بە پێی ژمارەی دانیشتوانی عێراق سامانی عیاق دیاری بکرێ ئەگەرچی ئەو سامانە زۆربەی بە شێوەیەکی سروشتی لە کوردستانە .

٣- پێویستە بە پێی ژمارەی دانیشتوانی عێراق ژمارەیەك وەزارەتی دەوڵەتی عێراقی بۆ دیاری بکرێ .

٤ - زانکۆ لە کوردستان بکرێتەوە بەزمانی کوردی و زمانی کوردی شان بە شانی زمانی عەرەبی لە عێراق ڕەسمی بێ .

کەچی ئەو داواکاریە سروشتیانە هیچی لە نێو دەقی بەیانەکەدا نییە تەنها کردنەوەی زانکۆیەك لە کوردستان و زمانی کوردیش ڕەسمی بێ .

ئەوەی کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە دەتوانم بڵێم هیچ شتێکی ئەو تۆی تێدا نییە کە بە داواکاری ڕاستی و سروشتی کورد بشێ وەك ئەو کۆریتە خانوانەی کە لە گوندەکانی کوردستان ڕووخاوە لە ماوەی نۆ ساڵ شۆڕش هەروەها قەرەبوودانەوەی (تعویض) ئەو مەڕو بزنانەی کە لە ئەنجامی بۆردومان کوژران یاخود حەرەس قەومیەکانی بەعس بە تاڵانیان بردیە هەروەها عەفوی گشتی هەمرو پێشمەرگەکانی کوردستان و دامەزراندنی وەزارەتێك بەناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی (شیمال) نەك کوردستان ، وە ئەنجام دانی حوکمی زاتی لەو شارانەی نەك کوردستانن، بەڵکو زۆربەیان کوردن کە بێگومان ئەو خاڵەی دوایی فرت و فێڵێکی ئاشکرایە لە کورد و سەرکردایەتی کورد . هەر ئەو بەندە بوو کە حکومەتی بەعس توانی زۆر بە خێرایی زۆرینەی ژمارەی کورد لە کەرکوك

بکا به کەمینەیەکی یەکجار بێ نرخ و بەزووترین کات شاری کەرکوك تەعریب و تەبعیس بکا بۆئەوەی هەرکاتێ کورد داوای کرد بلّێ: ئەوەتا لەنێو بەیانەکەدا هاتووە ، کە خۆتان مۆرتان کردیە کە حوکی زاتی تەنها بۆ ئەو شوێنانەیە کە زۆرینەی کورد نشینە، لەوەش گەورەتر و مەترسیدار تر ئەوەیە لەمەسەلەی حوکمی زاتی تەنها بۆ ئەو شوێنانەیە کە زۆرینەی کوردن ، کەواتە لە عێراق خاکێك نیشتمانێك نیە بەناوی کوردستان واتا بەعس بەر لە هەموو شتێ بەپێی بەیانەکە تەواو ڕێگەی بۆ خۆی خۆشکرد کە کوردستان لە عێراق نییە، هەمیشە نیازی وایە کە کوردستان بە عەرەب بکا بەیەکجاری بەپێی بەیانێك کە خۆمان مۆرمان کردیە، کە مادام لە عێراق خاکێك نیە بەناوی کوردستان کەواتە بەحوکومەتی بەعس مافی خۆیەتی کە لەبیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق نیشتەجێمان بکا و ئەوسا پێمان بلّێ حوکمی زاتی خۆتان لێرە تەمەتوع پێ بکەن و سوودی لێ وەربگرن .

مەسەلەی عەفوی گشتی (لێبوردنی گشتی) لە هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە پێشمەرگە بووینە لە شۆڕشەکەی ئەیلول ، ئەوە کەنگێ داواکاری گەلێکی چل ملیۆنیە؟ قەبولّ کردنی (لێبوردنی گشتی) چ ماناو ناوەرۆکێك دەگەیەنێ؟ بێگوومان من تۆ عەفودەکەم و تۆش عەفووەکەم قبولّ کەی مانای دانت بە تاوانی خۆت داهێنا لەبەرامبەر من ، سەرکردایەتی شۆڕش بە قەبولّ کردنی (لێبوردنی گشتی) کە بەندێکی سەرەکیە لەناو بەیانەکە ، هەموو پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشەی تاوانبار کرد ئەوسا دەبێ سوپاسی حکومەتی بەعس بکەن کە لێیان خۆش بووە !!

کەنگێ ڕەوای حەقە ماف خوراوێك داوای حەققی شەرعی خۆی بکا بەتاوانبار دابنرێ ؟

مەسەلەی تەعویز (تعویض) قەرەبوو دانەوە ، مەڕو مالاّت و خانوبەرە ڕووخاوەکان و کاول کردنی گوندەکان و سوتاندنی ئۆتۆمبیلی هەژاران ، بێ

گومان مەسەلەی تەعویز بەهیچ کلوجێك ئەوە داواکاری گەلێکی ماف خوراو نیە و نابێتە داواکاری ، چونکە حکومەتی بەعس و حکومەتە یەك بەدوای یەك دا هاتووەکانی عێراق بەو تاوانە هەستاون و دەبێ تۆڵەیان لێ وەرگیرێتەوە ، تۆڵەدانەوە بەهیچ شێوەیەك مافی خوراوی کورد نیەو نابێ.

بەکورتی تێکڕای بەیاننامەکەی ئازار هیچی ئەو و تۆی بۆ کورد تێدا نەبوو، تەنها شتێکی ئیعلامی بوو بۆ ماوەیەك گەلەکەمانی بەنج کرد تا بەعس خۆی بەهێز کردەوەو پەیمانی برادەرایەتی و یارمەتی لە ساڵی (١٩٧٢) لەگەڵ وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت بەست و بەپێی ئەو پەیمانە سۆڤیەت لە دژی کورد هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەی بە بەعس فرۆشت و حیزبی شیوعی لە شۆڕش هەڵگەڕاندەوەو بەرەیەکی نیشتمانی لە گەڵا بەست لەهەمان ساڵ، بەچەندان ئەندامی گەورەی لە نێو شۆڕشەکە کڕی و یا کوشت و سوپاکەی بە تەواوی دروست کردەوەو ئەوجا شالاوی قەلاچۆکردنی بۆ هێناین و دا نەنیشت تا شۆڕشەکەی تاراندەوە.

ئیتر ڕازی بوونی کورد یا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد تەنهاو تەنها ساویلکەیی و خۆش باوەڕی کوردی بە جیهان ناساند و ئەو ساویلکەییەی کە هۆکارێکی گەورەیە لە تەمەنی کورد لە نەبوونی دەوڵەتێکی کورد لە کوردستانی گەورە. ئەوڕۆش لە هەموو ڕۆژێك ساویلکە ترین ، چونکە زۆرینەمان وا تێدەگەن کە پێش کەوتووین لە بوارەکانی ژیان کەچی لە ڕاستیدا و لە واقیعدا لە هەموو ڕۆژێك لە مێژوو دواکەوتوو ترو لاوازترین بەڵام بە خۆمان نازانین زۆر بەداخەوە !!

هەموو دونیا دەیزانی ویستی بەعس لە ڕێگەی دەرچواندنی بەیان نامەی (١١/ ئازار/١٩٧٠) تەنها بۆ لەناو بردنی کورد بوو، بەڵام الحمد لله ویستی خوا لەگەڵ ویستی بەعس نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ئەوە بوو کە کورد بمێنێ تا ئەو ڕۆژەی ئەو بۆی دیاری کردیە ئەو ڕۆژەش بەکەس پاش و پێش ناکرێ.

ئایا ئەو عەیبە زلانەی ئێمە هەمانە گەلانی دیکە لێی خاوێنن؟

بێگومـان نەخێر لێی خاوێن نین، بەڵام ئەو کەم و کوڕی و عەیبانەی ئـەوان هەڵبەت لە عەیب و کەم و کوڕیەکانی ئێمە کەمترن ، لەبەر ئەوە کاریگەر نەبوە و کاری نەکردیتە سەر بەرەو پێشەوە چوونیان بەرەو دامەزراندنی دەوڵـەت یـاخود بەرەو پێشەوە چونیان لە هەر لایەنێك لە لایەنـەکانی ژیـان. فەرهـەنگی زمـانی هیچ گەلێك بەتاڵ نییە لە ووشـەی حەسـودی و لـووت بـەرزی و سـاویلکەیی و خیانەت ، بەڵام بەتەنها کورد لەو سروشت و سیفەتە خراپانە شـاز و لـە عالـەم بەدەرە بۆیە بێ بەشە لەو مافەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوەو گەلانی دراوسێی لێیان ساندووە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیە ، کـە بێگومـان دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەر گەلێك لە نیعمەتە هـەرە گـەورەکانی خـوای گەورەیـە لەدوای بڕوای تەواو بە خوای گـەورە بنـەماکانی دیکـەی ئیمـان . گـەل و مـرۆڤ هەمیشە بە دەوڵەتەوە جوانن.سەربەرزن و بەڕێز و بەنرخ و بەسـەنگن لـە گۆشـە نیگای هەموو گەلانی جیهان ، بەڵام گەلی بێ دەوڵەتی سەربەخۆ بـە پێـچەوانەوە هەرچی نرخ بێ لێی بێ بەشە و بەڵکو هەندێ جـار بـە مـرۆڤیش نـاژمێردرێ و لەبەندەکانی سەردەمی یۆنان و ڕۆم سوکتر سەیر دەکرێ.

ئایا دەردی مە بە چ چارەسەر دەکریٚ؟

تاکە ریٚگەی رزگاری و سەرفرازیمان گەرانەوەیە بۆ بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام بە بروایەکی ئاودار و پاراو بە زانین و زانیاری نەك ئیمانیٚکی کویٚرانە، بە ئیمانیٚکی یەقینی شۆربۆوە بەناو ناخی دلّ و دەروون، بەکورتی ئەو ئیمانەی خوای گەورە پیٚی رازیە، ئەو موسلّمان بوونەی کە خوای گەورە لیٚمانی دەویٚ و پیٚی رازیە نەك ئەو موسلّمانەتیەو ئەو ئیمانەی کە خەلّك لیٚمانی دەویٚ ، یاخود تاغوتەکان لیٚمانی دەویٚ و یاخود عەقلّ و هۆش و بیری کورت بین و بەهەلّەداچوو لیٚمانی دەویٚ .

لە دونیا هیچ دەردیٚکی دەرونی و سروشتیٚکی بەدو ترسناك نییە کە مرۆڤ یا گەل فرتکی پیٚ گۆراوە بە هیچ دەرمانیٚك لە یەخەی مرۆڤ یا گەل نابیٚتەوە تەنها بە ئیمانیٚکی یەقینی تەواو بە خوای گەورە لە کۆلیان دەبیٚتەوە ، بە هیچ جۆر نالویٚ کە مرۆڤ لە حەسودی و لوت بەرزی قوتالّی بیٚ ئیللا بەو ئیمانەی کە دەست نیشانمان کرد ، چونکە مرۆڤ کە ژیانی خۆی بە توندی بەستەوە بەو جۆرە ئیمانەو بەبەهەشت و جەهەننەم، بە سزای بیٚ دوایی و پاداشتی بیٚ دوایی ، ئیتر نەك بەتەنها حەسودی و تەکەبورو لووت بەرزی و بە فیزی لە نیٚو دلّ و دەروون جیٚگەیان نابیٚتەوە ، بەلّکو هەرچی خراپەو خراپەکاریەك و سروشتیٚکی خراپ هەیە دلّ و دەروون و عەقلّ و بیرو هۆش لیٚی پاك دەبنەوە: (یا أیها الناس قد جاءکم موعظةٌ من ربکم وشفاء لما في الصدور وهدىً ورحمةً للمؤمنین) یونس ٥٧

فەرموودەکە ئاراستەی هەموو مرۆڤی سەر ئەرز کرایە لەو رۆژەی کە لیٚی دابەزیوە تا ئەو رۆژە ئەرز کۆتایی دیٚ و پیٚمان دەفەرمویٚ ئەی خەلّکینە وا ئامۆژگاری و ریٚنمایی تەواو و راستان لە خوای خۆتانەوە لە لای پەروەردگاری خۆتانەوە بۆ هات و ئەوجا وەریبگرن، نەك هەر ئەوەندەش بەلّکو دەرمانی

بنەبڕکەر و چارەسەرکەری هەموو نەخۆشیە کوشندەکانی دەروونە وەك حەسوودی و لووت بەرزی و پارەو ماددە پەرستی و خیانەت و هەموو بەد ڕەوشتیەکان .

بەڵێ تەنهاو تەنها ئیمانی بە یەقینی خوای گەورە ئەو ئیمانەی کە خوای گەورە پێی ڕازیە (نەك ئیمانی صۆفیانە) مرۆڤ دەکا بەمرۆڤ و لە هەموو حەسودی لووت بەرزی و دڕندایەتیەك و خیانەت و بەدڕەوشتیەك دەیشواتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاریگەریە دەروونیەی کە ئیمان یەقینی دەیکاتە سەر مرۆڤ یەکجار کاریگەرترە لە هەواو هەوەس و هۆگری دەروون بە ڕەوشت و سروشتە خراپەکانی مرۆڤ ، ئەوەیە کە یەکسەر مرۆڤ دەگۆڕێ لە حاڵەتێکی تاریکی یەکجار چڕ بۆ ڕووناکیەکی یەکجار ڕۆناك ، خوای گەورە (جل جلالە) دەفەرموێ : بسم الله الرحمن الرحيم (والعصر إن الأنسانَ لفي خُسْر إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحقّ وتواصوا بالصبر)

واتا: هەرهەموو مرۆڤێك خەسارەت مەندە لەهەردوو ژیان ژیانی دونیایی و ژیانی دوایی، لە ژیانی دونیا خەسارەت مەندە ، دۆڕاو و ڕیسوایە بەهۆی چیەوە؟ بەهۆی کردەوە پڕ گوناهەکانی وەك حەسودی و لووت بەرزی و خیانەت و خۆفرۆشی و هەموو سروشتە بەدەکانی ، تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە ئیمانیان هێناوە بە خوای گەورە ، ئیمانێکی یەقینی ئەو ئیمانە چۆن بزانین یەقینە کاتێ دەزانین کە خاوەنەکەی خۆی بە ماددە نەفرۆشێ و لە حەسودی و لووت بەرزی و خیانەت و بەدڕەوشتی دوور کەوێتەوە ، لە پێناوی خوای گەورە دەست کا بە بانگ هێشتنی خەڵك و ئەمر بەچاکە و نەهی لە خراپە بکا ، بۆخۆشی مەڵبەندی چاکە و کردەوەی چاك بێ بەبێ ڕیایی بۆ خوای گەورە، لە هەمان کات دا سوپایەکی بەپشوو بێ لەبەرامبەر کارو کردەوەی خراپ .

هۆی چییە کەم و کوڕی و عەیبمان بەرامبەر ئاینی ئیسلام پەیدا کردیە؟

بەر لە هەندێ لەسەر شێوەی خەبەر ئیشارەم بۆ ئەو بابەتە کرد، وا لێرە بە یارمەتی خوای گەورە لێی دەدوێم ، لە پێشتر گوتم تاغووتەکانی فارس و تورك و عەرەب کە خۆیان بە موسڵمان دادەنا ئێستاش خۆیان هەر بە موسڵمان دەژمێرن کاریگەریەکی زۆر گەورەو ترسناکیان لەسەر ئێمەی موسڵمانی کورد دروست کرد بۆ ئەوەی ئێمە بە عەمدەن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دوورخەنەوە، ئەوسا ئەو دوورخستنەوەیە بکەن بە بیانگەیەکی شەرعی و لە پەنایدا قەتل و عامان بکەن و کوردستانمان لێ چۆڵ بکەن ، هەموو مان دەزانین ئەو تاغوتانە لەهەر سێ گەلەکە (فارس و عەرەب و تورك) هەرگیز بەدرێژایی مێژوو هیچی چاکیان بەرامبەر نەکردین بەڵکو هەرچی خراپە و تاوان و بەدڕەوشتی هەیە ، لەبەر بێ دەسەلاتی و بێهێزی خۆمان بە ئێمەیان کرد هەر لە غەصب کردنی نیشتمانەکەمان تا دەگاتە کاول کردنی شارو دێهاتمان تا دەگاتە زیندە بەچاڵ بەدەیان هەزارانمان تا دەگاتە سووتاندنی دارستان و تەقاندنەوەی کانی و کانیاوەکانمان تا دەگاتە دەست درێژی کردن بۆ سەر ئابرو و ناموسمان تا دەگاتە ڕەش کردنەوەی هەموو ئەو نیشانە و بەڵگانەی (معالم) کە بوونێکی سەربەخۆیان بۆ دیاری کردووین و لە گەلانی تر جیای کردینەوە وەك زمانە شیرینەکەمان ، تا دەگاتە بەتاڵان بردنی ماڵ و سامان و مێگەل و مەڕ و بزنەکانمان و گارانی ڕەشەوڵاخمان هەموویان لەگەلاّ کردین بەزیادەوە ، تاکو ئەمڕۆش لەسەر ئەو گوناح و ستەمانەیان بەردەوامن و سوورن لەسەری ، تاکو ئەمڕۆش زیاتر لە نیوەی خاکی کوردستانیان غەصب کردیە هاوڵاتی خۆیان لێ جێ نشین کردیە

ئەو زوڵم و ستەمە بێ ئەندازەی کە لێیان کردین و تا ئێستاش لێمان دەکەن وای لە دەیان هەزار بەڵکو سەدان هەزار کوردی لاوی قوڕپەسەر و نەزان کرد کە لەو ئاینە پیرۆزە (ئاینی ئیسلامی پیرۆز) دوورکەونەوەو بێنە سەر ئەو بیر و باوەڕە کە گاور چاکترن لە گەلانی فارس و تورك و عەرەب و بڵێن: چما ئیسلامەتی ئەوهایە ئەو سێ گەلە لە بەرامبەر ئێمەی دەکەن؟ ئەوانە لە کنەخۆی وابێ موسڵمانن ئەوهایان بەسەر ئێمە هێناوە، ئەوسا ئێمە چۆن دێینە سەر دینی ئەوانە؟ سەیرە وا گاور لە دووری هەزاران کیلۆمەترە هاتووە ئێمە دەپارێزن لە دەست گەلانی فارس و تورك و عەرەب کەواتە بۆ ئەو گاورانە چاکتر نین لەو موسڵمانانە؟

خوێنەری بەڕێز لەبیرتە یا لەبیرت نەچی کە پێشتر گوتم ئیسلام بەرپرسیار نیە لەهەر تاوان و گوناهێك کە موسڵمانان ئەنجامی دەدەن ، چونکە ئەو هەموو جۆرە خراپیەکی حەرام کردیە و عیقابی بۆ داناوە هەروەك چۆن هەموو چاکەیەکی حەلاڵ کردیە و پاداشتی بۆ دانایە، بەلام ئایا هەموو کەس دەبێتە ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) ئەو ڕاستیە بزانی؟ نەخێر کەواتە خەڵکانکورد و غەیری کورد سەیری واقیع دەکەن بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوە هەڵناستن وەك کامیرا واتە تەنها بەشی دەرەوەی شت
بە نیوەیی دەگرن و هەموو تاوانەکانی تاغوتە فارسەکان و عەرەبەکان و تورکەکان لە دژی ئێمەی موسڵمانی کورد دەدەنە پاڵ ئیسلام ، الحمد لله کە ئیسلامیش لێی بێ بەریە .

ئەوەی کە پێویستە باس بکرێ ئەو تاغوتانە تەنها لەبەر ئەوە بڕیاری لەناوبردنی ئێمەیان دایە چونکە کوردین و خوای گەورە بە ویستی خۆی لە نێو هەموو زمانان زمانی کوردی بە ئێمە بەخشیە و ئێمە لەبەرامبەر ئەو ویستەی خوای گەورە هیچ ویست و دەسەلاتێکمان نیە هەروەك هەموو گەلێك لەبەرامبەر

ئەو ڕاستیە حاڵی حاڵی ئێمەیە کەواتە دەبوایە بە ویستی خوای گەورە ڕازی بان و هەرگیز هەوڵی لەناوبردنیان نەدابایین. لەبەر کورد بوونمان لەلایەن خـوای گـەورە بە ئێمە ڕازی نین کەواتـە بەویـستی خـوای گـەورە ڕازیـنین و لـە خـوای گـەورە هەڵگەڕاونەتەوە کە گەلێکی بەناوی کورد لە نێویان دروست کردیە

هەروەها پێویستە ئەو گەلە موسڵمانانە زۆر چاك بزانن کە ئێمەی کـورد لـە ژێر سێبەری ئەوان ژیاوین و پـەروەردە کـراوین بـە پـەروەردەی ئـەوان لـە لایـەن تاغوتەکانیانەوە ، کە بێ گوومان پەروەردەکەیان زێـدە پـەروەردەیکی دوورە لـە مرۆڤایەتی وەك کابرایەکی بەد ڕەوشتی سەرسەری و قوماریاز ڕۆڵەکانی لە سـەر شێوەی خۆی پەروەردەکا، کەواتە ئەو باوکە بەرپرسیارە لە ناپەسـندی ڕۆڵـەکانی، ئێمەش هەر عەیب و عارو کەم و کوڕیەکی کە لەبەرامبەر ئاینی ئیسلامی پیرۆز هەمانە ئەو تاغوتانەی فارس و تورك و عەرەب لەسـەریان پـەروەردە کردینـە و لێڕاهێناین، بە پلەی یەکەم ئەوان بەرامبەر خوای گەورە و مێژوو تاوانبارن. ئێمە بە درێژایی مێژوو وەك منالێکی هەتیووی بێ باوك بووینە کە بـاوکی مردبـێ و میراتێکی زۆری لەپاش بەجێ مابێ کەوتبێتە بەردەستی ستەمکارێکی دڵ ڕەقـی بێ بەزەیی قوماریاز ، ئاخۆ ئەو منالە چی لێ بەسەر دێ ئایا

ئەگەر ئەو تاغوتانە لەسەر بەرنامە پیرۆزەکـەی خـوای گـەورەبان و کاریـان پـێ کردابـا وەك عومـەری کـوڕی خـەتاب ، ئایـا ئـەو کـەم و کوڕیانـەمان دەبـوو لەبەرامبـەر ئـەو ئایینـە پـیرۆزە؟ بـێ گوومـان نـەخێر، ئایـا ئـەو هـەموو لاوە ڕۆشنبیرانەمان پشتیان لە ئیسلام دەکرد؟ نەخێر، سوپاس بۆ خوای گەورە لەگـەڵ ئەوەش کە زۆرانێك لە لاوانی ڕۆشنبیر پشتیان لە ئیسلام کردیە بـەلام لاوانێکـی زۆریشمان ئەمڕۆ بەردی بناغەی ڕابوونی ئیسلامن دەبێ فەرموودەی خوای گـەورە هەر بێتەدی (إنا نحن نزلنا الذكرَ وانّا لهُ لحافظون) الحجر ٩

تاغووتـەکانی ئـەو سـێ گەلـە موسـڵمانە لەگـەڵ بەشـێکی زۆر لـە پێهەڵخەڵەتاوە ڕەگـەز پەرسـتەکانی وەك خۆیـان ئاسـا هـەموو چـاکەو کـردەوە باشەکانی کورد لە مێژووی ئیسلام لەبەرامبەر موسڵمانان دەشارنەوە بـۆ ئـەوەی وەك لە پێشتر گووتم ڕێگـەی لـەناوبردنمان بـۆ خۆیـان خـۆش بکـەن وەك ئـەوی پێشتریش ئیشارەتم بۆ کرد و بۆ وەبیر هێنانـەوە دووبـارەی دەکەمـەوە کـە ئێمـەی موسڵمانی کورد یەکەمین گەلین لە ڕۆژهەلاتی ئیسلام بـەبێ کوشـت و کوشـتار موسڵمان بووین ، بێ ئـەوەی پێغەمبـەری خۆشەویـستمان دیتبـێ، لەسـەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب) ڕەزای خوای لێ بێ موسڵمان بـوو واتـا چـەند سـاڵێك دوایی کۆچی دوایی (محمد)(علیه الصلاة والسلام) وە لە دوای شەهید بوونیشی کەس نەی بیستوە تاکە کوردێك لە ئیسلام هەڵگەڕابێتـەوە وەك بـرا عـەرەبـەکان بەتایبەت قورەیشیەکان کە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) لەوان بوو لەگەڵ ئەوەشا بیست و سێ ساڵ لە دژی جەنگان و هەوڵی کوشـتن و لـەناوبردنیان دەدا ، وە لە دوای کۆچی دوایی بەددیان هەزار عـەرەب بەتـەنها لـە نیمـچە دوورگـەی عەرەب هەڵگەڕانەوە و بەهەزاران صەحابەی پیرۆز و گەورەیان شەهید کرد لـەژێر ئالأی پێغەمبەرە درۆزنەکانیان وەك (تولەیحـەی ئەسـەدی، موسـەیلەمەی درۆزن (کـذاب) ، ئەسـوەدی عەنەسـی ، سـوجاح ژنـە جادوکەرەکـەی موسـەیلەمەی درۆزن)، وە لە دوای موسڵمانبوونمان چووینە ژێر ئالأی پـیرۆزی ئیـسلام و ڕۆڵـەی ئەو تۆمان لێ لەدایك بوو بە ئیزنی خوای گەورە کەبتوانی لە ساڵی ٥٨٣ کۆچی شاری قودسی پیرۆز لە دەستی خاچ پەرسـتەکان ئـازاد کـا کـە ئـەویش (صـلاح الدینی ئەیوبی) یە کە بەزۆری زۆردار دەیانـەوێ بیکـەن بەعـەرەب و لـەکوردی بشۆرێنن تاکو تەواو ڕێگەی قەلاچـۆکردنمان خـۆش کـەن و لـە هـەموو چـاکە و پیاوەتیەك و لە هەموو خزمـەت گوزاریـەك کـە بـە ئیزنـی خـوا پێشکەش بـە ئیسلامان کردیە ڕووت و پووتمان کەنەوە بـەلأم :(وقـدمکروا مکـرهم وعنـد الله

مكرهم وإن كان مكرُهم لِتزول منهُ الجبال) ئيبراهيم ٤٦ ، (وحاق بالذين ظلموا ماكانوا به يستهزئون)

بەلاّم بالەگوێی خۆیان بنووسن خوا گەلێ لەناو نەبا هەرگیزاو هەرگیز بەکەس لەناو ناچێ ، ئێوە سەیر کەن کورد بەدرێژایی مێژووی خاوەنی هیچ دەسەلاّتێکی ئەو و تۆ نەبووە و بەشی هەر تێهەلّدان و کوشتن و برین و دەربەدەری بووە. مەگەر ئەو چەند ساڵەی سەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب) ڕەزای خوای لەسەر بێ ، یان لە هەندێ ماوەی کورت لەدوای (عومەری کوڕی خەتاب) ئەگەرنا بە درێژایی مێژوو هەر قوڕی بەسەری بووە کەچی خوای گەورە هەر کۆتایی پێ نەیناوە ئەگەرچی لە مێژوو بەچەندان گەلانی لە کورد بالاّتر و خاوەن دەسەلاّت تر لەناو چوون و ئاسەواریان بڕاوەتەوە .

ئایا مەلای خەتیٚ تاونبارە؟

زۆرن ئەوانەی کە (مەلای خەتیٚ) خوا لێی خۆش بیٚ ، تاوانبار دەکەن بەوەی کە بوویتە هۆی ڕووخانی (میری سۆران) میرنشینی سۆران کە پایتەختەکەی شاری (ڕەواندوز) بووە، کە گوایە فەتوایەکی دەرکردیە کە هەرچی بە گژ خەلیفەی عوسمانی دابیٚ کافرە

باوەڕ کردن بەو درۆ و بوهتانە دەگەڕیتەوە بۆ ساویلکەیی و خۆش باوەڕی گەلەکەمان وەك لە پیشتر ئیشارەم بۆ کرد، بیٚ گومان مرۆڤ هەردەم لەسەری پیویستە موسلمانیکی زیدە تیگەیشتبیٚ تا بەقسەو درۆ و دەلەسە و بوهتانی درۆزنان و دوژمنانی ئیسلام باوەڕ نەکا، لەو حالەتە یەکسەر ئەو ئایەتە پیرۆزە بهینیتە پیش چاوی خۆی کە دەفەرمویٚ: (یا أیها الذین آمنوا إن جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا أن تُصیبوا قوماً بجهالة فتُصبحوا علی ما فعلتم نادمین) الحجرات، ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان بە خوای گەورەیە ئەگەر درۆزن و بڕوا لاوازیك هەوالیکی بۆ هینان یەکسەر پیی باوەڕ مەکەن تا ساغی نەکەنەوە و دوایی کەسانیك بە جەهالەت و سوورنەکردنەوەی هەوالەکە بەر بەلادەکەن و مالٚ ویران دەکەن کە پەشیمانی لە دوایە

ئەوانەی مەلای خەتیٚ تاوانبار دەکەن باوەڕ ناکەم یەك تاکە نەفەریان ئاگاداری ڕاستی بیٚ ، باوەڕ ناکەم بزانن مەلای خەتیٚ کیٚ بووە ، وە پەیوەندی بە میر (محمد) پاشای کۆرەوە چۆن بوە، وە کەنگیٚ ئەو فەتوایەی دەرکردیە و بۆچی دەری کردیە، هەرئەوەندە درۆیەیان لایەکە ئەو مەلایە بەیەك تاکە فەتوا میرنشینیکی گەورەی کوردی لەناوچەی بالەکەتی تاواندۆتەوە

بەڕیز مامۆستا (مسعود محمد) جەلی زادە لە بەرگی دووەمی حاجی قادری کۆیی چاپی (١٩٧٠) ئەو مەسەلەی زۆر باش ڕوون کردیتەوە و

دەڵێ: مەلای خەتێ (گوندی خەتێ) مەلایەکی زێدە لێهاتوو زاناو شارەزای شەرع بوو، لەبەر ئەوە پاشای کۆرە بە قازی خۆی دامەزراندبوو، دائیم بەلای خۆیەوە بوو لەسەر یەك سفرە بەیەکەوە نانیان دەخوارد و هەموو پرس و ڕایەکیشی بەو بوو مەلای خەتێ مەلایەکی بێ دەسەڵات بوو تاکە چەکی شەرع و زانیاری ئیسلامی بوو، کاتێ کە پاشای کۆرە میرنشینەکەی گەورەو بەهێز بوو خەریك بوو هەموو کوردستان بگرێتەوە ، دەوڵەتی عوسمانلی مشەوەش بوو هەروەها هاوپەیمانە بەهێزەکەی (ئەڵمانیا) کاتێ کە دەوڵەتی عوسمانلی داوای لە ئەڵمانیا کرد کە یارمەتی بدا، یەکسەر داواکەی قبوڵ کردو دەوڵەتی عوسمانلی ئینزارێکی زۆر توند و تیژی بۆ پاشای کۆرە نارد کە بێ گومان دەوڵەتی ئینگلیز و ئێرانیش لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بوون بۆ هاوکاری کردنی لە پێناو تێکدانی میرنشینی پاشای کۆرە ، بە کورتی بڵێین پاشای کۆرە خۆی داوای لە (مەلای خەتێ) کرد کە ڕوو لەگەلی کورد کاو هەروەها ڕوو لە سوپاکەی پاشای کۆرە نەکەن لەبەرامبەر ئەو سوپایەی کەوا بەڕێکەوتووە لە ئەستەنبوڵەوە بۆ کوردستان بەرەنگاری بکەن و بەڵکو بلاوەی لێ بکەن ، چونکە هەرکەسێ شەڕ لەگەڵ خەلیفەی ئیسلام بکا لەدین دەردەچێ . بەڵێ پاشای کۆرە خۆی ئەو داوایەی لە مەلای خەتێ کرد چونکە دەیزانی سوپاکەی کورد ئەو سوپایە نییە خۆی لەبەر سوپاکەی عوسمانیان و ئەڵمانەکان بگری ئەگەر بێت و بەرەنگاریان بێتەوە ئەوە لەوانەیە هەموو کورد لەناوچەی کوردستانی باشوور لەناوچێ ، لەبەر ئەوە میرنشینەکەی کردە قۆچی قوربانی هەموو گەلی کورد، مەلای خەتێ زۆر چاك ئەو ڕاستیەی دەزانی بۆیە کە داواکەی پاشای کۆرەی قبوڵ کرد. بەڵگە لەسەر ڕاستی ئەو فەتوایە بەوشێوەیە ئەوەیە: کە مەلای خەتێ مەلایەکی سوڵتانی عوسمانی نەبووە لە دووری پتر لە دوو هەزار کیلۆ مەتر ئەو فەتوایە دەرکاو منەتی پاشای کۆرە نەزانی . مەلای خەتێ هەر لەناو قەسری پاشای کۆرە و لەتەك پاشای کۆرە ئەو فەتوایەی دەرکرد و لەدەستی ڕای نەکردبوو .

نه مەلای خەتێ هێندە بەدەسەلاَت بوو سەرپێچی بڕیار و ویستی پاشای کۆرە بکاو منەتی نەزانی نەپاشای کۆرەش هێند بێ دەسەلاَت و بەزەیی بوو کە دەستی نەگاتێ ، پاشای کۆرە ئەو پاشا کۆرەیە بوو کە مامی خۆی لەسەر زەعامەت کوشتبوو ئەوجا چۆن مەلایەکی بێ دەسەلاَت و بێ کەس هەمیشە لەتەك خۆی بێ دەتوانێ سەرپێچی بڕیار و هەواو هەوەسی بکا

لەدوای نەمانی میرنشینەکەی سۆران مەلای خەتێ بەوپەڕی هەژار و بێ دەسەلاَتی گەڕایەوە گوندی خەتێ و تا ڕۆژی مردنی هەر بە هەژاری و سەلامەتی ژیاو ژیانی بردە سەر . ئایا ئەگەر مەلای خەتێ لە ڕێگای خیانەت و خۆفرۆشی ئەو فەتوایەی دەرکردبا داخ لە دلَێك نەبوو لە دلَسۆزانی پاشای کۆرە خەنجەرێکی لەسەر دلَی دا خۆ کەس نەبوو دیفاعی لێ بکاو بیپارێزێ لەو گوندە بچوکەی خەتێ لەدوای ئەوانەش هەموو ئاشکرایە لەسەردەمی عوسمانلی هەر کوردێك وشەیەکی چاکی بۆ سولَتانی عوسمانلی کردابا لەبەردەمی سولَتان لە ئەستانبۆلَ ئەوە سولَتانی عوسمانی هێندە پاداشتەی پێ دەبەخشێ کە تاوەکو ئەمڕۆ نەوەکانی بیخۆن بەتێری کەچی کەس نەبوو و تا ئێستاش کەس نەیتوانی بلَێ مەلای خەتێ پولێکی وەرگرتبێ لە سولَتان لە بری ئەو فەتوایە. کەواتە فەتوایەکە تەنها بۆ بەرژەوەندی تێکڕای گەلی کورد بوو .

پرسیار: ئەی میرنشینەکانی دیکەمان شۆڕشەکانی دیکەمان خۆ چ مەلای خەتێ فەتوای نەدابوو کە ئەو میرنشینانەو شۆڕشانە دژ بە خەلیفەی ئیسلامن یاخود مەلای وەك مەلای خەتێ ئەو فەتوایەیان لە دژ

دەرنەکردبوو، وەك چۆلَ کردنی هەموو خاکی کوردستانی باشوور لە سالَی (١٩٩١) کە نزیکترین ئەو شۆڕشانەیە لێمانەوە، ئایا بە فەتوای کێ هەموو کوردستان چۆلَ و هۆلَ کرا؟ هەموومان دەزانین تەنها بەیەك دوجار هاوار کردن (هەلَێن هات) چۆلَ کرا فەتوای (هەلَێن هات) کێ دەری کرد؟ وەلاَمم دەنەوە .

جگە لە تاوانبارکردنی مەلای خەتیّ بەگشتی ئەمڕۆ زۆربەی کورد مـەلاکان تاوانبار دەکەن کە گوایا تاکە کەسانیّ بوون کە مامۆسـتا بـوون لـە نێـو گـەلی کـورد ، بـەلاّم چ مامۆسـتایەك فرِیـان بـە سـەرکردایەتیەوە نـەبوو تـەنها داوای نوێژەکانیان لە خەلّك دەکرد بۆ بەرژەوەندی خۆیان لـە پـەنا ئاغـا و کوێخاکـانی کوردستان ژیانی خۆیان دەبردە سـەر و شـەرعیان بـۆ خـوار دەکردنـەوە (شـەرع بەکەس خوار ناکرێتە) و بانگ هێشتنی ئەوان بۆ خەلّك لە دوای نوێژەکان تـەنها ئەوە بوو تەنها خەلّکیان فێـری تەمـەلی و تـەوەزەلی و تـەوەکول بـەخوا دەکـرد ، خەلّکیان لە عیلم و زانست دوور دەکردەوەو فێری بیّ دەسـەلاّتی و مـل کەچـیان دەکرد لەبەرامبەر حوکمڕانانی ولاّت، بیّ ئاگـاو خەبـەر بـوون لـە پێشکەوتن و گەشە کردنی دونیا ، لە گوێی گادا نووستبوون و زۆربەیان هاوکار و خزمەتکاری شێخە ستەمکارەکانیان دەکرد کە بە هەزارەها دەروێـشیان هـەبوو تـەنها فێـری زەرگ لە خۆدان و ڕیشی درێژی پڕ لە ئەسپیّ و هەیاو هویان کردبوون .

من نالّێم ئەو شتانەی گوتراوە لەبارەی مەلاکانی کوردسـتان درۆیـە ، بـەلّکو زۆربەی ڕاستە ، بەلاّم ئەوەی ڕاستی بیّ لەبارەی ئەو مەلایانە زۆربەی هەرە زۆریـان کۆلکە مەلا بوون وفرِ لە ئیسلام نەگەیشتوونەو هیـچیان لەشـەرع و گـەورەیی قورئانی پیرۆز نەزانیە ، بیّ گومان ئەو جۆرە مەلایەش گـەل هـەر بـەرەو هەلّـدێر دەبا.

بەلاّم نابیّ ئەوەشمان لەبیرچیّ کە مەلای زۆر چاك و زاناو داناو ئازامان هەبووە کە بەڕاستی لە ژێر سێبەری کیتاب و سوننەت (الحمـد لله) پێگەیـشتونە وەك مەلای گەورەی کۆیە (مەلا محمد) ی جەلی زادە خوای لیّ خۆش بیّ کە زانایـەکی زۆر شارەزا بووە لە ئیسلام و شیعر و هەلّس و کەوتـەکانی بەلّگـە بـوون لەسـەر ئەوە کە بە حەقیقەت موستەحەقی ئەوە بیّ پێی بگوترێ (مەلای گەورەی کۆیـە) وابزانم تاکە کەس لە هەموو کوردستان لە کاتی (مؤتمر الصلح فی باریس) لـە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم دەنگی خۆی هەلّبڕیّ گووتی: (با ئێمـە خـۆ

ئامەدەکـەین هاوبەشـی لـەو کـۆنگرە بکـەین هـەروەك گـەلانی ژێـر چـەپۆکی عوسمانیەکان و داوای سەربەخۆیی خۆمان بکـەین هـەروەك چـۆن نوێنـەری ئـەو گەلانە ئامادە دەبن لەو کۆنگرە و داوای مافی سەربەخۆیی خۆیان دەکـەن) دوای ڕووخانی عوسمانیەکان بە هۆی ئەو جەنگە (جەنگی جیهانی یەکەم) بـەلاّم هـیچ پشتگیریەکی لەلایەن کوردەوە نەبوو بەداخەوە .

وە لە زاناو مەلا بەناوبانگەکانمان بەردی بناغەی کوردایەتیان لە کوردستان، داڕشت حاجی قادری کۆیی و پێش ئەویش بە سێ سەد سـاڵ یـا پـتر (ئەحمـەدی خانی) . دە کوردینە ئەگەر ئێوە بەڕادەی ئـەوەی دوژمنـی کۆلکـە مەلایـەکانی کوردستانن و نەفرەتیان لێ دەکەن و زانیتان کە خراپ بووین و هۆی دوا کـەوتنی گەلی کورد بوونە لەسەر وەختێك لە مێژوو ، بە هەمان ڕادە ببنە دۆست و قوتابی (احمدی خانی) و (حاجی قادر) و بە ئامۆژگاری و ڕێنمایەکانی بکەن و پـەیڕەوی ڕێبازەکانیان بکەن لە کوردایەتی مادام هێندە بە پەرۆشن بۆ کورد و کوردسـتان و کوردایەتی .

ئەوەشتان لەبیر نەچێ کە مەلایەکانمان لەسەردەمی خۆی مەلای خراپ بـورن و فێری تەمەڵی و جەهل و نەفامی و تەوەکول و کونجی قەناعەتیان کـردبن ئـەی مامۆستاکانی ئەمڕۆش چیان فێر کردوون چۆنیان دەرس داون
و چیان دەرس داون؟ بۆ وەسفکردنی مامۆستاکانی ئەمڕۆمان نموونەیەکی کـورت دەهێنمەوە: بیرو ڕاتان چیە بەرامبەر مامۆستایەك لە کاولـە خانوویـەك دا بـژی، خـۆی و چـوار پێـنج کـچی و دووسـێ کـوڕی و هـەر چـوار دەوری ماڵەکـەی گەمارۆدرابێ بـەو چـەکدار و پیـاو خراپـە دڵ ڕەق و خـوێن ڕێژانـەی کـە بـەدوا ڕاوکردنی ئەو جۆرە خێزانانەدا دەگەڕێن، لەو ساتە پڕ مەترسیە کـە کەسـێ نیـە یارمەتیان بداو ڕزگاریان کا کابرای مامۆسـتا ڕەقـس و سـەماو زوڕنـا لێـدان و هەڵپەڕکێ فێری ژن و ماڵ و منداڵەکانی بکـا؟ ئـەو مامۆسـتایەتان پـێ چـۆنە؟ (والسلام على من اتبع الهدى) طه ٤٧.

شیمانە هەیە کورد بتوانێ ببێ بەدەوڵەت؟

من ناڵێم شیمانە (احتمال) نیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆمان، بەڵام ئەو شاکارە ئەورۆ لە هەموو ڕۆژگاری ڕابردوو زەحمەت ترە، بە بیرو بۆچوونی من زۆر کوردی دیکەش یا زۆر خەبەردارانی جیهانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دووسەد ساڵ بگرە سەد ساڵێك پێش ئەمڕۆ گەلێ لەمڕۆکە هاسانتر بوو لەبەر ئەوەی:

١- پێویست بە ئیعتراف و دان پێداهێنانی وڵاتانی زل هێز و ئەوروپی نەبوو گرنگ ئەوە بوو خۆمان بە هەموو شێوەیەك سوربایین لەسەر دامەزراندنی ئەوسا با هیچ دەوڵەتێك ئیعترافی پێ نەکردبایین واتا: هۆکاری دەرەکی هێندە کاریگەری لەسەرمان نەبوو وەك ئەورۆ کە بەڕێژەی سەدا نەوەد و نۆ کاریگەری لەسەرمان هەیە

٢- پێویستمان بە کۆبوونەوەی (ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان) نەبوو بەڵکو ئەو ڕێکخراوەیە ئەوکات هەر نەبوو چونکە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دروست کرا، هەروەها ڕێکخراوی (عصبە الامم) یش نەبوو چونکە ئەویش لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دروست کرا واتا ساڵی (١٩١٩).

٣- وڵاتە زل هێزەکانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا و ئەمریکا لەو بارو دۆخە دا نەبوون وەك ئێستا کاریکەر بن و بتوانن کار بکەنە سەر ئیرادە و سووربوونی گەلێکی وەك کورد کە نەهێڵن دەوڵەت دروست کا ئەگەر کورد تەنها خاوەنی یەکگرتن با ئەو سەردەم دەوڵەتی کورد زۆر بە هاسان دەهاتە کایەوە.

٤- ئەو چەك و ئامێرانەی جەنگ کە بەدەست دوژمنەکانمانەوە بوو ئێمەش دەمانتوانی بەدەستی بهێنین وەك ئەمڕۆ نەبوو دوژمنەکانمان هەموو هێزێکی ئابووری و لەشکریان لەبەر دەستایە و ئێمەش هیچ ، بەڵکو وەك سوالْ کەرین لەبەردەم دەوڵەمەندترین بەفیزترین دەوڵەمەند

٥- ئەوسێ دەوڵەتە کە زل هێزن ئێستا لە ئەوروپا (بەریتانیا ، فەرەنسا ، ڕوسیا) لە حاڵەتێك دا نەبوون کە بتوانن لە بەرامبەر سوور بوون وتێکۆشانی کورد لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد هیچ شتێکی ئەو تۆ بکەن، چونکە لە ڕووی ئابووری حاڵیان زۆر خراپ بوو و تازە بەتازە لەشەڕە گەورەکانی ناپلیۆن کە ئەورروپای لەبن هێنا بوو دەستیان بەر بووبوو ئەوە ئەگەر باس لە مێژووی دووسەد ساڵێك بەر لەمڕۆ بکەین، ئەگەر بگەڕێینەوە دواتر ئەوە بارو دۆخیان لە هەموو لایەکەوە خراپتر بوو ، بەڵام کار بەنیسبەت ئەمریکا چۆن بوو؟ ئەمریکا جارێ زۆر دوور بوو کە بتوانێ دەست بخاتە نێو هەراو کێشەی نێوان دەوڵەتانەوەو هێشتان برینی شەڕی ناوەخۆی چاك نەببۆوە کە زیاتر لە دوو سەد هەزار کەسی تیا کوژرا، ئەمریکا تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕۆڵێکی ئەو و تۆی نەبوو.

٦- دەمان توانی لەو سەردەم ئاینی ئیسلامی پیرۆز بکەینە بەهێزترین چەك بۆ گەیشتن بە هەموو ئاوات و ئامانجە ڕاستەقینەکانمان کە یەك لەوان دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو، ئێمە ئەگەر بەدوا وەدەست هێنانی هەر کارێکی شەرعی دابچین ئەوە خوامان لەگەڵە وەك تێکۆشان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی وەك هەموو گەلانی موسڵمان، کە مادام دەوڵەت یەك لە نیعمەتە هەرە گەورەکانی خوای گەورەیە بۆ گەلانی سەر ئەرز ئەو کاتە وەدەست هێنانی لە ڕێگەیەکی شەرعیەوە مافی خۆمانەو شەرع ئەو مافەی پێ دەدا ، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەسەر خاکی خۆمان ئەو خاکەی کە هەزاران ساڵە خوای گەورە پێی بە خشیوین و لە کەسمان زەوت نەکردیە ئەرکێکی شەرعیە و خۆ دزینەوە لێی تاوانە چونکە دەبێتە هۆی ڕیسوا بوون و کۆیلایەتی و چەوساندنەوە کە هەموو ئەو شتانە خوای گەورە پێی ناخۆشە و نەهی لێ کردیە .

٧- لەو سەردەمەدا خاکی کوردستان بە هیچ جۆرە دوژمنانێك کۆنترۆڵ نەدەکرا تەنها خیانەتی خۆمان نەبێ ، چونکە هێشتا ئەو تەکنەلۆجی و چەکەی

ئەورۆ هەیە لە خەونی شەوانی کەس دا نەبوو، کـە بێگومـان جێگـەی ترسـە و هۆکارێکی گەورەیە بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵی ولاتی داگیر کراو، بـە کـورتی لـە لایەنی سوپایی ئەگەر دوژمنەکانیشمان لە ئێمـە بـەهێزتر بـان نـەیان دەتـوانی هەموو کوردستان پارچە پارچەکەن و زەوتی بکەن بەمەرجێ وەك لە پێشتر گووتم خیانەت ڕەگی لەنێو دا نەکوتابایین.

نابێ ئەوڕاستیانەش لەبیرچێ کە لەو سەروەختیش گـەلانی گـەلێ لـە ئێمـە ژمارە کەمتر و زەوی بچووکتر هەبوون و کەچی لە نێو کۆنگرەی دەوڵەتانی کە لـە خۆیان زۆر بەهێز تر بوون دەوڵەتیان لە دەست نەداو بـەری هـەموو بـارو دۆخ و بەسەرهاتێکی سامناکیان گرت و خۆیان نەدۆڕاند. با کەس لە ئێمە بیری بۆ ئەوە نەڕوا کە کورد لە هەموو گـەلانی دونیـا لاوازتـر بـوبێ لـە بـواری ئـابووری و لەشکری بۆیە ئەوان بوونە شت و ئێمە نا ، بەڵکو ئێمە تـەنها (وەك لـە پێـشتر باسم کـرد) بۆخۆمـان خۆمـان دۆڕاندیـە . گـەلانی دونیـاش بۆخۆیـان خۆیـان بردۆتەوە، جیاوازیەکە هەر ئەوەندەیەو چیتر نا، بە کوردی کۆییانە (چی دیکە نا) کە دەوڵەتانی زل هێز ئەو دەوڵەتانەی ئەمڕۆ نەبوون دەوڵەتانی دراوسێشمان ئـەم دەوڵەتانەی ئـەمڕۆ نـەبوون کـە بتـوانن وەك ئـەمڕۆ لـە دامەزرانـدنی دەوڵـەت ڕێگەمان لێ بگرن . لەسەرەتای شۆڕی ئـەیلول (١١/٩/١٩٦١) لەگـەڵ یەکـەم سەرهەڵدانی شۆڕشەکە زۆربەی شارۆچکەو گوندەکانمان لە ژێر ڕکێفی حکومەتی عێراقی دەرچوون و حکومەت هیچی ئەو و تۆی لەبەرامبەر ئـەو دەرچـوونە پـێ نەکرا ئەگەر چی سەدەی فڕۆکە و تۆپ و دەبابەش بوو، ئەی ئەگـەر ئـەو شۆڕشـە پێنج سەد ساڵ بەر لەمڕۆ بـاو هـەموو هـەموو کوردسـتانی بـە یـەکگرتنێکی پۆڵایین گرتاباوە ئایا دوژمنانمان چیان پێ دەکرا .

پەیمانی سایکس بیکۆ:

زۆر کەس هەنە لە ئێمەی کورد کە پێیان وایە پەیمانی سایکس بیکۆ گەلەکەمانی کردیە بە چوار پارچە (پارچەیەك بۆ تورکیا، پارچەیەك بۆ ئێران، پارچەیك بۆ عێراق، پارچەیەك بۆ سوریە) ئەو پەیمانە بۆ پێی دەڵێن پەیمانی سایکس بیکۆ؟ لەمیانی کێ بوو؟ (سایکس) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو ، (بیکۆ)وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو ، بە نهێنی بەر لەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بڕوخێ ئەو پەیمانەیان بە نهێنی مۆر کرد کە هەر کاتێ ئەو ئیمپراتۆریەتە که لەو سەردەم پێیان دەگووت
پیاوە نەخۆشەکە لە بەر لاوازی و پەرتەوازە بوونی قەڵمڕەوەکانی ئەوە ئەو ولاّتانەی کە لە ژێر دەستی ئەو دەوڵەتە بوون دابەشی کەن بەسەر خۆیان بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار بێ ،کە زۆربەی ولاّتانی عەرەبی دەگرێتەوە.

تا ئێستاش زۆربەی کورد وا دەزانی کە کوردستان یەك پارچە بووە و لەو پەیمانە کرایە بە چوار بەش ، لێرەدا دەڵێن ئایا کێ بیستویەتی ئەو چوار پارچە کوردستانە ڕۆژێ لە ڕۆژان یەك پارچە بووبێ بەر لە هاتنە کایەوەی ئەو پەیمانە؟ لەدوای هەندێ کوردستان خۆ دەوڵەتێکی بەهێزی یەك پارچە نەبووە دەست درێژی بکاتە سەر دەوڵەتەکانی دراوسێ ی و ئیتر بە هەموان گەلەکۆیی لێ بکەن و بیشکێنن و بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتوانی دەست درێژی بکا بەمەبەستی هەندی پارچە پارچەی بکەن هەروەك چۆن لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەڵمانیای هیتلەری دەست درێژکاریانکردە دوو پارچە ئەڵمانیای ڕۆژ هەلات بەبەر پەیمانی وارشۆ کەوت و ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا کە بەبەر پەیمانی ناتۆ کەوت.

دواتر کوردستان هەزاران ساڵ پێش پەیمانی سایکس بیکۆ هەبووە ، دەبوایە گەلێ بەر لەسەر هەڵدانی ئەو پەیمانە چارەی خۆی کردبا، کاتێ ڕاست بوو ئەو پەیمانە کاری تێکردبا و پارچە پارچەی کردابا کە تەنها حەفتەیەك یا مانگێك پێش مێژووی ئەو پەیمانە هاتابا سەر دونیاو شارەزای بە دوونیا نەبا، ئیتر با بەس

بیّ لۆمەی کەس نەکەین تەنها خۆمان نەبیّ بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ ئاراتمانە سێ هەزار ساڵ پترە لەدەستمان چووە و ئەمڕۆش بە هاسان نایەتە کایەوە و ئەو کاتە کە نەك تەنها ئیسلام بەڵکو (موسی و عیسی) ش (علیهما السلام) نەهاتبوونە سەر دونیا.

ئەمڕۆش با بەس بێ ژێر چەپۆکی و چەوساوەیی و کۆیلایەتی و نۆکەری بێگانان و خۆ بەکەم زانین لە ئاستیان، با بەس بیّ دووبەرەکی و سێ بەرەکی و دەبەرەکی لە ژێر ناوی بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەر، با بەس بیّ فێڵ لە خۆمان بکەین و بڵێین ئیسلام دوای خستینە و ئیسلام بەرپرسیارە لە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی کە بێگومان بەڵگەی حەق و ڕاست و مێژوویی و واقیعی ئەو بووهتانەی بە ئیسلام دەکریّ بە ئیزنی خوا هەتا هەتایە سەرەو نخومم کردەوە و بە ئیزنی خوا ئەو نووسینەم دەکەوێتە بەردەست هەموو خوێنەرانی کوردی ڕۆناکبیر و دەیخوێننەوە و ئەگەر هەر بیرو ڕایەکی خراپیان هەبیّ لەبەرامبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام لێی پەشیمان دەبنەوە و ئەوسا دەگەڕێن بەدوای ئەو هۆکاری کوشندانەی کە تا ئێستا لیّ نەگەڕاوە وەك هەموو گەلانێك لەسەر قاچی خۆمان ڕاوەستین، لیّ نەگەڕاوە سنووری کوردستان بە ئاگرێکی بیّ دوکەڵ بتەنیین بۆ سووتان و برژاندنی هەر دوژمنێك کە دەیەویّ پێی بخاتە ئەو دیوی سنورمان.، با بەس بێ چیتر بەدرۆ و دەلەسان بەفرت و فێڵی دوژمنان هەڵنەخەڵەتێین گەشتی ژیانمان لەو ڕێگەیەوە دەست پیّ بکەین و کۆتایی پیّ بینین کە خوای گەورە بۆ دیاری کردین و پێغەمبەرە مەزنەکەمان(علیه أفضل الصلاة والسلام) بۆی ڕوون و هاسان کردینەوە . با بەس بیّ خۆمان بەدەستی خۆمان لە یەکیّ لە گەورەترین نیعمەتەکانی خوا بیّ بەش کەین کە دامەزراندن و دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردیە ، با بەس بیّ وەك مامۆستا (هەژار موکریانی) بە شیعر دەفەرمویّ با نەبینە ئەو باڵندە بیّ هێز و لاواز و سووکە کە ناو دەمی تیمساح خاوێن دەکاتەوە

و هەرکاتیَ هەوەسی هێنا دەمی پێکدادا بە چەند چرکەیە ژیانی لەدەستەدا و هەرگیز چاوی بە ڕووناکی ناکەوێتەوە .

برایانی خۆشەویست و بەڕێز: با لەدوا ووشەی ئەو باسە کورتە پێتان ڕابگەیەنم کە گەورەترین هۆکاری دواکەوتن و ماڵ وێرانی هەر گەلیَ نەبوونی حکومەتێکی سەربەخۆ خیانەت و خۆفرۆشیە کە ئایینی ئیسلام زۆر بەتوندی نەهی لیَ کردیە و خائین بە موسڵمان دانانیَ و ئەوەتا لە سورەتی یوسف دەفەرمویَ: (إن الله لايهدي كَيدَ الخائنين) هەروەها لە سورەتی (الحج) دەفەرمویَ: (إن الله لايُحب كُلُّ خوانٍ أثيم) ، ئاشکرایە هەردوو ئایەتەکە خائین بە موسڵمان دانانیَ، هەرکەسێك لە پەنا ئایینی ئیسلام خیانەت و خۆفرۆشی دەکا ئیسلام بەرپرسیار نیە لە خیانەتی ئەو کەسە، وەك لە پێشتر گووتم ئایینی ڕاست و پیرۆزی ئیسلام گوناهبار و بەرپرسیار نییە لە هەزاران تاوان و گوناه و خیانەتێك کە مرۆڤی موسڵمان ئەنجامی دەدا بەڵکو خۆی تاوانبارەو بڕوای بە ئیسلام لاوازە یا بیَ باوەڕە، دەبیَ ئەو ڕاستیەش بزانین کە هەر موسڵمانێك لە پەنا ئایینی ئیسلام هەڵدەستیَ بەهەر تاوان و گوناهێك گەلیَ لەو گاورە تاوانبارترە کە بەهەمان تاوان و گوناە هەڵدەستی ، چونکە لە ڕێگەی هەندیَ ناوی ئیسلام بەد دەکا کە ئەوش گەورەترین خیانەت و تاوانە لەسەر ئەرز .

کۆتایی

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە لەو هەلأنەم خۆش بیّ کە لەو نووسینەم تێی کەوتووم ، خوای گەورە لە هەموو گوناهان خۆش دەبیّ (... إنه يغفر الـذنوب جميعاً انه هو الغفور الرحيم).

هەروەها داواکارم لە خوێنەری بەڕێز کە بە ووردی بەچاوی بیّ لایەنی و بەبیّ وەرز بوون و بە ئارامیەکی پێویست و بە دڵێکی فراوان و بە عەقڵێکی ڕۆناك ئەو نووسینەم بخوێننەوە بەر لەوەی هیچ ڕەخنە و تیرو توانجێك ئاراستەی هەست و نەستم بکا و بەبیّ زەبیانە بکەوتە دوام هەروەك زۆرکەس بەبیّ زەبیانە و بیّ بیرکردنەوە ئایینی ئیسلامی پیرۆز تیرە باران دەکەن لە ژێر پەرت و بیانگەی ئەو و تۆ کە هەرگیز فریان بەسەر ڕاستیەوە نییە. خۆ ئەگەر هینەکەی منیش وەك ئایینی ئیسلامی لیّ بەسەر هات و لەناو گەلی کورد ئەوە من لە هیچ کەس تورە نابم ،چونکە کە ئایینێك لە لای خوای گەورەوە بیّ کە داهێنەری گەردوون و گشت بوونەوەر و گیانلەبەرە لە نەبوو ، کەواتە من خۆم و نوسینەکەم چمەو دەبمە چی لەنێو ئەو خەڵکە لە چاو خوای گەورە (سبحانهُ وتعالى عما يقولون علواً كبيراً) و ئایینە پیرۆزەکەی کە ڕاستیەکی ڕەهایەو تەنها و تەنها سەرکەوتنی مرۆڤ لە دونیاو قیامەت بەستراوەتەوە بە پیتە جوانەکان و ڕاستەکان و کار پێکردنی وەك تاکە بەرنامە لە ژیانی مرۆڤ و ژیانی ئەرز تا ئەو ڕۆژە نەفخی صور لێدەدری و کۆتایی بە ژیان دیّ.

ئەو نووسینەم بۆ ئەوە نەنووسیوەکە خەڵك بانگهێشی ئیسلام بکەم و بۆ ئەوەی ببم بە (داعیە) ، واتە کەسێك کە خەڵك بانگهێش بکا بۆ ئایینی ئیسلامی پیرۆز ئیسلام ، گەڕانەوەیان لە ڕێگا چەوت و کوێرەکانی ژیان ووزگار کردنیان لە تاریکیەکانی ، بەڵکو مەبەستم تەنها ڕۆنکردنەوەی ڕاستی و بەرگریکردن لە ڕاستیە ، با ئەو ڕاستیەش دوژمنی خۆم بیّ . یەك لەو سیفەتە

جوانەکانی زاناو نووسەر و سەرکردە رۆشنبیرەکانی ئەورووپا و رۆژئاوا ئەوەیە کە چاکە و پیاوەتی و جوان مەردی دوژمنەکانیان ناشارنەوە و بۆخۆیان و بۆ خەڵکی تر بەدیاری دەخەن و تەنانەت ستایشیان دەکەن ، وەك ئێمە کورد نین ناحەزی و دوژمنایەتیمان لەگەڵ هەر کەسێ هەبێ رەوشت و هەڵسوکەوتە جوانەکانیشی بە خراپ لە قەڵەم دەدەین و دەیانشارینەوە ، تاکو ئەمرۆ رۆشنبیر و زانای ئەوتۆیان تێدایە کە مەدح و ستایشی (صلاح الدینی ئەیوبی) دەکەن، باس لە ئازایەتی و بەزەیی و رەوشت بەرزی ئەو دەکەن .

سەرکردەی بەناوبانگی ئینگلیزی (مۆنتی گۆمری) کە یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی نەخشە و پلانی جەنگ لە مێژوو ، لە چەندان شەری گەورە لە باکوری ئەفریقیا رووبەرووی سەرکردە بەناوبانگە مێژوویەکەی ئەلمانیا بۆوە کە ناوی (رۆمل) بوو ، وابزانم کەس نییە ناوی نەبیستبێ ، کەچی(مۆنتی گۆمری) لەناخی دڵیەوە ستایشی دەکا و ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ کە (هیتلەر) بە ناڕەوا کوشتی ، خۆزیای دەخواست کە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ژیان دا مابا و بەیەکەوە وەك دوو برادەری خۆشەویست جەنگی جیهانی دووەمیان نووسیباوە

بەراستی سیفەتێکی یەکجار جوان پێویستە بۆ مرۆڤ کە یاری راستی و دڵسۆزی راستی بێ تەنانەت بەرامبەر دوژمنەکانیشی . بەهۆی دوژمنایەتی نەچێ بەدڕەوشتی ئەوتۆیان بداتە پاڵ کە دوورن لێی ، کەچی

زۆر لە رۆشنبیرانمان بەبێ بیرکردنەوە و بەبێ لێکۆڵینەوە خەریکن گەورەترین و پیرۆزترین و راسترین بەرنامەی خوا تاوانبار بکەن .

وآخر دعواي الحمد لله رب العالمين .

برای بچوکتان

سەردار فەقێ حەسەن

٢٠١٠/٨/٩